# ئاشتی و سەقامگیری وەک کۆڵەگەیەک بۆ بونیادنانەوە و گەشەی ئابووری





سەرکەوتنی پرۆسەی پەرەپێدان و بونیادنانەوەی وڵاتی دوای شەڕ و تەنگژەکان، کارێکی ئاسان نییە، هەربۆیە کە لەوڵاتانی تازە پێگەیشتوو ئەم پرۆسەیە دەگاتە قۆناخێك و بەسەرکەوتوو یان نیمچە سەرکەوتوو دابنرێت، ئەوا جیهان بەسەرسامیەوە سەیری دەکات و، هەر ئەمەش وایکردووە سەرکەوتنی هەریەك لەم پرۆسانە وەك وانەیەکی تازە بۆ بونیادنانەوە و گەشەی ئابووری لەسەر ئاستی جیهان سەیر بکرێت، لەم چوارچێوەیەدا ئەگەر سەرنج لەئەزموونەکانی وڵاتانی هاوشێوەی سەنگافورا و کۆریای باشوور و تایوان و تاڕادەیەك مالیزیا بدەین، هەست دەکەین ئەم ئەزموونانە بەشێوەیەك لەشێوەکان خۆیان لەئەزموونی ژاپۆن و ئەڵمانیای ڕۆژئاوای دوای شەڕی دووەمی جیهانی جیا دەکەنەوە، هۆکاری ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە بەوەی سەرکەوتنی هەردوو پرۆسەی بونیادنانەوەی ئەڵمانیا و ژاپۆنی دوای شەڕ، ڕاستەوخۆ بەپشتیوانی ماددی و مەعنەوی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بووە، بۆ ژاپۆن ئەمریکا هەر لەنووسینەوەی دەستوورەکەی هەتا سەرکەوتنی پرۆسەکە هاریکاربووە و بۆ ئەڵمانیاش پرۆژەی مارشاڵ هەبووە، بەڵام ئەزموونەکانی دیکەی وەك کۆریای باشوور و تایوان و سەنگافورا، تەنیا ئیرادەی گەلەکانیان و لۆژیك و لێهاتوویی سەرکردە سیاسیەکانی خۆیانی لەپشتەوە بووە، بەپێچەوانەوە ئەو حکومەتەی لەساڵی ١٩٥٣ - ١٩٦١ لەکۆریای باشوور ڕاستەوخۆ لەلایەن ئەمریکاوە پشتگیری لێدەکرا، نەك هەر نەیتوانی هەنگاو بۆ سڕینەوەی ئاسەواری شەڕ لەکۆریای باشوور هەڵبگرێت، بەڵکو بارودۆخی وڵاتی بەرەو ئاراستەیەکی خراپتر بردبوو، ئەو کات کۆریای باشوور لەڕیزبەندی وڵاتانی جیهانی سێهەمدا لەدوای وڵاتانی گانا لەئەفریقیا دەهات، بەڵام دوای هاتنی پارك چانگ توانراوە بەبێ یارمەتی دەرەکی

**لەهەندێك وڵاتانی تازە پێگەیشتوو یان ئەو وڵاتانەی بەقۆناخی گواستنەوە تێدەپەڕن، کێشەکانی ئاسایش و نەبوونی سەقامگیری بۆتە هۆکاری ئەوەی دەوڵەتەکانیان لاواز بێت و نەتوانن پرۆسەی پەرەپێدان سەربخەن**

سەرلەنوێ کوریای باشوور بونیاد بنرێتەوە، پرۆسەی بونیادنانەوەی سەنگافورا و تایوانیش هەمان ئەو دوو پرۆسەیەن کە دوو مۆدیلی تازەیان لەبونیادنانەوەو سڕینەوەی ئاسەواری شەڕ لەوڵاتانی دوای تەنگژە و شەڕەکان بۆ پرۆسەی بونیادنانەوە زیادکردووە، لەبەر ئەوەی هەردوو پرۆسەکە دوو پرۆسەی تایبەتین بەهەردوو وڵاتی سەنگافورا و تایوان، لەوانەیە پرۆسەی پەرەپێدانی هۆنگ کۆنگیش گەلێك جار لەڕیزی پرۆسە سەرکەوتووەکانی ڕۆژهەڵاتی ئاسیا پۆلین بکرێت، بەڵام سەرکەوتنی هۆنگ کۆنگ بە بەراورد لەگەڵ سەرکەوتنەکانی سەنگافورا و تایوان و کۆریای باشوور، بەسەرکەوتنێکی لۆکاڵی گەلی هۆنگ کۆنگ یان چین هەژمار ناکرێت و زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ بەریتانیا کە ماوەی ١٠٠ ساڵ لەژێر دەستی بەریتانیا بووە.

ئاماژە کردن بەم ئەزموونانە وەك پرۆسەی بونیادنانەوەی وڵاتانی دوای شەڕ، بەرەو ئەوەمان دەبات بپرسین چۆن ئەو ئەزموونانە سەرکەوتوون و بۆچی بەدەیان ئەزموونی دیکە لەوڵاتانی دیکەی جیهانی سێهەم شکستیان هێناوە؟ چۆن وڵاتانێکی وەك سەنگافورا و تایوان و کۆریای باشوور، کە هەتا کۆتایی شەستەکانی ڕابردوو لەڕیزبەندی دواوەی وڵاتانی جیهانی سێهەم بوون، بەڵام لەهەشتاکانی سەدەی ڕابردووەوە وەك دەوڵەتانی جیهانی یەکەم لەقەڵەم دەدرێن؟ وەڵامی ئەم پرسیارە ئەگەر لەو ڕوانگەیەکەوە بەوە وەڵامبدرێتەوە کە هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە پرۆسەی پەرەپێدان و ئابووری بازاڕ هۆکاری ئەو سەرکەوتنەن، بەڵام بەدیوێکی دیکە دەگەڕێتەوە بۆ بوونی سەقامگیریی سیاسیی و ئاسایش لەو وڵاتانە و ئەو سەقامگیرییە سیاسیی و ئاسایشە زەمینەیەکی لەباری دروستکردووە بۆئەوەی ئەو سەرکەوتنە بەدەست بێت، سەبارەت بەم لایەنە خاتوو لۆرا جاجیلاردۆن چالاکوان لەبوارەکانی پەرەپێدان و ئەندامی ڕێکخراوی قازانج نەویستەکان لەئەفریقیا و باشووری ئاسیا و ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست و تایبەتمەند لەبوارەکانی پەرەپێدان، لەیەکێك لەتوێژنەوەکانیدا بەناویشانی (ئاسایش و حکومڕانی باش لەوڵاتانی تازە پێگەیشتوو) نووسیویەتی: (لەهەندێك وڵاتانی تازە پێگەیشتوو یان ئەو وڵاتانەی بەقۆناخی گواستنەوە تێدەپەڕن، کێشەکانی ئاسایش و نەبوونی سەقامگیری بۆتە هۆکاری ئەوەی دەوڵەتەکانیان لاواز بێت و نەتوانن پرۆسەی پەرەپێدان سەربخەن، هۆکاری ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە ئەو دەوڵەتانە نەیانتوانیوە هێزەکانی

**پرۆسەی بونیادی دیموکراتی و پرۆسەی پەرەپێدان لەخۆڕا سەرکەوتوو نابن و، سەرکەوتنی ئەو دوو پرۆسەیە پێویستی بەبونیادی ژێرخانێکە هەتا بتوانرێت ئەو پرۆسەیەی لەسەر بونیاد بنرێت**

ئاسایشی خۆیان ڕێکبخەن و بەشێوەیەکی شەفافانە کاربکەن و ئاسایش و سەقامگیری فەراهەم بکەن.. هەربۆیە لەزۆبەی وڵاتانی تازە پێگەیشتوو پێویستە سەرلەنوێ ئەم بوارە ڕێکبخرێتەوە، ڕاستە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هاوکاری وڵاتانی تازە پێگەیشتوو لەم بوارە دەکات، بەڵام لەیارمەتیەکانی ئەمریکا گرنگتر ئەوەیە کە کارمەندانی ئەم بوارە فێربکرێن و مەشق و ڕاهێنانیان پێبکرێت، لەبەر ئەوەی هەتا دامەزراوەکانی ئاسایش بەهێز نەکرێن، ئەوا هەتاسەر یارمەتیەکانی ئەمریکا کاریگەری نابێت...ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئەگەر ئەو یارمەتیانەی ئەمریکا دەیدات لەگەڵ توانا لۆکاڵییەکان پێکەوە گرێنەدرێنەوە، ئەوا هیچ کاریگەریەکی نابێت. ئەم لایەنە وەك پێویستیەك فەرزی دەکات بەوەی پێویستە هەر ستراتیژییەك بۆ سەقامگیری دابنرێت دەبێت هۆشیارکردنەوەی هاووڵاتیان و ئاسایشی کۆمەڵگە دوو توخمی سەرەکی بن، بۆئەوەی بتوانرێت یاسا سەروەر بێت و هەنگاو بۆ حکومڕانی باش هەڵبگیرێت).

ئەوەی خاتوو لۆرا وەك پسپۆرێکی مەیدانی لەناو کێشەکانی پەرەپێدانی وڵاتانی تازە پێگەیشتوو و قۆناخی گواستنەوە ئاماژەی پێکردوون، بەرەنجامی ئەو واقیعانەیە کە ئەو وەك پسپۆرێك لەناوچە جیاجیاکانی جیهان لەگەڵیان ژیاوە و هەستی پێیان کردووە، ئەوجا گەیشتۆتە ئەو قەناعەتەی کە گەورەترین ئاستەنگ لەبەردەم سەرنەکەوتنی پرۆسەی پەرەپێدان نەبوونی سەقامگیری کۆمەڵگەیە، ئەم لایەنە گرنگە کە زیاتر ئەو پسپۆرانە ئاماژەی پێدەکەن کە بەشێوەیەکی پراکتیکی لەسەر ئەم پرسانە کاردەکەن، دەمانباتەوە بۆئەوەی کە بەدوای ئەو پرسیارە بگەڕێن چۆن ئاشتی کۆمەڵایەتی و مەترسی تیرۆر و ناسەقامگیری کۆمەڵگە چارەسەر دەکرێت؟ بێگومان توێژینەوە تازەکان لەماوەی ١٠ ساڵی ڕابردوو ئاشتی و ئاسایشی کۆمەڵگە بە بەردی بناخەی سەرکەوتنی پرۆسەکە و

هەنگاو هەڵگرتن بۆ حکومڕانی باش لەقەڵەم دەدەن، لەمبارەوە پرۆفیسۆر گاریس ئیڤانس سەرۆکی ڕێکخراوی قەیرانە نێودەوڵەتیەکان لەموحازەرەیەکدا لەزانکۆی نەتەوەیەکگرتووەکان لەتۆکیۆ و لەباسێکدا بەناونیشانی (ئاشتی و ئاسایش و حکومڕانی باش) هەڵوەستە لەسەر ئەم لایەنە دەکات و بوارە جیاجیاکانی ئاسایش بەهەوێنی بڕیار دروستکردن و هەنگاو هەڵگرتن بۆ حکومڕانی باش وەسف دەکات، کە لەم باسەدا پرۆفیسۆر ئیڤانس حکومەتی باش وەك هاوتای حکومڕانی باش وەسف دەکات و لەمبارەوە لەموحازەرەکەیدا بەمجۆرە هەڵوەستەی لەسەر ئەم لایەنە کردووە و وتوویەتی: (ئەگەر لەسەر ئاستی لۆکاڵ و ئیقلیمی و نێودەوڵەتی، سەیری ئەوە بکەین و بپرسین خواستەکانی خەڵك چین و خەڵك چی لەحکومەتەکانی دەوێت؟ هەست دەکەین جیاوازییەکی گەورە بەدی ناکەین و دەزانین خەڵك چی دەوێت، بۆیە گرنگە ئەو بڕیارانەی دەدرێن و کاریگەریان لەسەر ژیانی خەڵك هەیە، بڕیار گەلێکبن لەپێناوی خۆش گوزەرانی خەڵك بن، ئەوجا بڕیارەکە لۆکاڵ بێت یان ئیقلیمی یان نێودەوڵەتی).

گاریس ئیڤانس وەك خۆی ئاماژەی بەئەزموونی خۆی لەبواری حکومەت و حکومڕانی کردووە، ئەو بەپێی ئەزموونی خۆی پێنج خاڵی سەرەکی بۆ خۆشگوزەرانی کۆمەڵگە و حکومڕانی باش دیاریکردووە، کە ئەم پێنج خاڵە پێکەوە بەبنەمای خۆشگوزەرانی هەر کۆمەڵگەیەك لەقەڵەم دەدات، کە ئەمانەن:

١- ئاسایشی نەتەوەیی: ئازادبوون لەمەترسی کێشە و تەنگژە سەربازییەکان، ئەمەش بەو مانایەی پێویستە دەوڵەت نە هەڕەشەبێت بۆسەر دراوسێکانی و نەهەڕەشە بێت بۆ سەر ئاشتی و ئاسایشی ناوچەکە و جیهان، هەمیشە سوپایەکی گەورەی مۆڵ دابێت و چاوەڕێی هێرشکردن یان بەرپەرچدانەوە بێت، بۆیە پرۆفیسۆر ئیڤانس ئاسایشی نەتەوەیی بەئازادبوون لەکێشەو تەنگژە سەربازییەکان پێناسە دەکات.

٢- ئاسایشی کۆمەڵگە: ئەمەش واتە چەسپاندنی دڵنیایی لەکۆمەڵگە و دوورخستنەوەی مەترسی توندوتیژی و تیرۆر و چەسپاندی یاسا و نیزام و بونیادی دەسەڵاتێکی دادوەری شایستە.

٣- ئاسایشی تاکە کەس: واتە تاك بەئازادی بتوانێت بەحکومەتی خۆی بڵێت چی دەوێت، هەروەها بوارەکانی داهات و کار و دابینکردنی یەکەی نیشتەجێ و چاودێری تەندروستی و بوارەکانی هەلی فێربوون، بۆ تاك دەستەبەر کرابێت بۆئەوەی لەژیانی خۆی دڵنیا بێت.

٤- ئاسایشی ژینگەیی، ئەمەش واتە هاووڵاتیان هەست بەدڵنیایی بکەن لەو ژینگەیەی تێیدادەژین و کاری تێدادەکەن و دەیانەوێت بەخۆشی ژیانی تێدا بەسەر بەرن.

٥- ئازادی تاکە کەس: ئەمەش واتە ئازادی سەفەرکردن، ئازادی قسەکردن و ڕادەربڕین، ئازادی کۆڕ و کۆبوونەوە، ژیان بەبێ جیاوازی نەتەوەیی و ئایینی، بەشداریکردنی هاووڵاتیان لانی کەم لەهەڵبژاردنی ئەوانەی بڕیار دروست دەکەن و بڕیارەکانیان کاریگەری لەسەر ژیانی هاووڵاتیان هەیە.

ئەگەر سەرنج لەم پێنج خاڵە بدەین، هەست دەکەین ئەم پێنج خاڵە، خاڵە هاوبەشەکانی نێوان کۆمەڵگەکانی جیهانن بەبێ لەبەر چاوگرتنی تایبەتمەندی هەر کۆمەڵگەیە و هەر دەوڵەتێك یان حکومەتێك بتوانێت ئەم خاڵانە

**بنەمای سەرەکی بۆ حکومڕانی باش ئەوەیە کە دەوڵەت توانای ئەوەی هەبێت لەناوخۆیدا ئاشتی سەقامگیری دروست بکات و لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و ئیقلیمیش کێشەکانی بەئاشتی چارەسەر بکات**



**گەورەترین ئاستەنگ لەبەردەم سەرنەکەوتنی پرۆسەی پەرەپێدان نەبوونی سەقامگیری کۆمەڵگەیە**

**پرۆسەی هەڵبژاردن چەند پاك و بێگەرد بێت، ناتوانێت دیموکراتی بەرهەم بهێنێت، ئەگەر لەسەر ژێرخانێکی لیبرالی بونیاد نەنرێت**



لەکۆمەڵگەی خۆی جێبەجێ بکات، ئەوا هەنگاو بەرەو حکومڕانی باش هەڵدەگرێت، ڕاشکاوانەتر پرۆفیسۆر گاریس ئیڤانس بەو جۆرە ئەم لایەنە دەردەبڕێت و دەڵێت: (بوونی تواناو ئیرادە بۆ گەیشتن بەوەی ئەم خاڵانە جێبەجێ بکرێن، ئێمە پێی دەڵێن حکومڕانی باش، حکومڕانی باشیش تاڕادەیەکی زۆر هاوتای دەربڕینی حکومەتی باشە)).

ئەم لایەنە کە زۆر جار وەك هاودژییەك لەگەڵ پرۆسەی دیموکراتی، بەو مانایە دیموکراتی تەنیا کورتبکرێتەوە بۆ سندوقی دەنگدان دروست دەکات، هۆکارە سەرەکیەکەی ئەوەیە کە پرۆسەی بونیادی دیموکراتی و پرۆسەی پەرەپێدان لەخۆڕا سەرکەوتوو نابن و، سەرکەوتنی ئەو دوو پرۆسەیە پێویستی بەبونیادی ژێرخانێکە هەتا بتوانرێت ئەو پرۆسەیەی لەسەر بونیاد بنرێت، ئەو ژێرخانەش بونیادی ئاشتی و سەقامگیری کۆمەڵگەیە، نەبوونی ئاشتی و سەقامگیری کۆمەڵگە، وەك فەرید زەکەریا سەرنووسەری گۆڤاری نیوزویك و پێشکەشکاری بەرنامەی گلۆباڵ ئیکسچەینج لەکەناڵی CNN، لەکتێبە بەناوبانگەکەی (ئایندەی ئازادی) ئاماژەی پێکردووە، نەبوونی دەستوورێکی مەدەنی بۆ دابینکردنی ئاشتی و سەقامگیری لەکۆمەڵگە ئایندەی ئازادی دەخاتە مەترسیەوە، مەبەستی فەرید زەکەریاش لەدروستبوونی مەترسی لەسەر ئازادی، بەشێوەیەکی گشتی نەتوانینی جێبەجێکردنی ئەو پێنج خاڵەیە کە گاریس ئیڤانس ئاماژەی پێکردووە، لێرەوە فەرید زەکەریا دیموکراتی و لیبرال دیموکراتی لێك جیادەکاتەوە و بونیادی سیستمی لیبرالی دەکاتە ژێرخانێك بۆئەوەی دیموکراتی لەسەر بونیاد بنرێت، بەپێچەوانەوە ڕای زەکەریا بەو شێوەیەیە کە ئەگەر ئەو ژێرخان لیبرالیە بوونی نەبێت کە خۆی لە(ئاشتی و سەقامگیری کۆمەڵگە دەبینێتەوە)، ئەمەش بەو مانایەی سیستمێك نەتوانێت ئاشتی و سەقامگیری دابین بکات، ئەوا پرۆسەس لیبرال دیموکراتی دەگۆڕێت بۆ ئیللیبرال دیموکراتی (Illiberal Democracy)، ئەمەش مانای ئەوەیە پرۆسە دیموکراتیەکە نەخۆشە یان پرۆسەکە تەنیا دیموکراتیە و ژێرخانێکی لیبرالی نییە، بۆیە لەم ڕاستەوە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، پرۆسەی هەڵبژاردن چەند پاك و بێگەرد بێت، ناتوانێت دیموکراتی بەرهەم بێنت، ئەگەر لەسەر ژێرخانێکی لیبرالی بونیاد نەنرێت، بێگومان ژێرخانی لیبرالیش بوونی سەروەریی یاسا و دابینکردنی ئازادییەکان و ئاسایشی کۆمەڵگەیە، لەم ڕاستەوە ئەگەر سەرنج لەمێژووی دەوڵەتانی لیبرال دیموکراتی بدەین، هەست دەکەین لەناوەڕۆکدا بونیادی دەوڵەتی یاسایە نەك دەوڵەتی دیموکراتی، تەنانەت جۆن ئادەمز یەکەم جێگری سەرۆك و دووەم سەرۆکی ئەمریکا لە ساڵی ١٧٦٦ بانگێشتی بۆ ئەوەکردووە کە ئەوانە نەتەوەیەکن دەیانەوێت قانون حکومڕانیان بکات نەك کەسێك، مەبەستیش لەم بانگێشەی ئادەمز ئەوەیە ئەمریکا لەسەر بنەمای دەوڵەتی قانون بونیاد دەنرێتەوە، ئەمەش هەمان ناوەڕۆکی پرۆژەی ئاشتی هەمیشەیەکەی کانتە کە داوا دەکات ئەگەر دەوڵەتەکان بەیاسا حکومڕانی بکرێت نەك لەلایەن تاکە کەسەوە، ئەوا خەڵك یان هاووڵاتی ئەو دەوڵەتە حەزیان لەشەڕ نابێت و درەنگ دەگەنە ئەوەی بڕیاری شەڕ بدەن، ئەمە پێچەوانەی دەوڵەتە دیکتاتۆرییەکانە کە خواستی یەك تاکە کەس هەموو نەتەوە ڕاپێچی شەڕ دەکات، ئەم حاڵەتە بەدرێژایی ٢٠٠ ساڵ بۆتە ئەو شانازییەی کە دەوڵەتانی لیبرال دیموکراتی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان لانی کەم لەگەڵ دەوڵەتانی هاوشێوەی خۆیان پەنا بۆ شەڕ نابەن، لێرەوە ئەگەر بگەڕێینەوە خاڵی یەکەمی ئەو پێنج خاڵەی گاریس ئیڤانس وەك بنەمایەکی گشتی بۆ حکومڕانی باش دیاریکردووە و بەئاسایشی نەتەوەیی ناوی بردووە، ئەو ئاسایشی نەتەوەیی وەك دابینکردنی ئاشتیەکی هەمیشەیی بە دوورخستنەوەی مەترسی کێشە سەربازییەکان ناوزەد کردووە، ئەمەش مانای ئەوەیە بنەمای سەرەکی بۆ حکومڕانی باش ئەوەیە کە دەوڵەت توانای ئەوەی هەبێت لەناوخۆیدا ئاشتی سەقامگیری دروست بکات و لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و ئیقلیمیش کێشەکانی بەئاشتی چارەسەر بکات.

**ئاشتی و سەقامگیری لە هەرێمی کوردستاندا**

بۆ گەلی کوردستانیش هاوشێوەی گەلی ئەمریکا جێگەی شانازییەکی مێژووییە کە بەرێز

**پرۆسەی بونیادی دەوڵەتی یاسا پرۆسەیەکی درێژخایەنە و پێویستی بەئیرادە و تواناو هەستکردن بەپێداویستی ئەو هەنگاوانە هەیە کەبەرەو دەوڵەتی یاسامان دەباتەوە**

مسعود بارزانی پێش ئەوەی وەك سەرۆكێكی هەڵبژێردراو ببێتە سەرۆكی هەرێمی كوردستان، لەدەسپێكی ڕاپەڕیندا بانگێشەی بۆ ئەوەكردووە ئێمە دەمانەوێت دەوڵەتی قانوون دابمەزرێنین، ئەمە ڕاشكاوانە وەك خۆشی لەساڵی ١٩٩١ وەك سەرۆكی بەرەی كوردستانی بەگەلی كوردستان ڕایگەیاندووە، كەوا نەخۆیی و نەسەركردەكانی دیكەی ناو بەرەی كوردستانی نایەنەوێت لەكوردستاندا شەخس یان حزب حكومڕانی بكات، بەڵكو دەیانەوێت گەلی كوردستان لەسایەی حكومی یاسادا خۆی نوێنەری خۆی هەڵبژێرێت و نوێنەرەكانی مۆڵەت بدات بۆئەوەی حكومڕانی بكەن، بەڵام پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە ئایا لەگەڵ ئەم بانگێشەیە توانراوە بەمانای وشە هەرێمی كوردستان بكرێتە دەوڵەتی یاسا؟ لەوەڵامی ئەم پرسیارەدا ناتوانین بڵێین بەڵێ، لەبەر ئەوەی دەوڵەتی یاسا بەرەنجامی خواست و ئیرادەی خەڵكە و پرۆسەیەكە بەردەوام لەپێشكەوتندایە، تەنانەت لەدوای بانگێشەكەی جۆن ئادەمزەوە لەساڵی ١٧٦٦ هەتا ساڵی ١٩٦٦ كە ٢٠٠ ساڵی تەواو دەكات، ئەمریكا بەمانای وشە نەبۆتە ئەو دەوڵەتەی كە پێی بگوترێت دەوڵەتی یاسای تەواو و تەنانەت لەساڵی ١٩٧١ كە بۆ جاری دووەم نیكسۆن هەڵبژێرایەوە و پاشان كارەساتی واتەر گێتی لێكەوتەوە، لەلوتكەی ئیدارەی ئەمریكادا كە سەرۆكی وڵاتە یاسا پێشێلكرابوو، لەمەش گرنگتر هەتا شەستەكانی سەدەی ڕابردوو جیاكاری ڕەگەزی لەئەمریكا بوونی هەبووە، ئاماژە كردن بۆ ئەو باكگراوەندە، بۆ ئەوەنییە پاكانە بۆ پێشێلكاریی یاسایی لەكوردستان بێنینەوە، بەڵكو مەبەست ئەوەیە پرۆسەی بونیادی دەوڵەتی یاسا پرۆسەیەكی درێژخایەنە و پێویستی بەئیرادە و تواناو هەستكردن بەپێداویستی ئەو هەنگاوانە هەیە كەبەرەو دەوڵەتی یاسامان دەباتەوە، بۆیە پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا ئەو ئیرادە و توانا و نییەتە لای سەرۆكی كوردستان و پەرلەمان و حكومەت هەیە؟ بێگومان ئەو ئیرادەیە هەستی پێدەكرێت و باشترین ئاماژەش بۆ بوونی ئەو ئیرادەیە، ئەوەیە كە تێكڕای ماس میدیاكانی كوردستان بەمیدیاكانی پارتی و یەكێتیشەوە لەسەر بنەمای بەراوردكردنی واقیعی ئێستای هەرێمی كوردستان بەواقیعی نموونەیی دەوڵەتی یاسا، ڕەخنە لەسەرۆكایەتی هەرێم و پەرلەمان و حكومەت دەگرن، ئەم سێ دەسەڵاتەش كە لوتكەی هەرەمی دەوڵەت و دەسەڵات لەهەرێمدا پێكدەهێنن، بەسنگ فراوانییەوە ڕەخنەكان قبوڵ دەكەن و زۆر جاریش وەك هەڵوێست وەرگرتنێك بەرامبەر هەندێك ڕەخنە ئەو سێ دەسەڵاتە خۆیان پەنا بۆ یاسا دەبەن، بەڵام دیسان پرسیاری گرنگ ئەوەیە، ئایا ئەمە مانای ئەوەیە هەرێمی كوردستان بۆتە دەوڵەتی یاسا؟ بێگومان دیسان دەڵێین نەخێر لەبەر ئەوەی ئامانجی دەوڵەتی یاسا ئامانجی پاراستنی ئازادی و مافەكانە، هەتا ئەم ئامانجەش ئامانجی سەرەكی بێت، ئەوا ئەم پرۆسەیە لەبەردەوامی و پێشكەوتندا دەبێت، بەڵام ئەوەی جێگەی ئومێد و خۆشحاڵیە كە هەنگاوەكان بەردەوامن و خەڵك و تاكی هەرێمی كوردستان بەردەوام ڕەخنە لەبڕیار دروستكەران دەگرن، گەیشتن بەم ژینگەیە كە ئێستا لەكوردستاندا بوونی هەیە، مانای ئەوەیە تواناو ئیرادەیەك هەیە بۆئەوەی هەوڵ بۆ جێبەجێكردنی ئەم هەنگاوانە بدات. بەڵام دیسان ئەمەش بەو مانایە نییە كە ئەو هەنگاوانە یان ئەو خاڵانەی ئاماژەمان پێكردن كەموكورتیان نییە، بەڵكو بەو مانایەیە كە هەنگاوەكان دەچنە پێشەوە و ساڵ لەدوای ساڵ كەموكورتیەكانیان باشتر چارەسەر دەكرێت.

## سەقامگیری وەك فاكتەرێك بۆ سۆپەر گەشەی ئابووری

گرنگی سەقامگیری و ئاشتی بۆ دەوڵەتانی تازە پێگەیشتوو یان ئەو دەوڵەتانەی بەقۆناخی ئینتیقالی تێدەپەڕن، جیاوازە لەو دەوڵەتانەی كە بەدەوڵەتانی جیهانی یەكەم یان دەوڵەتانی ڕۆژئاوا، هەر بۆیە لەم ڕاپۆرتە مەبەستمان لەسەقامگیری تەنیا بۆ دەوڵەتانی تازە پێگەیشتوو و قۆناخی ڕاگواستنە وەك هەرێمی كوردستان، بۆیە لەم چوارچێوەیەدا بەگەڕانەوە بۆ توێژینەوە ئەكادیمیەكان،

**ئامانجی دەوڵەتی یاسا ئامانجی پاراستنی ئازادی و مافەکانە. هەتا ئەم ئامانجەش ئامانجی سەرەکی بێت. ئەوا ئەم پرۆسەیە لەبەردەوامی و پێشکەوتندا دەبێت**

**مسعود بارزانی پێش ئەوەی وەك سەرۆكێكی هەڵبژێردراو ببێتە سەرۆكی هەرێمی كوردستان. لەدەسپێكی ڕاپەڕیندا بانگێشەی بۆ ئەوەكردووە ئێمە دەمانەوێت دەوڵەتی قانوون دابمەزرێنین**

سەبارەت بەكاریگەری سەقامگیری سیاسی لەسەر گەشەپێدانی ئابووری، پرۆفیسۆر ڕانمالی ئەبی یاسینغا لەزانكۆی ئیلینۆس لەتوێژینەوەیەكدا بەناونیشانی: (دیموكراسی و سەقامگیری سیاسی و گەشەی ئابووری لەوڵاتانی تازە پێگەییشتوو- تیۆر و بەڵگە) جەختی لەسەر ئەوە كردۆتەوە لەگەڵ ئەوەی توێژینەوەكانی پێشتر جەختیان لەسەر ئەوە كردۆتەوە كە پێوەندییەكی بەهێز لەنێوان دیموكراتی و گەشەی ئابووری هەیە بە بەراورد لەگەڵ دەوڵەتە نادیموكراتیەكان، بەڵام نموونەكانی دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی ئاسیا وەك كۆریای باشوور و تایوان و سەنگافورا و هۆنگ كۆنك، ئاماژە بەوە دەكەن سەقامگیری سیاسی بەبێ لەبەر چاو گرتنی ئاستەكانی دیموكراتی كاریگەرییەكەی ئەوتۆی لەسەر گەشەی ئابووری ئەو وڵاتانە هەبووە كە دەكرێت پێی بگوترێت سۆپەر گەشەی ئابووری، ئەم بۆچوونە لەگەڵ ئەوەی لەسەر ئاستی تیۆری ڕووبەڕووی ڕەخنەی زۆر دەبێتەوە، بەڵام بەڵگەكانی دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی ئاسیا ڕوویەكی دیكە دەردەخەن، ئەمڕۆش لەسەر ئاستی جیهان سەقامگیری و ئاشتی كۆمەڵایەتی وەك فاكتەرێكی گرنگی سەركەوتنی پرۆسەی پەرەپێدان و حكومڕانی باش سەیر دەكرێت.

لەم چوارچێوەیە كە وەك پرۆفیسۆر گاریس ئیڤانس ئاماژەی پێكردووە حكومڕانی پێویستی بەحكومەتی باشە، پرسیار ئەوەیە تاچەند حكومەتی هەرێمی كوردستان بەشێوەیەكی گشتی و كابینەی حەوتەمی حكومەتی هەرێمی كوردستان توانیویەتی لەسەر زەمینەی ئەو سەقامگیرییەی لەكوردستاندا فەراهەمكراوە، توانیویەتی هەنگاو بۆ سەقامگیری سیاسیی هەڵبگرێت؟ بێگومان وەڵامی ئەم پرسیارە دەمانگێڕێتەوە بۆ شێوازی حكومڕانی نێچیرڤان بارزانی كە لەكابینەی پێنجەم و كابینەی حەوتەم هەردوو جار مەرجی سەقامگیری سیاسی و ئاشتی كۆمەڵایەتی كردۆتە فاكتەری سەرەكی هەڵسوڕانی

**نێچیرڤان بارزانی وەك سەرکردەیەکی لێهاتوو و پیاوێکی دەوڵەتمەدار گەیشتۆتە ئەو قەناعەتەی کە بەبێ ئاشتی و سەقامگیری کۆمەڵگە بەرنامەی حکومەت چەند باش و ڕێکوپێك بێت، ئەوا ناتوانێت سەرکەوتن بەدەست بهێنێت**

بەرنامەی حکومەتەکەی، بۆیە ئەم هەنگاوەی نێچیرڤان بارزانی ئەوەمان بیردەخاتەوە کە ئەو وەك سەرکردەیەکی لێهاتوو و پیاوێکی دەوڵەتمەدار گەیشتۆتە ئەو قەناعەتەی کە بەبێ ئاشتی و سەقامگیری کۆمەڵگە بەرنامەی حکومەت چەند باش و ڕێکوپێك بێت، ئەوا ناتوانێت سەرکەوتن بەدەست بهێنێت، بۆیە لەدەسپێکی کابینەی پێنجەمدا کە سەرەتای یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەی هەولێر و سلێمانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بوو، نێچیرڤان بارزانی توانی زەمینییەکی ئەوتۆ بڕەخسێنێت کە پارتی و یەکێتی پێکەوە بتوانن حکومڕانی بکەن، ئەم هەنگاوەی نێچیرڤان بارزانی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی بەئاستی سەرسوڕهێنەر سەیر کرا، لەبەر ئەوەی لەناوچەیەکی نامۆ بەدیموکراتی و لەوڵاتێکی وەك عێراق کە ئەو کات و ئێستاش زیاتر لەدەوڵەتێکی فاشیل نزیکە، سەرکردەیەکی لێهاتوو هەیە و دەتوانێت لەناو کێشەو تەنگژەکاندا سەقامگیری سیاسی دروست بکات، ئەو هەنگاوەی نێچیرڤان بارزانی بەدروستکردنی زەمینەی ئاشتی و سەقامگیری لەکوردستان چەندین دەسکەوتی گرنگی بۆ شێوازی حکومڕانی لەکوردستان و ناوچەکە هێنایە ئاراوە لەوانە:

١- لەکابینەی پێنجەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا، هەرێمی کوردستان توانی کوردستان بکاتە زۆنێکی گەورەی وەبەرهێنان و بەدەیان و سەدان کۆمپانیای بیانی هاتنە کوردستان و سەرمایەی خۆیان خستە گەڕ.

٢- سەرکەوتنی ئەم هەنگاوە بووە هاندەرێك بۆئەوەی سەرنجی زۆربەی وڵاتانی جیهان ڕابکێشێت و کونسوڵخانەی خۆیان لەهەولێری پایتەخت بکەنەوە، کە گرنگترینیان کردنەوەی کونسوڵخانەی تورکیا بوو لە هەولێر، هەروەها زیاد لەمەش زۆر لەو ڕێکخراوەکانی UN و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان کەبەهۆی باری نائارامی عێراق بارەگاکانیان لەعەممانی پایتەختی ئوردون بوو، پاش ئەوەی لەسەقامگیری کوردستان دڵنیا بوون، نووسینگەیان لەهەولێر کردەوە.

٣- لەکابینەی پێنجەمدا بۆ یەکەمجار لەمێژووی کوردستاندا، حکومەتی کوردستان توانی وەبەرهێنان لەکەرتی نەوت و گاز بکات و هەرێمی کوردستان بخاتە سەر نەخشەی جیهانی وزە و نەوت و گازی کوردستان هەناردەی دەرەوە بکات.

ئەم سێ هەنگاوە کە دەکرێت بەسێ هەنگاوی گرنگ و مێژوویی لەمێژووی حکومڕانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و پرۆسەی دیموکراتی ناوچەکە هەژمار بکرێت، هانی زانکۆی واشنتۆن - جیفرسۆنی دا، وەك تەقدیرێك بۆ هەوڵەکانی سەرۆك وەزیرانی کوردستان و لێهاتوویی بۆ ئەو وەرچەرخانە سیاسی و ئابوورییەی لەناوچەیەکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دروستی کردووە، دکتۆرای فەخری ببەخشێتە بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، کە یەکەمین کەس بوو ئەو بڕوانامەیەی پێ ببەخشرێت و هاووڵاتیەکی ئەمریکی نەبێت، هەربۆیە ئەو کات ئێمە وەك گۆڤاری گوڵان پێوەندیمان بەخاتوو هاری تۆری سمیس سەرۆکی زانکۆی واشنتۆن - جیفرسۆن کردو لێمان پرسی بۆ بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتەکەی ئێمەتان بۆ ئەم بڕوانامە فەخرییە دەسنیشان کردووە؟ لەوەڵامدا خاتوو هاری سمیس سێ هۆکاری دەسنیشانکرد کە بریتی بوون لە: (یەکەم: لەبەر ئەوەی نێچیرڤان بارزانی توانیوویەتی پێکەوە کارکردنی نێوان پارتی و یەکێتی ئیدارە بدات، دووەم: لەبەر ئەوەی لەبەشێکی وڵاتێکی وەك عێراقدا نێچیرڤان بارزانی سەرۆکایەتی حکومەتێك بکات کە هەنگاوی بەرەو دیموکراتی هەڵگرتووە و توانیوویەتی گەشەی ئابووری لەو هەرێمە دروست بکات، سێهەم:

**لەکابینەی پێنجەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا، هەرێمی کوردستان توانی کوردستان بکاتە زۆنێکی گەورەی وەبەرهێنان و بەدەیان و سەدان کۆمپانیای بیانی هاتنە کوردستان و سەرمایەی خۆیان خستە گەڕ**

**لەکابینەی پێنجەمدا بۆ یەکەمجار لەمێژووی کوردستاندا، حکومەتی کوردستان توانی وەبەرهێنان لەکەرتی نەوت و گاز بکات و هەرێمی کوردستان بخاتە سەر نەخشەی جیهانی وزە و نەوت و گازی کوردستان هەناردەی دەرەوە بکات**

لەبەر ئەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان هاوپەیمانی ئەمریکایە).

گەڕانەوە بۆ ئەم باکگراوەندە، ئاماژە کردنە بۆ کاریگەری ئاشتی و سەقامگیری لەسەر پرۆسەی حکومڕانی، هەربۆیە کاتێك بۆ جاری دووەم بەڕێز نێچیرڤان بارزانی لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردستانەوە کاندید کرایەوە بۆئەوەی سەرۆکایەتی کابینەی حەوتەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان وەربگرێتەوە، خەڵك چاوەڕێی ئومێدێکی گەورەیان لێدەکرد بەوەی بتوانێت جارێکی دیکە سەقامگیری سیاسی و ئاشتی بگێڕێتەوە ناو کۆمەڵگە و سەرلەنوێ لەپرۆسەی ڕاسپاردنی بۆ پێکهێنانی حکومەت، پێوەندیی نێوان لایەنە سیاسییەکان جیا بکاتەوە، ئەوەی لەم کابینەیە نێچیرڤان بارزانی هەنگاوی بۆ هەڵگرتووە، دەکرێت بەچەند خاڵێك ئاماژەی پێبکەین:

١- نێچیرڤان بارزانی لەکابینەی پێنجەم لەشێوازی پێکەوە کارکردنی هاوپەیمانی پارتی و یەکێتی سەرکەوتوو بوو، بەڵام لەکابینەی حەوتەم زەمینەی بۆ ئەوە ڕخساندووە پارتی و یەکێتی پێکەوە مامەڵەیەکی دیموکراتیانە لەگەڵ لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆن بکەن، ئەوەی ئەوان پێشنیاری دەکەن وەك بەرنامە، حکومەت بەگیانیکی نیشتمانی مامەڵەی لەگەڵ بکات و هەوڵبدرێت بەرنامە و پێشنیارەکانی ئۆپۆزسیۆن لەچوارچێوەی بەرنامەی حکومەت جێی بکرێتەوە و جێبەجێ بکرێت.

٢- لەکابینەی حەوتەمدا ئاراستەی گشتی بەرنامەی حکومەت بەو جۆرەیە کە ئەم کابینەیە سیمای حکومەتی خەڵك وەربگرێت، ئەمەش نەك بەو مانایەی حکومەت تەنیا وەڵامی خواست و داواکارییەکانی خەڵك بداتەوە، بەڵکو گوێ لەپێداویستیەکانی خەڵك بگرێت و پێداویستیەکانی خەڵك بکاتە بەرنامەی حکومەت و هەوڵبدات جێبەجێیان بکات.



**نێچیرڤان بارزانی لەکابینەی پێنجەم لەشێوازی پێکەوە کارکردنی هاوپەیمانی پارتی و یەکێتی سەرکەوتوو بوو، بەڵام لەکابینەی حەوتەم زەمینەی بۆ ئەوە ڕخساندووە پارتی و یەکێتی پێکەوە مامەڵەیەکی دیموکراتیانە لەگەڵ لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆن بکەن**

**٣-** لایەنێکـــی دیکەی هەوڵەکانی نێچیرڤان بارزانـــی وەك بەرنامەی کابینەی حەوتەمی حکومەتی هەرێمی کوردســـتان، پیشاندانی ئامادەباشـــی حکومەتە بۆئەوەی ملکەچی چاودێری و لێپرسینەوەی پەرلەمانی کوردستان بێت و پەرلەمان وەك دامەزراوەیەکی چاودێری بەشێوەیەکی پراکتیکی چاودێری کارەکانی حکومەت بکات، ئەمـــەش بەمانای ئەوەی ســـەرۆکی کابینـــەی حەوتەمی حکومەتی هەرێمی کوردســـتان دەیەوێـــت بەپراکتیکی پرۆســـەی جیاکردنـــەوەی دەســـەڵاتەکان لەهەرێمی کوردســـتان بکات و دەســـەڵاتی دادوەری دوا مەرجەعـــی یەکلاکردنـــەوەی هەموو کێشەکان بێت و یاسا بۆ هەموو لایەك سەروەر بێت.

ئـــەم بەرنامەیـــەی کابینـــەی حەوتەم کە هەنگاوەکانی لەگەڵ ئامانجە ســـەرەکی و گشتیەکەی بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان یەکدەگرێتەوە کە بونیادی دەوڵەتی قانوونە لەکوردستان، لەهەمانکاتدا وەك حکومـــەت وەك دەزگایەکی جێبەجێکار دەبێتە هۆکارێکـــی گرنگ بۆ ئەو بەرنامە چاکسازییەی کە سەرۆکی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاندووە و ئامانج لێی ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی و بەدامەزراوەیـــی کردنی هەموو بوارەکانـــی ژیانە لەهەرێمی کوردســـتاندا، بەڵام ئەم بەرنامەیە چەند گرنگ و چەند جێگەی ئومێدی خەڵـــك بێت، بەبێ سەقامگیری و ئاشتی کۆمەڵگە ناتوانرێت جێبەجێ بکرێت، هەر بۆیە لەدەســـپێکی کابینەی حەوتەمـــی هەرێمـــی کوردستانەوە کە پێوەندییە سیاســـیەکانی نێـــوان پارتـــی و یەکێتی وەك دوولایەنی فەرمانڕەوا لەگـــەڵ لایەنەکانی دیکەی ئۆپۆزسیۆن گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە و ئۆپۆزسیۆن گەیشـــتۆتە ئـــەو قەناعەتەی حکومەت ڕێـــز لەبەرنامـــە و پێشنیارەکانیان دەگرێت، زەمینەیەك هاتۆتە پێشەوە کـــە بۆتە جێگـــەی ئومێد و خەڵـــك چاوەڕێـــی ئەوەیە هەنـــگاوی گەورەتر و گرنگتر لەبـــواری گەشـــەی ئابـــووری و خۆشگوزەرانی کۆمەڵگە ببینێت.



کلیفۆرد ڕوسل بۆ گوڵان:

# زۆر زەحمەتە خەڵک بتوانێت وەبەرهێنانی درێژخایەن لەوڵاتێکی دیکە بکات، ئەگەر دڵنیا نەبن لەوەی پارەکەیان چی بەسەردێت

**پرۆفیسۆر کلیفۆرد ڕوسل ئوستادی ئابووری لەزانکۆی ڤاندەربیلت لە تینیسی و بەڕێوەبەری سەنتەری ڤاندەربیلتە بۆ دیراساتی سیاسەتی گشتی، بۆقەسەکردن سەبارەت بە پێوەندی نێوان سەقامگیری سیاسی و گەشەی ئابووری و هاندانی وەبەرهێنان لەوڵاتانی تازە پێگەیشتوو، پێوەندیمان بە پرۆفیسۆر کلیفۆرد ڕوسل کرد و بەمجۆرە ڕای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی.**

((سەقامگیری سیاسی و دابینکردنی ئاسایشی کۆمەڵگە تا دوا ڕادە گرنگە و وەك بناغەیەکە بۆ بەرەوپێشچوون و گەشەکردن، من باوەڕم وایە زۆر گرنگە، لەبەر ئەوەی زۆر زەحمەتە خەڵکی وەبەرهێنانێکی درێژخایەن بکەن ئەگەر دڵنیانەبن لەوەی خۆیان و پارەکەیان و کۆمەڵگەکەیان چیان بەسەر دێت. ئەگەر لێرەدا نموونەی ئەو ناوچانە وەربگرین کە مەترسی تیرۆریزمیان لەسەرە، بەتایبەتی ئەو شێوازەی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەیە، کە خەڵکی خۆیان دەتەقاندەوە و خەڵکی دیکەیان دەکوشت، ئەمە مایەی نیگەرانیەکی زۆرە، بەڵام پێدەچێت ئەمە جۆرە تیرۆریزمێك بێت کە خەڵکی بتوانن لەگەڵیدا بژین، کە ئەمەش مایەی سەرسامی منە، لەبەر ئەوەی زۆر زەحمەتە وێنای ئەوە بکەیت کە بۆی هەیە لەهەر ساتێکدا کە لە دەرەوەی ماڵەوەیت بەر تەقینەوە بکەویت. بەڵام ئەگەر نەتوانیت متمانەت بە حکومەت هەبێت و بە شێوەیەکی بەرپرسیارانە ڕەفتار بکات، ئەوا خەڵکی ناتوانن ئیلتیزام بکەن و ئەو کاتە نە خەڵکی وڵاتەکە وەبەرهێنان دەکەن و نە وەبەرهێنانی دەرەکیش دێتە وڵاتەکەوە بۆ ئەوەی کارگە یاخود ژێرخانی وڵاتەکە دروست بکاتەوە، کەواتە ڕۆڵی حکومەت ڕۆڵێکی مەزنە و گرنگە حکومەت بەشێوەیەکی بەرپرسیارانە ڕەفتار بکات، هەروەها جێگەی سەرسامی منە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بتوانرێت زەمینەیەکی فراوانی وەبەرهێنان فەراهەمبکرێت.. هەروەها پرۆسەی بەرەوپێشچوونی گەشەپێدان دیسان فاکتەرێکی دیکەی گرنگە بۆ خۆشگوزەرانی خەڵکی ئەو وڵاتە، بەڵام مەرجیش نییە ئەم بەرەوپێشوەچوونە ببێتە هۆکاری دروست بوونی دادپەروەری کۆمەڵایەتی، هەر بۆ نموونە چین زۆر بە خێرایی گەشەی کرد، بەڵام هێشتا زۆر خەڵکی ئەو وڵاتە ناتوانن بە ئازادی لە چیندا بژین، لە ڕاستیدا جیاوازی هەیە لە نێوان دادپەروەری کۆمەڵایەتی و بەرەوپێشچوون لە پێوەندیدا بە ئابووری و بە ژێرخانی ئابووری و داهات و...تاد، واتە دەکرێت کۆمەڵگەیەکی زۆر پێشکەوتووت هەبێت بێ ئەوەی دادپەروەری کۆمەڵایەتی لە ئارادا بێت، هەروەها دەکرێت کۆمەڵگەیەکی دادپەروەرت هەبێت بێ ئەوەی کۆمەڵگەیەکی

پێشکەوتووبێت...هەربۆیە ئەمە زۆر ئاڵۆزە لەبەر ئەوەی ڕەنگە چەند هۆکارێك هەبن، کە یەکێکیان بوونی بێکارییە، یاخود چەند هۆکارێك پێکەوە هۆکاری ئەو بێکارییە بن، واتە بۆ گۆڕینی ئەو دۆخەش دەبێت زۆر شت بگۆڕێت، بۆ نموونە پەروەردە، واتە چاکسازی کردن لە سیستمی پەروەردەدا کە ڕەنگە پێداویستیەکانی ئەو کەسانە نەهێنێتەدی کە دەیانەوێت دابمەزرێن، یاخود ڕەنگە پاڵنەری دامەزراندن پێچەوانە بێت، واتە ڕەنگە ئەگەر دانەمەزرێیت داهاتێکی باشتر بەدەست بهێنێت بە بەراورد بەو داهاتەی بەهۆی دامەزراندنەوە پەیدای دەکەیت، ئەویش بەهۆی بوونی کارامەییەکی دیاری کراوەوە. واتە چۆن بتوانیت لە کۆمەڵگەیەکی کشتوکاڵییەوە خەڵك وا لێبکەیت دابمەزرێت، ڕەنگە هەموو کەس ئەو پاڵنەرەی نەبێت، بەڵام پەروەردەکردنی هێزی کار کاتی زۆری دەوێت. ئەمە مەسەلەیەکی زۆر ئاڵۆزە و پێموانیە بتوانرێت کێشەی بێکاری تەنیا بەهۆی تەرکیزکردن لەسەر بێکاری چارەسەر بکرێت، بەڵکو دەبێت تەرکیز لەسەر هەموو مەسەلەکان بکرێت، لەسەر بونیادی کۆمەڵگە، لەسەر چۆنیەتی پەروەردەکردنی منداڵ، ئایا تۆڕی بیمەی کۆمەڵایەتی چۆنە؟ ئایا پاڵنەرەکان چین؟ ئایا سیستمی باج چۆنە، لێرەدا نموونەیەکی زۆر تایبەت هەیە کە ئیسپانیاییە، لەئیسپانیا کاتێك دادەمەزرێیت، ئەوا لە گرێبەستەکەدا دامەزرێنەر ئەو مافە بۆخۆی دەهێڵێتەوە کە بڕگەکانی گرێبەستەکە لەگەڵ گۆڕانی هەل و مەرجەکەدا بگۆڕێت، واتە ئامادەیی ئەوەنییە داوای دامەزراندن بکرێت، ئەمە مەبەستی منە لە بونیاد، گۆڕینی ئەمەش کارێکی زەحمەتە لەبەر ئەوەی ئەو خەڵکانە نایانەوێت ئەو گۆڕانکاریە بکرێت، بەڵام ئەوانیش دەسەڵاتێکی زۆریان هەیە، کەواتە گۆڕینی سیستمەکە زەحمەتە بۆ سیستمێك کە تاکەکەسێك دابمەزرێت و...ئەگەر گۆڕان لە هەل و مەرجی ئابووریدا ڕوویدات، یاخود ئەگەر سەرکەوتوو نەبوو، ئەوا دەربکرێن، واتە ئازادیی جێهێشتنی کارت هەبێت هەروەك چۆن لایەنەکەی دیکە ئازادی دامەزراندنی هەیە، ئەمە دەوەستێتەسەر ژێرخان و یاساکان و دامەزراوەکان ئەوە دیاری دەکەن ئایا کەمکردنەوەی بێکاری چەند زەحمەتە.



جەی ئەلیستەر ماکگریگۆر بۆ گوڵان:


# بەبێ ئاسایشی کۆمەڵگە و سەقامگیری سیاسیی و حکومەتێکی کارا پرۆسەی گەشەپێدان سەرکەوتوو نابێت

**پرۆفیسۆر جەی ئەلیستەر ماکگریگۆر توێژەری باڵای سەنتەر دیراساتی پەرەپێدان لەبەریتانیا ماوەی ٢٥ ساڵە لەسەر سیاسەتی پەرەپێدان کاردەکات و تایبەتمەندە لەسەر ناوچەکانی باشووری ئاسیا و ئەفریقیا و زامبیا و تایلەند و بەنگلادیش، بۆ قسەکردن لەسەر لایەنە گرنگەکانی سەرکەوتنی پرۆسەی پەرەپێدان و ئەو فاکتەرانەی دەبنە زەمینە بۆ سەرکەوتنی ئەم پرۆسەیە، قسەمان لەگەڵ پرۆفیسۆر ئەلیستەر ماکگریگۆر کرد و بەمجۆرە بۆچوونەکانی خۆی بۆ گوڵان خستەڕوو.**

((ڕۆڵی بنەڕەتی حکومەتی هاوچەرخ ئەوەیە هاووڵاتیان بەشداریەکی بەرز بکەن لە بەرەپێشچوونی کۆمەڵایەتیدا، بۆ نموونە ئەگەر لەکاتی سستبوون یان داڕووخانی ئابووریدا، کەرتی تایبەت نەیتوانی هەلی کار بۆ خەڵکەکە دروست بکات، ئەوا کەرتی گشتی و حکومەت کارێك بکەن خەڵکی بتوانن کاربکەن و بەشداربن لە بەرەپێشچوونی کۆمەڵگەدا. هەربۆیە نەبوونی ئاسایش و نەبوونی سەقامگیری سیاسی، کە بوار بە خەڵك بدات مومارسەی داهێنان و کاری خۆیان بکەن، ئەوا ئەگەر ئەو هەل و مەرجانە نەخوڵقێنێت، ئەوا کۆت و بەند لەبەردەم گەشەکردندا دادەنێت. کەواتە بوونی ئاسایش بۆ ئەوەی خەڵکی ژیانیان پارێزراو بێت و بەردەوام بێت، لەگەڵ بوونی حکومەتێکی کارا، یاخود ڕێکخستنێکی سیاسی کارا گرنگ و پێویستن. هەروەها سەبارەت بەبوونی پارتە سیاسییەکانیش لە کۆمەڵگە، بە باوەڕی من ئەوەی گرنگە ئەوەیە دەرفەت بە بۆچوونی جیاواز بدرێت گوزارشت لە خۆیان بکەن و لە کاتی بڕیاردانی سیاسیشدا بۆچوونە سیاسییەکان لەبەرچاو بگیرێت، بە زۆری ئەمە لەڕێی نوێنەرایەتیکردنی فرە حزبییەوە دەکرێت، فرە حزبایەتیش بەمانای بوونی نوێنەرایەتی سیاسی و چارەسەری سیاسی بۆ کێشەکان، واتە ئاسایە پارتی حکومڕان و پارتی موعارەزە هەبێت لە چوارچێوەی سیستمەکەدا. لە دیموکراتیدا ئەمە ڕوونترە ئەگەر فرە حزبایەتی هەبێت، بەڵام ئەوەی گرنگترە بوونی کەلتورێکی سیاسیە کە بوار بەحکومڕانی گروپێك بدات، بەڵام بۆچوونە ناکۆك بەیەکەکان لەبەرچاو بگیرێت و هەروەها بوار بە هاووڵاتیان بدات بۆئەوەی بتوانن بڕیار بدەن ئەگەر ویستیان سەرکردایەتیەکی جیاوازیان هەبێت. لەڕووی مێژووییەوە، هەندێ حاڵەت هەبووە کە هاوپەیمانێتی نێوان پارتەکان سەقامگیریەکی زۆری هێناوەتە ئاراوە، لە هەندێ دۆخیشدا هاوپەیمانێتیەکە لە بنەڕەتدا ناسەقامگیر بووە و ڕازیکەر نەبووە. لەبەر ئەوە باوەڕم وایە تاکە وەڵامێك هەبێت لەم ڕووەوە کە بڵێت بە زەرورەت هاوپەیمانێتی لاوازە یاخود ناسەقامگیرە، بەڵکو تا ڕادەیەکی زۆر دەوەستێتەسەر ئەوەی تەحەددی و کێشە سیاسییەکان چین. ڕەنگە لە هەندێ هەل و مەرجدا گۆڕانی ڕادیکاڵتر یاخود بڕیاری ڕادیکاڵتر پێویست بێت، ڕەنگە هاوپەیمانێتی زۆر کارا نەبێت، لە هەندێ حاڵەتی دیکەدا کە ڕەنگە بتوانرێت بەهۆی سازشکردنەوە بەرەوپێشچوون بەدی بهێنرێت ڕەنگە پێویست بەوە بکات حکومەتێك بێت هەموان لە خۆبگرێت.



# ئاماژەکانی بودجەی کوردستان



ئاسۆ کەریم

**بۆ گوڵان نووسیویەتی**

هێشتا پرۆژە یاسای بودجەی خەمڵێنراوی ٢٠١٢، لە پەرلەمانی کوردستاندا، گفتوگۆی لەسەر دەکرێ و ڕەنگە لەم حەفتەیەدا بێتە پەسندکردن. فراکسیۆنی کوردستانی بە پشتیوانیی هاوپەیمانەکانی بۆ تەرجەمەکردنی بەرنامەکانی خۆی بۆ سەر ئەرزی واقیع، ساڵانە دیفاع لە چاکسازی و خزمەتگوزاریی زۆرتر و بیناکردنەوەی ژێرخانی کوردستان دەکا و بە گوێرەی داهاتی بەردەست، هەوڵی جێگیرکردنی پێشنیازەکانی خۆی دەدات بەو ئاراستەیەی کە بودجە ڕاستەوخۆ لە خزمەتی خەڵکی کوردستان و بوژانەوەی بازاڕ و بەرزکردنەوەی ئاستی بژێوی تاکی کوردستان و پەرەپێدانی بەردەوامدا بێت.

ئەمساڵ فراکسیۆنی کوردستانی لە هەوڵی ئەوە دایە بڕی ٦٠٠٠٠٠ دینار وەك بەخشین بەو خانەنشینانە بدرێ کە مووچەکانیان لە ٤٠٠٠٠٠ دینار کەمترە و بڕی ٤٨٠٠٠٠ دیناریش بۆ فەرمانبەرانی پلە ٩ و ١٠، لەپاڵ زیادکردنی سولفەی خانووبەرە لە ٢٠ ملیۆنەوە بۆ ٢٥ ملیۆن دینار بۆ گوندەکان، ئەوە سەرەڕای بەردەوامبوون لە هەڵمەتی دروستکردنی قوتابخانەی هاوچەرخ، تواناسازی، هاوکاریکردنی ئەو قەزاو ناحییانەی لە سەردەمی ڕژێمی پێشوودا ڕاگوێزرابوون و چۆڵکرابوون، یان ئەو ئاوارانەی لە ئێران و تورکیاوە دەگەڕێنەوە وڵات.

هەروا بڕیار وایە ئەمساڵ ١٧٠٠٠ فەرمانبەری دیکە دابمەزرێ و بەمەش میلاکی وەزیفی لە هەرێمی کوردستاندا دەگاتە ٦٦٧٨٤٩ فەرمانبەر. ئا ئاوا بەشێکی تری گەنجان و دەرچووانی زانکۆ و پەیمانگاکان دادەمەزرێن و کاریان بۆ پەیدا دەبێ و ڕێژەی بێکاری کەم دەبێتەوە. لە دەرەوەی میلاکیش، ژمارەی ئەو کەسانەی کە مووچە، دەرماڵەو هاوکاری وەردەگرن بریتییە لە ٦١٢٨٦٣ کەس. لەنێو ئەم ژمارەیەی دوایی، ٨٨٨٠٠ وارسی شەهیدان و ئەنفالکراوان، ٢٧٧٨٥٠ خانەنشینی مەدەنی و عەسکەری، ٢٣٠٥ زیندانی سیاسی، ١٢٦٦٥٢ کەس بیمەی بێکاری و هاوکاریی تۆڕی چاودێریی کۆمەڵایەتی، ١١٥١٧٦ قوتابی و ٨٤٧ کەس ڕێزلێنان و ١٢٣٣ موختار، مووچە یان دەرماڵە یان هاوکاری و کۆمەك وەردەگرن.

کۆی ئەو دوو ژمارەیەی سەرەوە (میلاکی وەزیفی و دەرەوەی میلاك) دەکاتە ١،٢٨٠،٧١٢ کەس. هەر هەموو ئەوانە بەیەکەوە ٧،٣٥٢،١٦٤ حەفت تریلیۆن و سێ سەد و پەنجاو دوو ملیارو سەد و شەست و چوار ملیۆن دیناریان لە بودجەی ئەمساڵ بۆ دانراوە. ئەم مەبلەغە پارەیە کە ڕێژەکەی لە کۆی بودجەی گشتی دەکاتە ٤٨,٢٢٪ و لە بودجەی کارپێکردن دەکاتە ٦٨,٤١٪. ئەم پارەیە لە ((تەعویزاتی فەرمانبەران، لە سوودە کۆمەڵایەتییەکان و لە تێچووەکانی تر)) دابین دەکرێ. ڕاستە ئەوە بەهەندێ پێوەر ڕێژەیەکی زۆرە و تەنانەت ئابووریزانان بە خەتی سوور و نیشانەیەکی نیگەتیڤی دەزانن بە بودجەی کوردستانەوە، لێ من پێموایە، لایەنێکی پۆزەتیڤ و چاکیشی هەیە، کە ئەم مەبلەغە زۆرە، ڕاستەوخۆ دەچێتە گیرفانی خەڵکەوە و جۆرێکە لە دابەشکردنەوەی داهاتی نیشتمانی و بەشە هەرە زۆری ئەو پارەیە لە بازاڕی کوردستاندا خەرج دەکرێ، بازاڕی لە بواری جیا-جیادا پێ گەرم و بە



هەرمێن دەبێ و پێ دەبوژێتەوە و ڕاستەوخۆ کاریگەریی لەسەر ئاستی بژێو و گوزەرانی زۆرینەی دانیشتوانی کوردستان دادەنێت.

بێ لەوە، حکومەت لە زۆری بواری تردا، ساڵانە لە ڕێگەی کۆمەك پێکردن، پێدانی سولفەو قەرزو قۆڵەوە، هاوکاری چەند توێژێکی تری دانیشتوان دەکات. هەر بۆ ڕاستیی ئەم قسەیە، بەپێی داتای ڕەسمی، لە هەردوو ساڵی ٢٠١٠ و ٢٠١١دا، حکومەت پێشینەی خانووبەرەی داوەتە (٨٤١٢٧) کەس لە کوردستان. بۆ ئەمساڵیش (٢١٢٣٩) مامەڵەی سولفەی خانووبەرە تا ٢٠١٢/٥/٣١ ئامادەن و چاوەڕوانی پەسندکردنی بودجە دەکەن. ئەمەش تا ڕادەیەکی باش بەشداریی لە کەمکردنەوەی قەیرانی نیشتەجێبوون دەکات. هەروا ١٦٧١٩١ کەس (بە کچ و کوڕەوە) تا کۆتایی ساڵی ٢٠١١ پێشینەی هاوسەرگیرییان وەرگرتووە و سوودمەندبوون. ئەوە سەرەڕای کە ساڵانە ٢٥ ملیار دینار وەك قەرز بەو گەنجانە دەدرێ کە بۆ خۆیان پرۆژەی بچووك دەکەنەوە، ئەوە بێ لە قەرزی کشتوکاڵی و پیشەسازی و ئەوانی تر کە دیسان ڕاستەوخۆ دەکەونە دەست خەڵکەوەو لە بودجە دابین دەکرێ. لەتەك ئەمانەدا، حاڵی حازر ٣١٦٠ پرۆژەی حکومی هەن کە بە قسەی وەزیری پلاندانان زێتر لە ٢٥٠٠ پرۆژەیان لە بواری جێبەجێکردندان و بۆ ئەمساڵیش، ٤٩٥ پرۆژەی تر پێشنیازکراوە. کە بەسەر یەکەوە ٣٠٪ی بودجەی گشتییان بۆ تەرخانکراوە و بێگومان بە جێبەجێبوونی ئەو پرۆژانە، کوردستان دەچێتە قۆناخێکی ترەوە کە چەندین پرۆژەی ستراتیجی و گرنگیان تێدایە و لەسەر ئێمەی پەرلەمەنتاران پێویستە لە نزیکەوە و بەگوێرەی ئیختیصاصی لیژنەکانمان، بەدواداچوونیان بۆ بکەین.. بۆ ئەمەش پێویست دەکات، دیوانی چاودێریی دارایی و دەستەی نەزاهەت بکەونە کارو هاوکارمان بن بۆ وردبینی و باشبوونی ئەدای حکومەت لە بەڕێوەبردندا...

**بڕیار وایە ئەمساڵ ١٧٠٠٠ فەرمانبەری دیکە دابمەزرێ**

لە سەرێکی ترەوە، حکومەتی کوردستان، کۆمەکی سەنتەر و دەزگای ڕۆشنبیری، سەندیکا، ڕێکخراوە، کۆمەڵەو یەکێتی، یانە و یانەی وەرزشی و تیپی هونەری و لیژنەی ئۆڵۆمپی و پارا ئۆڵۆمپی دەکات کە بەسەریەکەوە ژمارەیان دەگاتە (٧٤٢) و لەمساڵدا (١١٥) ملیار دیناریان بۆ دانراوە کە بە هەزاران کەس کاریان تێدا دەکەن. دیارە ئەوەش بەشدارییەکی بەرچاوی حکومەتە لە هاریکاریکردنی دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە هەموو بوارەکاندا کە خۆی لە خۆیدا نیشانەیەکی پۆزەتیڤی هەر کۆمەڵگەیەکی ئەکتیڤ و دیموکراتە.

ئەوە لە کاتێکدایە، کە لە ٢٠٠٧-ەوە، لە بەشە بودجەی کوردستان، ڕێژەی ١٧٪ بۆ خەرجییەکانی سیادی دەگێردرێتەوە بێ ئەوەی لە بودجەی عێراق مووچەو دەرماڵەی پێشمەرگە بدرێ بەو پێیەی بەشێکە لە سیستەمی بەرگریی عێراق.

دیسان لە بودجەی حاکیمەش کە خۆی لە چەند بڕگەیەکی وەك (خۆراك، داودەرمان، سووتەمەنی، کارەبا....) دەبینێتەوەو بەپێی ژمارەی دانیشتوان لە بەشە بودجەی کوردستان دەبڕدرێ، یان ئەوەتا هەر لە بنەڕەتدا بەشی کوردستانی لێ نانێردرێ یان بە نیوەچڵی و پچڕ-پچڕیەوە دەگات. ئەوەش ناهەقی و زوڵمێکی گەورەیە لە خەڵکی کوردستان دەکرێ و لەنێوان ٦-٨ ملیار دۆلار دەکات.. گەڕاندنەوەی ئەو بڕە پارەیە بۆ بودجەی کوردستان، زۆر گرفتی کوردستان چارەسەر دەکات و ئەرکی هەموو لایەنێکە بە دەسەڵات و موعارەزەوە، کە بەیەکەوە بچنە ناو ئەو شەڕە ئابوورییەوە کە حکومەتی ئیتیحادی لەگەڵ هەرێمی کوردستانی دەکات، کە بێشك ڕەهەندو دوورایيەکی سیاسیشی هەیە. بۆ ئەم مەبەستەش، دەکرێ لە دوو ڕێگاوە هەرێمی کوردستان، داوای ئەو هەقەی خۆی بکاتەوە: یەکەمیان، ڕێگەی وتووێژی سیاسی، ئینجا چ لە ڕێگەی نوێنەرەکانییەوە بێت لە ئەنجوومەنی نوێنەران یان لە ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراق، یان ڕاستەوخۆ لەنێوان بەرپرسانی حکومەتی هەرێم و حکومەتی ئیتیحادی بەتایبەتی کە ئێستا قەیرانێکی گەورەی سیاسی عێراقی گرتۆتەوەو هەقە ئەو خاڵە بکرێ بە خاڵێکی وتووێژ لە هەر سازان و ڕێککەوتن و دووبارە تەرتیبکردنەوەدا. ئەگەر ئەمەیان دادی نەدا و هیچ سوودێکی نەبوو، هەقە بیر لەوە بکرێتەوە کە ئەو کێشە ببردرێتە بەردەم (دادگەی باڵای فیدراڵی).

**حکومەتی کوردستان، کۆمەکی سەنتەر و دەزگای ڕۆشنبیری، سەندیکا، ڕێکخراوە، کۆمەڵەو یەکێتی، یانە و یانەی وەرزشی و تیپی هونەری و لیژنەی ئۆڵۆمپی و پارا ئۆڵۆمپی دەکات**

**ڕوونکردنەوە.** لەژمارەی پێشووداو لە ژێر وێنەی بەڕێز (ئاسۆ کەریم) بە هەڵە ناوی نووسەرێکی دیکە دانرابوو، بۆیە داوای لێبووردن لە بەڕێزی دەکەین.

جەعفەر ئیمینکی بۆ (گوڵان):

# تەنها ڕێگە بۆ رزگارکردنی پڕۆسەی دیموکراتی لەعیراقدا، لابردنی نوری مالیکی یە

ئێستا عیراق لەهەموو کاتێك زیاتر بە قۆناخێکی هەستیار و مەترسیداردا تێدەپەڕێت، پرۆسەی سیاسی کەوتۆتە قەیرانێکەوە کە رزگار کردنی ئاسان نییە و سەرۆك وەزیرانی عیراقیش لەبری ئەوەی پارێزەری دەستورو سیستمی دیموکراتی بێت لە عیراقدا خۆی بەرەو تاکڕەوی ملدەنێت و ماددەکانی دەستوور پێشێل دەکات و خۆی لە جێبەجێ کردنی رێککەوتنەکان دەدزێتەوە، ئێستا پێکهاتە سیاسیەکانی عیراق لەهەوڵی ئەوەدان بە ڕێگەی دەستووری و دیموکراتیانە چارەسەرێك بۆ ئەم بارودۆخە بدۆزنەوە، ئەو چارەسەرەش کە ئێستا بەگەرمی باسی لێوە دەکرێت، هەوڵدانە بۆ لێسەندنەوەی متمانە لەمالیکی، بۆ قسەکردن لەسەر ئەم قەیرانە و هەڵوێستی لایەنی کوردستانی بەگشتی و هەڵوێستی پارتی دیموکراتی کوردستان لەمەڕ ئەم کێشانە، ئەم پرسانەمان رووبەڕووی بەڕێز جەعفەر ئیبراهیم ئیمینکی ئەندامی مەکتەبی سیاسیی و وتەبێژی فەرمی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان کردەوە و بەڕێزی راشکاوانە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە، ئەمەش دەقی دیمانەکەیە.



*** لەسەرەتادا دەمانەوێت بزانین هەڵوێستی پارتی دیموکراتی کوردستان و حزبە کوردستانییەکان دەربارەی لێساندنەوەی متمانە لە مالیکی چۆنە؟**

- دیارە ئێمە گرفتێکمان لە عیراق هەیە ئەویش لاوازی متمانەیە لە نێوان پێکهاتەکانی سەرەکی پرۆسەی سیاسی لە عیراقی نوێدا، دیموکراسیەت لەسەر متمانە درووست دەکرێت و دیموکراسیەت هەم متمانە لەنێوان دەسەڵات و هاووڵاتی هەم متمانەشە لە نێوان هێزە سیاسیەکان و، هەم متمانەشە بەو ڕێنمایی و میکانیزمانەی بۆ چاسەرکردنی کێشەکان دەگیرێتەبەر، بەڵام بەداخەوە لەبەر ئەوەی متمانەکە لاواز بووە، ئەمەش گرفتی سەرەکی پرۆسەکە بووە، ئێمە وەك لایەنی کوردستانی لە پرۆسەی سیاسیی عیراقدا خۆمان بە هاوبەش لە پرۆسە سیاسیەکە و خۆمان بە هاوبەشی پرۆسەی بونیادی دیموکراتی لە عیراق زانیوە، بۆ ئەوەی متمانە بگەڕێتەوە بۆ ناو پێکهاتەکان و عیراقی نوێ لەسەر ئەو متمانەیە بونیاد بنرێتەوە، بەڵام ئێمەی کورد نابینە هاوبەشی بونیادی سیستمێك کە دوور بێت لەدیموکراتی یان لەڕێگەی دیموکراتی لابدات، بۆیە ئەوەی ئێمە دەمانەوێت ئەوەیە سیستمی دەوڵەتی عیراق دیموکراتی و فیدرالی و فرەیی و پەرلەمانی بیت، ئێستاش ئێمە دەمانەوێت ئەم سیستمە رزگار بکەین و بوار نەدەین بەرەو دیکتاتۆریەت بچێت لەبەر ئەوەی ئەمە سەرەتایەکی زۆر مەترسی دارە، بۆیە لە یەکەم رۆژی ئەم کێشەیەوە ئێمە تەنها دوو ڕێگەمان لەبەردەم بووە، یەکەمیان ئەوەبووە کە سەرۆك وەزیران مالکی ئاگادار بکەینەوە و هەلی باشمان خستە بەردەم بۆ ئەوەی چاکسازی بکات و بە کردەیی وەڵامان بداتەوە، بەڵام وەڵامی نەداینەوە، بۆیە ئێمە پەنامان بۆ ڕێگە چارەی دووەم بردووە، ئەم ڕێگەچارەیەیش کە بریتییە لە سەندنەوەی متمانە لە مالیکی بۆتە تەنها ڕێگەچارەو لەمەش پاشگەز نابینەوە و هەوڵدەدەین هەموو ڕێگەی پێویست بۆ لێسەندنەوەی متمانە لە مالیکی بخەینە گەڕ، بۆ ئەمەش ڕێگایەك هەبوو بەپێی ماددەی ٦١ خاڵی سێیەم و پەڕەگراڤی ٨ لەدەستوری عیراق کە لە ڕێگای سەرۆك کۆمارەوە داوای لێساندنەوەی متمانە بکرێت، بەڵام بە بۆچوونی بەڕێز مام جەلال و هەڤاڵانی تر لە هاوپەیمانی ئێمە ئەو ڕێگەیە پەسەند نەبووە، بێگومان ئێمە ڕێزمان بۆ هەڵوێستی ئەوان هەیە، ناڵێین تەنیا ئەم ڕێگەیە پێش بکەوێت، بەڵکو دەڵێین با متمانە لە مالیکی وەربگیرێتەوە، لەبەر ئەوەی نوری مالیکی ناتوانێت بەرنامەی تەوافوق و هاوبەشی نیشتمانی جێ بەجێ بکات، هەروەها

> **ئێمەی کورد نابینە هاوبەشی بونیادی سیستمێك کە دوور بیت لەدیموکراتی یان لەڕێگەی دیموکراتی لابدات**

حزبە کوردستانییەکانی تریش لە پەرۆشی ئەوەدان کە بارودۆخی عیراق چارەسەر بکرێت، بەڵام پرسیار ئەوەیە چۆن چارەسەر دەکرێت؟ بێگومان ئێمە وەك پارتی دیموکراتی کوردستان پێمان وایە دەرفەتی زۆر دراوە بەمالیکی و ئیتر پێویست نییە دەرفەتی دیکەی پێ بدەین. بۆ ئەمەش ئێمە داوای ئەوەمان نەکردووە کە سەرۆك وەزیران لە هاوپەیمانی نیشتمانی وەربگیرێتەوە، بەڵکو داوامان کردووە مالیکی لابرێت و یەکێکی دیکە لە هاوپەیمانی نیشتمان کاندید بکرێت بۆ ئەو پۆستە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە نوری مالیکی هۆکاری ئەوەبووە ئەنجومەنی وەزیرانی عیراق لەکاربکەوێت، ئێستاش ئەنجومەنی وەزیران پەکی کەوتووە.

*** لێساندنەوەی متمانە لە نوری مالیکی بۆتە هەوڵێکی هەمە لایەنەی پێکهاتە سیاسیەکان، ڕاستە لەناوە پێکهاتەکانیشدا هەندێك بۆ چوونی جیاواز هەیە، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی ئەم مەسەلەیە بۆتە مەسەلەیەکی جیدی، ئایا تا چەند مەزندە دەکەن ئەو پرۆسەیە سەرکەوتوو بێت؟**

ـــ من دەڵێم ئەوە بەشێکە لەپرۆسەی گشتی، پرۆسەی کاراکردن و چاککردنی سیستەمی حوکمرانی لە عیراقدا ئەمە بەشێکە و هەنگاوێکی گرنگە، بێگومان هەموو لایەك ئاگاداری دەستپێشخەریەکەی سەرۆك بارزانین کە ئەو دەستپێشخەرییە بووە هۆکاری ئەوەی عیراق لە قەیرانێکی گەورە رزگاری بکرێت، هەموو جیهان دەزانێت دوای ٩ لە هەڵبژاردنەکانی مارتی ٢٠١٠ نەتوانرا حکومەت پێکبهێنریت و عیراق بەبێ دەسەڵاتی جێبەجێکردنی هەڵبژێراو بوو، بۆیە گرنگە هەموو لایەك بایەخ بە هەڵوێستی کورد بدەن بۆ

> **هەنگاوەکانی نوری مالکی پێچەوانەی سیستەمی دیموکراسییە و هەموو ئەو ڕێککەوتنانەی ئیمزای لەسەر کردوون هیچی جیبەجێ نەکردوون**

ڕێکخستنەوەی پرۆسەی سیاسیی لە عیراقدا و ئەو دەستپێشخەریە نەبوایە عیراق دەکەوتە قەیرانێکی جدیەوە، بۆیە لێرەدا مەسەلەکە ئەوەنییە ئەو پرۆسەیە سەردەکەوێت یان نە، بەڵکو ئێمە دەڵێین هەموو هەوڵێك دەخەینەگەڕ بۆ ئەوەی سەربکەوێت، چونکە سەرکەوتنی ئەو هەنگاوە سەرکەوتنی پرۆسەی دیموکراسییە لە عیراقی نوێدا و لە پێناوی ئەوەدا ئێمە چاومان لەهەموو هێزەکانی نیشتمانییە کوردستانی و عیراقی و شیعی وسوننی و بەڕاستی بەستایشێکی زۆرەوە تەماشای ڕۆڵی بەڕێز موقتەدا سەدر دەکەین کە ڕۆڵێکی یەکجار دیاری هەیە لەوەدا کە باش لەوە تێگەیشتووە هەنگاوەکانی نوری مالکی پێچەوانەی سیستەمی دیموکراسییە و تاکڕەوی ئەوەندە پێوەدیارە کە مرۆڤ لێی دەترسێت، هاوکات وایکردووە پێکهاتەیەکی زۆرو سەرەکی ئەو وڵاتە کە سوننەیە پەراوێز بخرێت و، لەمەش زیاتر لایەنی کوردی نەك پەراوێزکردووە، بەڵکو نیگەرانی کردووەو، هەموو ئەو ڕێککەوتنانەی ئیمزای لەسەر کردوون هیچی جێبەجێ نەکردووەو جێبەجێشیان ناکات.

*** ئێستا باس لەوە دەکرێت بۆچوونی سەرۆك کۆمار بۆ لێسەندنەوەی متمانە لە سەرۆك وەزیران جۆرێکی دیکەیە، واتە سەرۆك کۆمار لەگەڵ لێساندنەوەی متمانە نییە، ئایا بەحوکمی ئەوەی سەرۆك کۆمار جەنابی مام جەلالە و سکرتێری یەکێتی نیشتمانی کوردستانە، ئایا تاچەند ئەو جیاوازییە ڕەنگدانەوەی لەسەر پەیوەندییەکانی پارتی و یەکێتی هەبووە؟**

- پێش هەموو شتێك ڕۆڵی بەڕێز جەنابی مام جەلال وەکو سکرتێری یەکێتی نیشتمانی کوردستان و سەرۆك کۆماری عیراق ڕۆڵێکی یەکجار گرنگی هەبووە بۆ بنیادنانی عیراقی نوێ و هەروەها بۆ تێپەڕاندنی قۆناخێکی هەستیار و ناسکی هەرێمی کوردستانیش، ئەمەش ڕاستیەکە و دەبێت ئاماژەشی پێ بکرێت، هەروەها هاوپەیمانی ستراتیژی نێوان پارتی و یەکێتی بناغەیەکە بۆ پێشکەوتنی هەرێمی کوردستان و بناغەیەکە بۆ ئەوەی کورد بتوانێت ڕۆڵی خۆی لە عیراقی نوێدا بگێڕێت، بۆیە ئێمە وەك پارتی دیموکراتی کوردستان تێگەیشتنی تەواومان بۆ ئەو هەڵویستەی مام جەلال هەیە و ڕێزمان بۆی هەیە، ئەوەشی وا دەکات هەندی جار لەهەندێ بوار نیگەران بین، ئەوە پەیوەستە بەوەی هاوسەنگی هێز لەبەغدا بەلای لایەنێکدا نەشکێتەوە کە باوەڕی بە دیموکراسی نییە، ئەگەر نا ئێستا سەرکردایەتی پارتی و یەکێتی پەرۆشی ئەوەن ئەو بارودۆخەی عیراق تێیکەوتووە رزگاری بکەن، بۆ ئەمەش هەماهەنگی و دیالۆگ و گفتوگۆ و

کۆبوونـــەوەی هاوبەش لەنێوان هەردوولا هەیە و بەردەوامیش دەبێت و بەرپرسیاریەتێکی هاوبەش لەسەرشـــانی جەنابـــی مام جـــەلال و جەنابی ســـەرۆك بارزانی هەیە بۆ ئەوەی بەڕاستی ئەو بارودۆخەی لە عیراق هەیە چارەســـەر بکرێت و هەردوولایان ئـــەو بارودۆخە بەگرفت دەزانن. بەڵام بـــە حکومی ئەوەی بەڕێـــز مام جەلال سەرۆك کۆماری عیراقە و کەس خوازیاری ئەوە نییە ســـەرۆك کۆمار ببێتە بەشێك لە کێشەکە، بێگومان سیستمی پەرلەمانی دوولایەنەیە، واتا ســـەرۆك کۆمارو سەرۆك وەزیران بەستراونەتەوە بە یەك سیســـتمەوە، سیســـتمی دەســـەڵاتی جێبەجێکردنە کە پێکەوە بەستراون و نامانەوێت ئەو سیستمە تووشی مەترسی ببێتەوەو نامانەوێت کشانەوەی متمانە لەسەرۆك وەزیران ببێتە هۆی لێسەندنەوەی متمانە لەسەرۆك کۆمار. لەبەرئەوە تێگەیشتنێکی تەواومان هەیە بۆ ئەو هەڵوێستەو باش تێدەگەین و هەوڵ دەدەین هەردوو مەکتەبی سیاســـی پارتی و یەکێتی کاراتر لەجاران و ئەو گرنگیەی بەم کێشەیە دەدرێت زیاتر بکرێت، بۆ ئەوەی بتوانین بگەیەنینە چارەسەرێك و بتوانین لەگەڵ هاوپەیمانانـــی تر لەعیراق هەنگاوەکان بەئاراســـتەیەکی وا بچن بتوانین ئەو ئامانجە کە بەئامانجێکی ڕەوای دەزانین سەرۆك وەزیران ئاڵوگـــۆڕ بکرێت لەچوارچێـــوەی هاوپەیمانی نیشـــتمانی نـــەك بەشـــێوەیەکی تـــر، ئەمە چارەسەرێکە لەبەرژەوەندی ئەم سیستمەیە.

**ئێمە وەك پارتی دیموکراتی کوردستان پێمان وایە دەرفەتی زۆر دراوە بەمالیکی و ئیتر پێویست نییە دەرفەتی دیکەی پێ بدەین**

*** هەموو چاودێران لەسەر ئەو ڕایە هاوکۆکن ئەگـــەر ڕێکەوتنـــی هەولێر جێبەجـــێ بکرایە قەیرانی عیراق نەدەگەیشتە ئێستا بۆیە بەڕای ئەو چاودێرانە چارەسەر بەشێوازی دیالۆگ و گەیشـــتن بەڕێکەوتن لەگەڵ سەرۆك وەزیران هیچ زامنێکی نییە هەربۆیە ناکرێت دیالۆگ بکرێـــت و ڕێکەوتـــن ئیمـــزا بکرێـــت و دواتر جێبەجێ نەکرێت، ئایا ئەم لایەنە تاچەند لایەنە عیراقیەکانی بێ ئومێد کردووە؟**

- دەبێـــت زەمانەتـــی هەمووmـــان پابەندبوون بەدەســـتوور بێـــت و مەرجەعیـــەت لەعیراقدا دەســـەڵاتی یاســـادانانە، ئـــەوەی ناتوانێـــت ڕێکەوتنەکان جێبەجێ بکات دەبێت موســـائەلە بکرێت لەلایەن پەرلەمانەوە، دوو ڕێگامان هەیە پرســـیارو ئیســـتجوابە، دەبێت ئەم دوو ڕێگایە لەلایـــەن پەرلەمانـــەوە کارا بکرێت . دەبێت ئەو فشـــارەی کە ئێســـتا لەســـەر پەرلەمان هەیە لاببرێت، ئەمەش بەشـــێکە لەو مەترسیانەی کە ئێمە باسی لێدەکەین، کە ئێمە باسی ئەوە دەکەین کە بەراســـتی بڵێیـــن دیموکراســـیەت لەعیراق بوونی هەیە دەبێت ســـەرۆك وەزیران ملکەچی پەرلەمان بێت. کاتێك پرسیار دەکرێت دەبێت وەڵام بدرێتەوە کە لێپرسینەوەی لەگەڵ دەکرێت بچێتە بەردەم پەرلەمان وەڵام بداتەوە نەك کارتی فشار

**هاوپەیمانی ستراتیژی نێوان پارتی و یەکێتی بناغەیەکە بۆ پێشکەوتنی هەرێمی کوردستان و بناغەیەکە بۆ ئەوەی کورد بتوانێت ڕۆڵی خۆی لە عیراقی نویدا بگێڕێت**

لێرەو لـــەوێ بەکاربهێنێت، ئەوەی ئێمە باســـی لێوەدەکەین بەڵگە لەبەردەستمانە کە بەڕێز نوری مالیکی بەڕاستی چاو سوورکردنەوە لەپەرلەمان و پەرلەمانتـــاران دەکات، ئەمـــە جگە لەوەی لەدەســـتوور لایداوە کە لەمـــەش دا بەڵگەمان لەبەردەســـتدایە، بۆچوون و تێڕوانینەکانی ئێمە بـــۆ ئەو هەوڵانـــەی کە لەلایـــەن هاوپەیمانی کوردستانییەوە دەنرێت لەپێناوی ئەوەی ئاڵووێری لەپۆستی سەرۆك وەزیران بکرێت ئومێد بەخەڵکی و گەلانی عیراق و هێزە سیاسییەکان دەبەخشێت، ئەمە دەبێتـــە نموونەیەکی زیندوو زۆر کاریگەر لە ئایندەی دیموکراســـی لەعیراقـــدا، مانای ئەوەیە کاتێك سەرۆك وەزیر نەتوانێت پابەند بێت بەڕێکەوتنێکی ســـەرەکی کە ڕێکەوتنی هەولێرە و بەشێوەیەکی ئاشـــکرا سەرپێچی لەبەندەکانی دەســـتوور بکات، ئەمە دەبێتە وانەیەك بۆ هەر ســـەرۆك وەزیرانێکی داهاتوو، لەوە تێدەگات ئەگـــەر پابەند نەبێت بەدەســـتوور لەلایەن پەرلەمانەوە لێپرسینەوەی لەگەڵ دەکرێت، کاتێك ڕێکەوتنێکی ســـەرەکی کەبەشێکە لەپرۆســـەی سیاســـی لەعیراقدا پێشێل بکات، ئەوا پەرلەمان دەتوانێت ئیستجوابی بـــکات، بەتێڕوانینی من ئەمە هەمووی ئومێدبەخشـــن بـــۆ ئەوانـــەی چاودێری سیاسی لەعیراق دەکەن.



*** هەندێك مەترسی ئەوەیان هەیە پرۆسەی متمانە وەرگرتنەوە لە مالیكی بارودۆخەكە ئاڵۆزتر بكات، لەبەرئەوەی مەزەندە ناكرێت سەرۆك وەزیران قبووڵ بكات متمانەی لێوەربگیرێتەوە، ئایا تاچەند ئەم بارودۆخە هەڕەشەی لەكۆی پرۆسە سیاسیەكە لەعیراق دەكات ؟**

- ئەمە هەمووی بەڵگەیە بۆئەوەی ئەمەی ئێمە باسی لێوەدەكەین بەڵگەیە بۆ ئەوەی ئێمە دەڵێین سیستمی حوكمڕانی لە عیراق دەخلیسكێتەوە بەرەو دیكتاتۆرییەت، ئەگینا ئێمە لەوڵاتێكی دیموكراسی نابێت بەو ئاراستەی بچین، ئەوەتا تەماشای وڵاتانی دنیا بكە كە سەرۆك وەزیر ناتوانێت پرۆژەیەكی دەستپێوەگرتنەوەی خەرجییەكان جێبەجێ بكات بەپێچەوانەوە دەست لەكاردەكێشێتەوە ئەوەتا لەیونان و ئیسپانیاو وڵاتانی تر دەیبینین كە زۆر ئاساییە سەرۆك وەزیران دەست لەكاركێشانەوەی خۆی راگەیەنێت بۆ لای ئێمە وایلێبێت كاتێك باس لەسەندنەوەی متمانە بكرێت، مەترسی ئەوە هەبێت سەرۆك وەزیران كودەتا بەسەر دیموكراتی بكات و هەڕەشە بكات، ئەمە قسەكانی ئێمە دەسەلمێنێت كە بۆچوونی ئێمە راستەو مەترسی ئەوەمان هەیە عیراق بەرەو دیكتاتۆرییەت بچێت، ئەگینا لەهیچ سیستمێكی دیموكراتیەت نەبووە سەرۆك وەزیران بڵێت واژووی پەرلەمانتار ساختەو تەزویرە ئەوە كەی كاری ئەوە ئەو ئیشی دەسەڵاتی یاسادانانە، كاری ئەوانە بپرسن پەرلەمانتار حازر دەبێت یا نابێت سەرۆك پەرلەمان لێی دەپرسێتەوە بەپێچەوانەوە سەرۆك وەزیران بۆی نییە دەست لەم پرۆسەو كاروبارە وەربدات، لەبەر ئەوە من دڵنیام سەرۆك وەزیران لە پرۆسەیەكی دیموكراسی دا لەئەنجامی ئەم ئیستجوابەدا لاببرێت، ئەمەش دەبێتە وانەیەك لەمێژووی سیاسی عیراقدا كە كەسێكی تر نەوێرێت وا بەئاسانی دەستوور تێپەڕێنێت و پێشێلی رێكەوتنەكان بكات .

*** لەم بارودۆخەدا مەترسیەكی سەرەكی لەسەر پرۆسەی دیموكراسی لەعیراقدا هەیە، ئەم مەترسیەش وەك خاڵی هاوبەش هەموو لایەنەكانی كۆكردۆتەوە، پرسیارەكە لێرەدا ئەوەیە تاچەند دەتوانین ئەم مەترسیە لەسەر پرۆسە دیموكراتیەكە دووربخرێتەوە؟**

**كەس خوازیاری ئەوە نییە سەرۆك كۆمار ببێتە بەشێك لە كێشەكە. سیستمی پەرلەمانی دوولایەنییە. واتا سەرۆك كۆمارو سەرۆك وەزیران بەستراونەتەوە بە یەك سیستمەوە**

- ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ بڕوای هێزە سیاسیەكان بەپرۆسەی سیاسی، ئێمە لەو قەناعەتەین هێزە سیاسیەكانی عیراقی كۆكن لەسەر ئەوەی كەسیستمی دیموكراسی تاكە ڕێگایە بۆ ئەوەی عیراقی ئێستا وەكو خۆی بمێنێت، یەكپارچەیی گەلان و خاكی عیراق بەوەوە بەستراوە، ئەمە دیپاچەی دەستووری عیراق ئەمەی تۆماركردووە كە ئەمانە هەمووی بەستراونەتەوە بەوەی سیستمی دیموكراتی وەكو پێویست كاربكات و ئەو سیستمە پەكی نەكەوێت، لێرەدا ئێمە بڕوامان بەوە هەیە ئەمە لەبەرژەوەندی هەموو پێكهاتەكانی عیراقە بە(سوننەو شیعەو كورد )ەوەیە كە سیستمی دیموكراتی لەعیراقدا بەردەوام و كارا بێت و لەجاران باشتر بەڕێوەبچێت، لەپێش هەمووشیەوە ئاڵوگۆڕكردنی دەسەڵات بەڕێگایەكی دیموكراسی و ئاشتیانە، ئەمە كۆڵەگەی سەرەكی سیستمی دیموكراسیی و حوكمڕانییە لەم سیستمەدا، لەبەرئەوە ئێمە لەو قەناعەتەین دنیای دیموكراسی بەو ئاڕاستەیە دەچێت و تەنانەت ئەوانەی بڕوایان بەدیموكراسیەتیش نەبوو ئێستا ئەو ڕێگایەیان پێڕەوكردووە، كەچی چەندین ساڵە گەلانی عیراق و هێزە سیاسییەكانی خەبات دەكەن لەپێناو بەدەستهێنانی سیستمێكی دیموكراسی، بەدیهێنانی ئەمە بەبڕوای من مومكینە و دەبێت ئەم پرۆسەیە سەربكەوێت .

*** پرۆسەی سیاسی عیراق لەسەر بنەمای تەوافوق پێكهاتووە و حكومەتیش لەسەر بنەمای شەراكەتی نیشتمانی دامەزراوە، بەڵام ئێستا درك بەوە دەكرێت ئەو دوو بنەمایەی تەوافوق و شەراكەتی نیشتمانی كاری پێ ناكرێت، ئایا چۆن دووبارە بەم دوو میكانیزمە دەكرێت پرۆسەكە رێكبخرێتەوە؟**

- كار نەكردن بەهەردوو بنەمای تەوافوق و شەراكەتی نیشتمانی گرفتی ئێمەیە لەگەڵ نوری مالیكی، ئێمە دەڵێین كشانەوەی متمانە لە نوری مالیكی دەرگایەكە بۆ ئەوەی بتوانین جارێكی تر لەسەر بنەمای شەراكەت ئەنجومەنی وەزیرانی عیراق كارەكانی خۆی بەڕێوەببات، كە ئێستا تەنیا شەراكەتێكی شكڵی هەیە، لەكاتێكدا جەوهەری شەراكەت نەماوەو بڕیارەكان لەئۆفیسی شەخسی سەرۆك وەزیرانەوە دەردەچێت و لەئەنجومەنی وەزیرانی عیراق وەرناگیرێت، تەنانەت لەگرێبەستەكانی نەوتیش شەهرستانی فێربووە لەنووسینگەكەی خۆی و بەتەنیا لەگەڵ كۆمپانیا پێترۆڵیەكان

**نامانەوێت هەمان مێژوو لەم وڵاتە خۆی دووبارە بكاتەوە و بەنەفسێكی دیكتاتۆری و تاكڕەوا لەبەغدا حوكم بەڕێوەببرێت**

دادەنیشێت و گرێبەستەكان مۆردەكات، لەكاتێكدا وا پێویستە لەئەنجومەنی وەزیران ئەو دانیشتنانەو گرێبەستانە مۆر بكرێت، دۆسیەی ئەمنیش لەئۆفیسەكەی بەڕێز نوری مالیكی بەڕێوەدەبرێت، لەكاتێكدا ئەگەر پرانسیپی شەراكەت هەبێت دەبێت لەئەنجومەنی وەزیران باس بكرێت. هەربۆیە ئێمە دەڵێین هەردوو مەبدەئی تەوافوق لەناو پەرلەمان و شەراكەتی نیشتمانی لەحكومەتدا تاكە زامنی بەرەوپێشچوونی پرۆسەی دیموكراتییە لەعیراقدا، گەڕانەوەی ئەم دوو پرانسیپەش بۆ ناو پرۆسە سیاسیەكە تەنها بەلادانی مالیكی دەبێت.


*** ئایا ئێمە وەكو كورد كەچەندین ساڵە چەندین ڕێگامان تاقیكردنەوە ئەگەرهاتوو سیستمی تەوافوق و شەراكەت رێكنەخرایەوەو نوری مالیكی قبووڵی نەكرد ئایا ئێمە وەكو كوردو دەسەڵاتی سیاسی قسەیەكی ترمان هەیە؟**

- گەلی كوردستان لەعیراقدا زۆر مەینەتی بەسەردا هاتووە و وەكو ژمارەش ژمارەیەكی كەم لەپێكهاتەی عیراق پێك دەهێنین، لەرووی مێژوویشەوە نەگبەتترین پێكهاتەی عیراق كورد بووە، لەبەرئەوە كاتێك ئێمە دەنگی خۆمان بەرز دەكەینەوەو پێش هەموو خەڵكی تر مەترسیەكان دەوروژێنین لەو روانگەیەوە هاتووە نامانەوێت هەمان مێژوو لەم وڵاتە خۆی دووبارە بكاتەوە و بەنەفسێكی دیكتاتۆری و تاكڕەو لەبەغدا حوكم بەڕێوەببرێت، لەبەرئەوە لەپەرۆشی و دڵسۆزی ئێمەیە و لەچوارچێوەی ئەو ئەخلاقیەتەی كە بڕوامان پێیەتی داوای ئێمە لەبەڕێز نوری مالیكی ئەوەیە : چیتر گەمە بەسیستمی دیموكراسی لەعیراق نەكات، ئەو مەترسیەشی كە ئێستا لەسەر سیستمی دیموكراسی لەعیراقدا هەیە، ئەوا پێویستە ئەگەر مالیكی وەك كەسایەتیەكی سیاسی بەپەرۆشە بۆ دیموكراسیەت لەعیراقدا ئەوا دەبێت خۆی داوای دەست لەكاركێشانەوەی بكردایە، بۆیە داوای دەستلەكاركێشانەوە باشترین ڕێگایە بۆ ئەوەی سیستمی دیموكراسیەت لەم وڵاتەدا رزگاری بێت، ئەو كاتەش بەڕێز نوری مالیكی لەلایەن گەلانی عیراقەوە بە چاوێكی دیكە سەیر دەكرێت.




# قەیرانی سیاسی عێراق ڕێگەچارەی دیموکراتی و دەستووری بۆ ڕێگرتن لەتاکرەوی و دیکتاتۆری

پێشـێلکردنی دەســتوور و جێبەجێنەکردنی ڕێککەوتنـــەکان لەلایەن ســەرۆک وەزیرانی عێراقـــەوە، پرۆســەی سیاســیی عێــراق گەیاندۆتە لێــواری هەڵدێر و پێناچێت هەتا ئێســتاش هیچ چاودێرێك بتوانێ بەدیدێکی گەشبینانە سەیری چارەسەرکردنی کێشەکان و ڕاســتکردنەوەی پرۆسە سیاسیەکە بکات، هەر ئەمەش وای لەبەشــی زۆری پێکهاتە سیاســییەکانی عێراق کردووە کــە پەنا بۆ شێوازێکی دیکەی دەستووری و دیموکراتیانە بەرن کــە ئەویش هەوڵدانە بۆ ســەندنەوەی متمانە بەشــێوەیەکی ئاشــتیانە لەسەرۆك وەزیرانــی ئێســتا و گۆڕینــی بەیەکێکی دیکە، بەڵام ئەم پرۆســەیەش، واتە پرۆسەی لێسەندنەوەی متمانەش لەسەرۆك وەزیران هەتا ئێستا لەکێشمە کێشــدایەو تائێستا نەتوانراوە ئەم پرۆســەیە لەڕێگەی ســەرۆك کۆمارەوە ئاراســتەی پەرلەمان بکرێت، ســەبارەت بەم لایەنە پرســیارمان لەپەرلەمانتاری کۆمەڵی ئیسلامی فاتح داراغایی کردو لەلێدوانێکی تایبەتدا ســەبارەت بەم پرسە بەمجۆرە ڕای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی و وتی:(ئەو کێشانە ئەگەر بەو شــێوەیە بەردەوام بێت، ئەو قەیرانە سیاســییەی ئەمــڕۆ لەعێــراق تێیکەوتووە، کاریگەری خراپی دەبێت لەســەر ڕەوشــی سیاســی، لەسەر ڕەوشــی ئەمنی و لەسەر پێوەنــدی کوتلەکان و بــێ متمانەیی زیاتر باڵدەکێشــێت و ئەمانە هەمووی کاردانەوەی خراپــی دەبێت لەســەر بواری سیاســی و ئەمنــی و هەروەها دەتوانیــن بڵێین ئیش و کاری پەرلەمانیش، چونکە ئیش و کارەکانی پەرلەمانیــش بــەرەو ئیفلیجبوونێکی تەواو دەڕوات، لەبــەر ناکۆکــی و ناتەبایی کوتلە سیاسیەکان، هەروەها حکومەتی عێراق خۆی لەئەنجامــی ڕێککەوتنی کوتلــە و لایەنە سیاســیەکانەوە پێکهاتووە کــە ڕێککەوتوون بەشێوەی تەوافوقی سیاسی و ئیستیحقاقی هەڵبژاردن –کارەکانی بەڕێوەبچن- لەبەر ئەوە مەسەلەی ســەندنەوەی متمانەش هەر دەبێت بەڕێککەوتنــی لایەنەکان بێت و هاوپەیمانی نیشــتمانی ڕازی بن بەدیلێك بۆ ســەرۆك وەزیــران دیاری بکەن، گرفتەکــە لەوێدایە، ئەگەر بەزۆر بێت و بەتۆپزی هەوڵبدرێت ئەو متمانەیە بسەنرێتەوە و هاوپەیمانی نیشتمانی بەدیل دیاری نەکەن، ئەوا چاودێرانی سیاسی ئەوەیــان بەهەنــد وەرگرتوە کە ئــەوە دەبێتە هــۆی گرژبوون و ئاڵۆزی زیاتر لەڕەوشــی سیاسی عێراقدا. لەلایەکی دیکەش تا ئێستا ئەنجومەنی باڵای ئیسلامی و ئەوانی دیکە لەهاوپەیمانی نیشــتمانی پشتیان لەمالیکی نەکردووە. لەبەر ئەوە لێســەندنەوەی متمانە بەبۆچوونــی مــن کارێکی ئاســان نییە و ئاڵۆزە، بۆ ســەندنەوەی متمانە لەســەرۆك وەزیــران لەعێراقدا دوو ڕێگەی ســەرەکی هەیە، یەکەمیان ئەوەیە ســەرۆك کۆمار داوا لەپەرلەمان بکات متمانە لەســەرۆك وەزیران بسەنرێتەوە، سەرۆك کۆمار ویستی داواکەی بەئیمزای ئەندام پەرلەمانەکان دەست پێبکات، ئەوەبوو ئیمزاکان نەگەیشتنە ڕێژەی یاسایی،



فاتح داراغایی بۆ گوڵان:

# لەبەر ناکۆکی و ناتەبایی کوتلە سیاسیەکان، ئیش و کارەکانی پەرلەمانیش بەرەو ئیفلیجبوونێکی تەواو دەڕوات

دەتوانین بڵێین ئەو لایەنە شکستی هێنا، پاشان ڕێگەی دووەم لەڕێگەی پەرلەمانەوەیە ئێستا لایەنەکان هەوڵ دەدەن لەڕێگەی پەرلەمانەوە داوای ســەندنەوەی متمانە لەسەرۆك وەزیران بکەن، ئەویش بەبانگهێشتکردنی بۆ پەرلەمان و پاشــان و دواتر دەخرێتــە دەنگدانەوە ئایا دەنگی پێویست دەهێنێت، ئەوەیان لەداهاتودا ڕوون دەبێتەوە)).


ئەوەی داراغایی ئامــاژەی پێکرد جۆرێکە لەدیوە ڕەشبینیەکەی پرۆسەکە لەبەر ئەوەی ڕێگەی یەکەم بۆ چارەســەری کێشەکە کە ڕێگەیەکــی دیموکراتیانەیە نەتوانراوە بگاتە ئاکامێکی ئیجابی، بەڵام پرسیاری گرنگ لێــرەدا ئەوەیە ئایــا پێکهاتەکانــی عێراق ڕاستەوخۆ داوای دەســت لەکارکێشانەوەیان کردووە، یان پێشتر چەندین جاری دیکە داوایان لەنوری مالیکی کردووە ڕێککەوتنەکان جێ بەجێ بکات؟ سەبارەت بەم پرسیارە موتەشەر ســامەرائی ئەندامــی لیســتی ئەلعراقیە لەلێدوانێکــی تایبەتی بۆ گــوڵان جەختی لەسەر ئەوەکردەوە دوای کۆبوونەوەکانی هەولێر و نەجەف داوا لەســەرۆك وەزیران کرا پابەند بێــت بەڕێککەوتنەکان و ماوەی بۆ دیاریکرا جێبەجێیان بکات، بەڵام نەیکرد. بۆیە ئێستا داوای متمانە لێســەندنەوە لەسەرۆك وەزیران بۆتە داوای پێکهاتەکانی عێراق، بۆ ئەمەش بەپێی دەســتوور فەخامەتی سەرۆك کۆمار دەسەڵاتی دستوری تەواوی هەیە بۆ ئەوەی داوای دەست لەکارکێشانەوەی سەرۆك وەزیران لەســەر داوای پێکهاتەکان بەرز بکاتەوە بۆ پەرلەمــان، بەڵام ســەرۆك کۆمــار داوای کۆکردنەوەی ئیمزای کرد، بەڵام وەك بینیمان ئیمــزاکان تەواو نەبوون، بۆیە ئێســتا دەبێت سەرۆك وەزیران بانگهێشتی پەرلەمان بکرێت بۆ ئەوەی پرســیاری لێ بکرێت و پاشــان سەندنەوەی متمانە بخرێتە دەنگدانەوە، ئەگەر دەنگی پێویستی نەهێنا، ئەوا دەبێت متمانەی لێوەربگیرێتەوە.

هەر سەبارەت بەهەمان پرس و سەبارەت بەوەی بۆچی نەتوانرا داوای دەست لەکارکێشانەوەی سەرۆك وەزیرانی عێراق بنێردرێت بۆ پەرلەمان، پرســیارمان لە ئوســامە جەمیل پەرلەمانی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان لەپەرلەمانی عێراق کرد، ئەویش هۆکاری ئەم مەسەلەیەی بۆ هۆکاری یاســایی و سیاسی گێڕایەوەو بەمجــورە ڕای خۆی بــۆ گوڵان دەربڕی و گوتی: (دەکرێت گرفتەکە بکەینە دوو بەش، سیاسی و یاسایی، بەشە یاساییەکەی ئەوەیە کە ســەرۆك کۆمار ڕایگەیاند کە ژمارەی واژۆکان تــەواو نییە و خــۆی لە١٦٠ واژۆ دەدات و ١٠ کەسیش واژۆکانیان کشاندۆتەوە، لەبەر ئەوە ناتوانــم بە١٦٠ واژۆ داواکە بەرز بکەمەوە، پێویســتی بەچــوار واژۆی دیکە هەیــە، چونکە بە١٦٤ واژۆ دەتوانێت، یاخود ١٦٤ دەنــگ دەتوانێت متمانــە لەمالیکی وەربگرێتەوە. بەشــە سیاســییەکەی ئەوەیە بۆچی ســەرۆك کۆمار بــەرزی نەکردەوە، لەبەرئەوەی هەمیشە سەرۆك کۆمار دەیەوێت وەك ڕەشماڵێك مامەڵە بکات



و بۆ هەموو لایەنەکان وەك یەك بێت و بەیەك دورایی لەهەموو لایەنەکان دەڕوانێت و لەهەوڵی ئەوەدایە لایەنەکان پێکبێن و ئەو دوو ساڵەی کە ماوە، نوری مالیکی سەرۆك وەزیرانی عێراق بێت، بەحوکمی ئەوەی سەرۆك کۆمارە نایەوێت ببێتە لایەنێك لەکێشەکە. ئەوە بەشێکی، بەشێکی دیکەشی ئەوەیە بەدڵنیاییەوە وەك سەرۆك کۆمار و وەك سەرۆکی حزبێك فشاری لەسەرە، فشاری ناوخۆ و فشاری دەرەوە، فشاری دەرەوە خۆی لەئەمریکا و ئێراندا بەرجەستە دەکات، کە بەجددی فشاریان خستۆتەسەر هەموو لایەنەکان، نەك هەر سەرۆك کۆمار، لەگەڵ هەموو لایەنە سیاسییەکان، تەنانەت لەگەڵ پارتیش قسەیان کردووە و فشاریان خستۆتەسەر سەدریەکان، لەگەڵ عێراقیە نازانم، لەبەر ئەوەی عێراقیە پێوەندیی لەگەڵ ئێران کۆك و باش نییە، ڕەنگە بەناڕاستەوخۆ قسەیان لەگەڵ کردبێتن، بۆ ئەوەی نوری مالیکی ئەم دوو ساڵە بمێنێتەوە، ئەمەریکیەکانیش هەمان داواکاریان هەیە و باڵیۆزی ئەمریکا لەعێراق ڕایگەیاند کە ئێمە دەمانەوێت مالیکی بمێنێت. ئەوە بەشێکی، بەشێکی دیکەش ڕەنگە وەك ئەوەی وتەبێژی مەکتەبی سیاسی ڕایگەیاند کە ئێمە ترسێکمان هەیە، ترسەکەش ئەوەیە نەوەك مالیکی هەنگاوێك بنێت بۆ تێکدانی بارودۆخەکە، واتە حاڵەتی نائاسایی ڕابگەیەنێت و سوپا بەعێراقدا بڵاوبکاتەوە و ڕەنگە هێرشی سەر کوردستان بکات، ئەوە خاڵێك، خاڵێکی دیکە، ڕەنگە ئەو کاتە دەوڵەتی یاسا ڕایبگەیەنێت کە مادام سەرۆك وەزیران دەگۆڕێت، دەبێت سەرۆك کۆمار و سەرۆکی پەرلەمانیش بگۆڕێت)).

سەبارەت بەوەشی ئایا نوری مالیکی دەتوانێت هەموو ئەو مەترسیانە دروست بکات و لەحاڵەتی وادا دەبێت چی بکرێت؟ ئوسامە جەمیل لەوەڵامی ئەم پرسیارەشدا بەگوڵانی ڕاگەیاند: (لەبەر ئەوەی سەرۆك وەزیرانە یەك و دووەمییش ئەوەیە تا ئێستا ئێران و ئەمریکا پاڵپشتی دەکەن، بەشێ سێیەمیش ئەوەیە خاوەنی ٨٩ کورسیە لەپەرلەمان و بەزەبری پارە و چاوسورکردنەوە توانیتی نزیکەی ١٠ تا ١٥ کورسی لەئەلعێراقیە و لیستەکانی دیکە بکڕێ، جگە لەکورد. کە تا ئێستا نەیتوانیوە کورد بکڕێت، لەبەر ئەوە تەسەور دەکرێت شتی وابکات. لەسیاسەتدا دەبێت هەموو ئەگەرێك دابنێیت. هەربۆیە مانەوەی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و بەمانەوە ئەو عەقڵانەی وەك ئەو بیردەکەنەوە



موتەشەر سامەرائی بۆ گوڵان:

## داوای متمانە لێسەندنەوە لەسەرۆک وەزیران بۆتە داوای پێکهاتەکانی عێراق



ئوسامە جەمیل بۆ گوڵان:

## تا ئێستا ئێران و ئەمریکا پاڵپشتی لە مانەوەی مالیکی دەکەن



لەعێراق مەسەلەی مەترسی لەسەر پرۆسەی دیموکراتی زۆر زۆرە، جگە لەوەش نابێت ئەوەمان لەبیربچێت کە لایەنی کوردیش کۆمەڵێ خاڵی لاوازی هەیە کە وای کردووە مالیکی ئەو جۆرە هەنگاوانە لەگەڵ کورد بنێت، کە نابێت بەڕاستی ئەوە لەبیر بکەین)).

**مانۆری دیالۆگ بۆ خۆدزینەوە لەمتمانە سەندنەوە**

سیاسەتی نوری مالیکی لەو کاتەوەی بۆتە سەرۆك وەزیرانی عێراق پیادەکردنی دوو خاڵی گرنگە، یەکەمیان پیادەکردنی مانۆری سیاسیی و دووەمیان خۆ دزینەوە لەجێبەجێکردنی ڕێککەوتنەکان، هەربۆیە ماوەی نزیکەی ساڵێکە داوا لەنوری مالیکی دەکرێت خۆ دزینەوە لەجێبەجێ کردنی ڕێککەوتنەکان و دواخستنی بەبیانووی جۆراو جۆری بێ بنەما، عێراق و پرۆسە سیاسیەکەی ڕووبەڕووی قەیرانێکی گەورە دەکاتەوە، بەڵام لەماوەی ئەم ساڵەدا نەك ئامادەنەبووە بۆ ئەوەی بەدیالۆگ و کۆبوونەوە کێشەکان چارەسەر بکرێن، بەڵکو چەندین سیناریۆی جۆراو جۆری دروستکردووە، بەڵام ئێستا کە گەیشتۆتە ئەوەی دەزانێت لایەنە سیاسیەکان جددین لەسەر وەرگرتنەوەی متمانە لێی کەوتۆتە بانگێشە بۆ ئەوەی ئامادەیە بەوتوویژ و دیالۆگ کێشەکان چارەسەر بکرێت، بەڵام پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە ئایا بەشی ئەوە متمانە ماوە بەدیالۆگ و کۆبوونەوە هەموو کێشەکان چارەسەر بکرێن؟ بێگومان وەڵامی ئەم پرسیارە هەڵوێستی ئەو لایەنە سیاسیانە دیاری دەکات کە بێ ئومێدن لەوەی بتوانن لەگەڵ مالیکی بەدیالۆگ کێشەکان چارەسەر بکەن، بەڵام ئاخۆ لیستی دەوڵەتی یاسا چۆن بانگێشە بۆ ئەم سیناریۆیە دەکات؟ ئەم پرسیارەمان ئاراستەی ئیحسان یاسین پەرلەمانتاری لیستی دەوڵەتی یاسا کرد و لەلێدوانێکی تایبەتدا بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن: ((ئێمە چەندین جار وتومانەو دووبارەمانکردەوە کە مەترسییەکی پێشبینی کراو لەسەر پرۆسە سیاسییەکە هەیە، ئێمە لەدژی بەکارهێنانی میکانیزمی دیموکراسی نین، بەڵام پێویستە لەجێگەی خۆی بێت و لەپێناو مەبەستێکی باڵاتر بێت و لەبەرژەوەندیی هاووڵاتی بێت، هەر بۆیە ئێمە پێمانوایە کە هەڕەشەیەك لەسەر عێراق هەیە و لەوانەیە لێسەندنەوەی متمانە لەحکومەت ئاکامی زۆر خراپی لێ بکەوێتەوە لەسەر ڕەوشی سیاسی لەعێراق و بینیمان چۆن سەرباری هەبوونی حکومەت ژمارەیەك تەقینەوە شارەکانی عێراقی کردە ئامانج، کەواتە بارەکە چۆن دەبێت ئەگەر پشێوی بکەوێتە حکومەت و متمانەی لێ بستێندرێتەوە و ببێتە حکومەتی بەڕێکردنی کاری ڕۆژانە...و تاد؟ بەڕای من هەڕەشە لەسەر عێراق هەیە و پێویستە لەسەر مێزی دانوستان دانیشین بۆ چارەسەرکردنی ئیشکالییاتەکان، ڕاستە کەموکورتی هەیە و خراپی ئەدا هەیە لەسەر ئاستی حکومی و لەسەر ئاستی قەوارە سیاسییەکان، بۆیە دەکرێ لەڕێگەی دیالۆگ پێکەوە دانیشین. تەنانەت گەر جیاوازی لەبۆچوونەکانیش هەبێت ئەوە جیابوونەوە و لێکترازان ڕوویندداوە لەنێوان هێزە سیاسییەکان)).


ئەوەی پەرلەمانتار ئیحسان یاسین وەك نوێنەری لیستی دەوڵەتی یاسا باسی دەکات، ئەگەر بەشێکی کەمیشی لیستی یاسا و سەرۆك وەزیران بڕوایان بەو قسانە هەبوایە، ئەوا نە عێراق دەگەیشتە ئەم قەیرانە و نە پرۆسەی سیاسیی عێراقیش ڕووبەڕووی هەڵدێر دەبۆوە، بۆیە کاتێك لیستی دەوڵەتی یاسا دەکەوێتە پەلەقاژە هەموو ڕێگەیەك تاقی دەکاتەوە.



ئیحسان یاسین بۆ گوڵان:

## هەڕەشە لەسەر عێراق هەیە و پێویستە لەسەر مێزی دانوستان دانیشین بۆ چارەسەرکردنی ئیشکالییاتەکان

# گەندەڵی و چینی بێ کەسایەتی خەوشە درمەکانی کۆمەڵگای گوازراوەن



ئازا حەسیب قەرەداخی

**شۆکی یەکەمی مۆدەرنیتە، سەرهەڵدانی پێوەرگەلێکی نالۆژیکیی لێدەکەوێتەوە، وەك چۆن ئێستا لای هەندێك لە کۆمەڵگای کوردیدا بووەتە باوو ئیش لەسەر بڵاوکردنەوەی جۆرێك لە هوشیاری دەکەن کە حزبایەتی وسیاسەت یەکسان دەکات بە گەندەڵی**

لە وتارێکی پێشوودا لەبارەی کۆمەڵگای کوردییە کە ناوم لێنا (کۆمەڵگای گوازراوە) و خەسڵەتە گشتییەکانیم بەیان کرد، ئاماژەم بۆ پێکهاتەی کۆمەڵایەتی کرد و وتم، خۆیشایەتی (ولاءات) ـە کۆنەکانی پێش مۆدەرنیتە بوژاونەتەوەو خۆیان نوێ کردۆتەوە لەگەڵ مۆدەرنیتەو گۆڕانکارییەکاندا خۆیان گونجاندووەو بوونەتە چینی کۆمەڵایەتی نوێ لەسەر بناغەی خاوەندارێتی تایبەتی زەوی و سەرمایەی بازرگانیی، بەڵام بێ ئەوەی رەگوڕیشەکانی کولتوورو شێوازی ژیانی دەرەبەگایەتی خۆیان بە هەموو ئەو بەهاو دابونەریت و رەفتارو تایبەتمەندی و خەسڵەتانەی هەیانبووە، بپچڕێنن. ئەم پێکهاتە نوێیە ـ کۆنە توانیویەتی ریزەکانی خۆی لەگەڵ ریزەکانی پێکهاتەی نوێی چینایەتی رێکبخات کە مۆدەرنیتە بەرهەمی هێناون. خۆیشایەتییە کۆنەکان، ئەوەی هەیانبووە لەگەڵ ئەوەی لەلای پێکهاتە نوێیەکە هەیەتی، لە بەرەیەکی ئابووری ـ سیاسیدا جووت کردووەو بەمەیش بەردی بناغەیەکی نوێیان بۆ پرۆسەی ئاڵوگۆڕ لەنێوانی چالاکی سیاسی و دەوڵەمەندبوونی ئابووریدا داناوە. ئەم بەرە نوێیە دەرگای دەسەڵاتی بۆ خۆیشایەتییە کۆنەکان خستە سەرپشت و، ئەوانەی نوێیش بۆ کۆکردنەوەی سامان، سوودیان لە پێگەو شوێنگەی سیاسی و ئیدارییان وەرگرتووە. دواجار هەردووکیشیان پێکەوە بوونەتە هۆکاری لاوازی دامەزراوەیی و میکانیزمە فەرمییەکانی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی. ئەمەیش ئەو نەخۆشییە درمەیە کە کۆمەڵگا گوازراوەکان پێوەی دەناڵێنن و ( بەها کۆمەڵەیی و خۆیشایەتییە سەرەتاییەکانی کۆمەڵگای نەریتی بەگشتی و عەشرەتگەری و خزمایەتی بەتایبەتی، فاکتەری سەرەکی سەرهەڵدانی گەندەڵی و حەشاردانی خزم و ناسیاوە گەندەڵکارەکانن). ئەم خەوشە وەها بڵاوە لەمجۆرە کۆمەڵگایانە، وەکوو بڵێی گەندەڵی قەدەری مۆدەرنیتەی کۆمەڵگای گوازراوەیە. یان هەروەکوو (ساموئێل هەنتکتۆن) دەپرسێ: بۆچی مۆدەرنیتە دەبێتە هۆی دروستبوونی گەندەڵی؟ ئایا ئەوە تەنیا رێکەوتە کە بەرزبوونەوەی رێژەی گەندەڵی لە ژیانی گشتی لە ئینگەلتەرا و ئەمریکادا، هاوکات بووە لەگەڵ شۆڕشی پیشەسازی و پەرەسەندنی سەرچاوەی نوێ بۆ وزە و سامان و دەرکەوتنی چینی نوێی کۆمەڵایەتی خودان داخوازی نوێ کەبەسەر حوکمڕانانیاندا دەسەپاندووە؟

هەنتکتۆن لە سێ تێزی لێکگرێدراودا بەمجۆرەی خوارەوە وەڵامی پرسیارەکانی دەداتەوە:

تێزی یەکەم:( مۆدەرنیتە گۆڕانکاریی لە بەها و پێوەرە سەرەکییەکانی کۆمەڵگادا دەکات). ئەمە ئەو گۆڕانکارییەیە کە لە کۆمەڵگا سەرمایەدارەکانی رۆژئاوادا روویان داوەو توانیویانە هەموو رەگوڕیشەکانی خۆیشایەتی و رایەڵەکانی پێوەندییەکانی ناو کۆمەڵگای پێش سەرمایەداری بپچڕێنن. وەلێ بەگوێرەی کۆمەڵگای هاوشێوەی کۆمەڵگای کوردی، کە هێشتا نەیتوانیوە ئەو رەگوڕیشانە بپسێنێ، بەڵکو بەشێك لەو رەگانەی هێشتۆتەوە، کە بەشێکی کاریگەرن بەسەر بەهاو پێوەرەکانەوە. ئەو گۆڕانکارییە رووینەداوە. بۆیە کە توێژی کۆمەڵایەتی نوێ پەیدا دەبن و چاویان بە بەها و پێوەرەکانی مۆدەرنیتەی کۆمەڵگاکانی رۆژئاوای مۆدەرنیتە دەکرێتەوەو بەوانە گۆش و هوشیار دەبن، دەکەونە رەخنەگرتن لە بەهاو پێوەرە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگای خۆیان، بەڵام بە کەرەستەو پرینسیپە بیانییە خوازراوەکان. بەم حاڵەش هەموو ئەو رەفتارانەی پێشتر بەپێی پرینسیپە نەرێتییەکان شیاو بوون، بەپێی پێوەر و پرینسیپەکانی مۆدەرنیتە نەشیاو دەبن. لێرەدا کێشەی سەرەکی ئەوەیە کە رەخنەگرتن یان هەوڵدان بۆ گۆڕینی بەها و پێوەرە نەریتییەکان لە کۆمەڵگای گوازراوەدا کە هێشتا رایەڵە خۆیشایەتییە کۆن و سەرەتاییەکانی لەگەڵ کولتوور و بەهاو پێوەرەکانی نەپچڕاندووە، دەبێتە هۆی مولەقبوون و لەرزینی رەوایەتی هەموو ئەو پێوەر و بەهایانە. ئەمەیش دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی ململانێی توند لەناو کۆمەڵگادا. ململانێ لەنێوانی پرینسیپەکانی نەرێتیی و پرینسیپەکانی مۆدەرنیتە. ململانێیەك دەرفەت بۆ هەردوولا دەڕەخسێنێ بەجۆرێکی نەشیاو ناقۆڵا مامەڵە لەگەڵ هەردوو جۆری پرینسیپەکاندا بکەن. زۆرجار پابەندبوون بە بەهاکانی مۆدەرنیتەوە، لەلایەن خەڵکانێکەوە لە کۆمەڵگای گوازراوەدا، شێوەیەکی پەڕگیر و توندڕۆیانە وەردەگرێ و بەهاکانی وەکوو دەستپاکی و گشتگیری و لێهاتوویی دەبنە بەهاگەلێکی بە هەژموون، تا ئەو رادەیەی هەندێ

کەس و گرووپی کۆمەڵایەتی تۆمەتی گەندەڵی دەخەنە پاڵ ڕێکارگەلێك لە کۆمەڵگاکەی خۆیاندا، کە لە کۆمەڵگای زۆر مۆدەرنیتەدا ئاسایی و شیاو و تەنانەت ڕەوایشن.

شۆکی یەکەمی مۆدەرنیتە، سەرهەڵدانی پێوەرگەلێکی نالۆژیکیی لێدەکەوێتەوە. ئەم هەڵکشانە لە دانانی پێوەرگەلی نوێدا دەبێتە هۆی ئەوەی دانوستان و سازش کە دوو چەمکی پێویستن لە سیاسەتدا، ڕەتبکرێنەوە و وەکوو چەمککگەلێکی بێزراو و نەشیاو بخرێنە لاوە. بەم هۆیەشەوە ئیتر سیاسەت هاوکوفی گەندەڵی دەکرێ. وەکوو ئەوەی سیاسەت تەنیا گەندەڵییە و هیچی دیکە. ئەمەیش ئێستا لە کۆمەڵگای کوردیدا باوە و هەن ئیش لەسەر بڵاوکردنەوەی جۆرێك لە هوشیاری دەکەن کە حزبایەتی وسیاسەت یەکسان دەکات بە گەندەڵی.

تێزی دووەم: مۆدەرنیتە سەرچاوەی نوێ بۆ کەڵەکەکردنی سامان و دەسەڵات دروست دەکات. هەر لەو کاتەدا کە پێوەر و پرینسیپە نەریتییەکانی ناو کۆمەڵگا، پەیوەندی نێوان سیاسەت و ئەم سەرچاوە نوێیانە دیاری ناکەن، هێشتا پرینسیپەکانی مۆدەرنیتەش لەلای توێژی دەسەڵاتداری کۆمەڵگاوە شیاو و قبوڵکراو نین. بۆیە لەم کاتەدا گەندەڵی دەبێتە دەرەنجامی بێ چەندوچۆنی سەرهەڵدانی توێژی نوێی کۆمەڵایەتی کە خودان سامان و دەسەڵاتی خۆیان و هەوڵیش دەدەن بۆ ئەوەی ببنە توێژی ئەکتیڤ و کارا لە کایەی سیاسیدا.

تێزی سێیەم: مۆدەرنیتە بەهۆی ئەو گۆڕانکارییانەی لە سستەمی سیاسیدا دەیانکات دەبێتە هاندەری گەندەڵی. چونکە فراوانکردنی دەسەڵاتی حوکمڕانی و چەندئەوەندەکردنی ئەو چالاکییانەی لەژێر کۆنترۆڵی حکومەتدان، لە هەناوی مۆدەرنیزەی کۆمەڵگای گوازراوە دان. لەسەر ئەم بنەمایە هنتکتۆن بەو ئەنجامە دەگات کە (ئەو گەندەڵییەی مۆدەرنیتە لە کۆمەڵگای گوازراوەدا دروستی دەکات، بەشێکە لە سروشتی ئەو کۆمەڵگایە و هاوکات لە سروشتی پرۆسەی مۆدەرنیتەیش)

کۆمەڵگای گوازراوە لەشێوەی کۆمەڵگای کوردی کە پرۆسەی دروستبوونی چینەکان وەکوو ئەوەی چین بن بۆخۆیان و سنووری جیاکەرەوە لەنێوانیاندا هەبن، تەواو نەبووە، ئەوا گریمانەی سەرەکی بریتییە لەوەی کە تا ڕادە و ڕێژەیەکی دیاریکراو چینێکی باڵای تۆکمەو دامەزراوی تێدا نییە. پێ بەپێی ئەوەیش تا ڕادەو ڕێژەیەکی دیاریکراو ئاکارو ئەخلاقییەتی چینایەتی حوکمڕانیشی تێدا نییە. بەم هۆیەشەوە بوارێکی ئەوتۆ نامێنێ کە گومان بکرێ لەوەی دەستکەوتی ناڕەوا لە کاری سیاسییدا دەگاتە ناشترین و قێزەونترین ئاستەکانی. بەواتایەکی دیکە وەکوو هەنتکتۆن دەڵێ، بە ڕاستی لەوانەیە بڵاوبوونەوەی گەندەڵی پەیوەست بێ بە نەبوونی سنووره لێکجیاکەرەوەکانی نێوان چینەکانەوە. کەواتە دەرەنجامێکی ئاساییە کە لە ساڵی ١٩٩١ـەوە و لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییە خێرا و ڕەمەکییانەی ڕوودواوە یەك لەدوای یەکەکان دروستیان کرد، هەروەها بەهۆی پاڵپاڵێنە و شانلێکسوانی هێزە سیاسی و کۆمەڵایەتییە کۆن و نوێکان لەپێناوی دەسەڵات و ڕۆڵ و شوێنگە و دەستکەوتی دیکەدا، شڵەژان و پشێوی کۆمەڵایەتی ڕوویان دا و بەو هۆیەشەوە سروشتی مۆدەرنیزەی کوردی لە قۆناغی گوازراوەییدا دەرفەت و سەرچاوەی نوێی بۆ کۆکردنەوەی سامان، بەشێوەی ڕەوا و ناڕەوا دروست کرد. هەروەها دەرفەتی خێرای بۆ گەیشتن بە دەریچەکانی دەسەڵاتی سیاسی و گۆڕینی بەردەوامی پیشەو دۆزینەوەی زیاتر لە دەرفەتێك بۆ زیاتر لە کارێك هێنایە ئاراوە. هەموو ئەمانە جۆرێك لە بزاوتی کۆمەڵایەتی هەڵکشاوی شاقووڵی خێرای دروست کرد کە هەم سرووشتی نەبوو، هەم هیچ بەربەستێك نەیدەگەڕاندەوەو هیچ پێوەرو بەهایەکیش ڕێکی نەدەخستن. هەڵبەت ئەم جۆرە بزاوتە کۆمەڵایەتییە لەلای خۆیەوە دەرفەتی ئەوەی دروست کرد کە خەڵکانێك لە هەژارییەوە بە خێرایی ببنە دەوڵەمەند، بە خێرایی لە پیشەیەکەوە بچنە سەر پیشەیەکی دیکە، ئەمەیش تەگەرەی بۆ پەرەسەندنی ئاسایی دیاردەکانی چینایەتی دروست کردو دەرەنجام ڕێی نەدا کولتوور و وشیاری و ئایدیۆلۆژیای چینایەتی دروست ببێ. واتە کولتووری تایبەت بە شێوازی ژیانی چینی تایبەت دروست نەبوو. هەنووکە لە کۆمەڵگای کوردیدا، لە هەناوی هەر چینێکدا، پاشماوە و ڕۆنیشتەی چینەکانی پێش خۆی تێدایە و، بیروڕا و بەها و دنیابینی ئەوانی هەڵگرتووە. بۆیە دەکرێ بڵێین لە کۆمەڵگای کوردیدا، لە ڕووی پێکهاتەو وشیارییەوە، چینی شێواو هەن. چینگەلێك هەن، بێ کەسایەتی و ناسنامەن. بەم هۆیەیشەوە ئەستەمە بتوانرێ دیدگایەکی دیاریکراوی چینێکی دیاریکراو لە چارەسەرییە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییە هەنووکەییەکان، یان وەکوو نەخشەڕێ بۆ ئایندەی ئەم کۆمەڵگایە ببینرێتەوە. گشت دیدگاو بەرنامەکان، تا ڕادەیەکی زۆر لێك نزیکن، لەیەکتر دەچن. بۆیە دەکرێ لەبەر ڕۆشنایی ئەوانەی سەرەوەدا بەو دەرەنجامە بگەین کە لە حاڵی حازردا، کۆمەڵگای کوردی لە نێوانی پێویستییە ماتریال و کولتوورییەکانی لەلایەك و بەرهەمهێنانی وشیاری کۆمەڵایەتی لەلایەکی دیکە، لە بارێکی ناکۆکدا دەژی چونکە ئاستی بەرهەمهێنانی وشیاری کۆمەڵایەتی زۆر لەدواوەی بەرهەمهێنانی پێداویستییەکانەوەیە.

**ڕەخنەگرتن یان هەوڵدان بۆ گۆڕینی بەها و پێوەرە نەریتییەکان لە کۆمەڵگای گوازراوەدا دەبێتە هۆی مولەقبوون و لەرزینی ڕەوایەتی هەموو ئەو پێوەر و بەهایانە. ئەمەیش دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی ململانێی توند لەناو کۆمەڵگادا**

**بەها کۆمەڵەیی و خۆێشایەتییە سەرەتاییەکانی کۆمەڵگای نەریتی بەگشتی و عەشرەتگەری و خزمایەتی بەتایبەتی، فاکتەری سەرەکی سەرهەڵدانی گەندەڵی و حەشاردانی خزم و ناسیاوە گەندەڵکارەکانن**

# لە قەیرانی سوریادا عێراق کەوتۆتە نێوان بەرداشی ئێران و ئەمریکاوە



پرۆفیسۆر تید گەلن کارپێنتەر
تایبەت بۆ گوڵانی نووسیوە



قەیرانی سوریا کێشەیەکی بۆ عێراق زەقکردۆتەوە کە چەندین ساڵە گەورە دەبێت. واقیعی جوگرافی ئەوە دەسەپێنێت کە دوژمنایەتی کردنی وڵاتێکی گەورەی سەر سنووری ڕۆژهەڵات کە ئێرانە لەلایەن هەر ڕژێمێکی عێراقەوە کارێکی مەترسیدارە. جگە لەو فاکتەرەش، پێدەچێت هەمیشە حکومەتی عێراق، کە شیعەکان سەرکردایەتی دەکەن بە سەرۆکایەتی سەرۆك وەزیران نوری ئەلمالیکی مەیلی گرێدانی پێوەندیەکی دۆستانەی هەبێت لەگەڵ هاوئاییینەکانی لە ئێراندا.

لە ڕاستیدا، بۆ چەندین ساڵە سەرکردەکانی ئەمریکا بە نیگەرانی و

**واشنتۆن و هاوپەیمانەکانی پێداگیری دەکەن لەسەر ڕووخاندنی ڕژێمەکەی ئەسەد. کە فشارێکی بێئەندازە توند دەکەنەسەر بەغدا بۆ ئەوەی پاڵپشتی ئەم هەوڵانە بکات**

بێزاریەوە لە پێوەندی نزیکی نێوان بەغدا و تەهران دەڕوانێت. ئیدارەی ئۆباما، بە چەشنی ئیدارەی پێشووی ئەمریکا، ئیدارەی بوش، هانی حکومەتەکەی مالیکی داوە و فشاری خستۆتەسەر بۆ پشتیوانیکردن لە سەپاندنی سزای ئابووری سەختتر لە دژی ئێران و گرتنەبەری ڕێوشوێنی دیکە بۆ دوورخستنەوەی سیاسەتەکانی عێراق لە سیاسەتی دراوسێکانی. چارەنووسی ئەو هەوڵانە سەرکەوتوو نەبوو. بەغدا بە بەردەوامی بەرهەڵستی نارەزایەتیەکانی ئەمریکای کردووەو ئامادە نەبووە پاڵپشتی لە ئامانجەکانی ئەمریکا بکات.

تەنگ و چەڵەمە و خوێنرێژی بەردەوامی سوریا شاردنەوەی ناکۆکیە قووڵەکانی نێوان ئەمریکا و حکومەتی

عێراقی کردۆتە کارێکی مەحاڵ. ئاشکرایە واشنتۆن و هاوپەیمانەکانی لە ناتۆ، هاوشان بە سعودیە وڵاتانی کەنداو، هەوڵی ڕووخاندنی دەسەڵاتی سەرکردەی سوری بەشار ئەسەد، دەدەن. ئەگەرچی پاساوی گرتنەبەری ڕێوشوێنی توندتر دژی ئەسەد، بریتییە لەو زەبر و زەنگەی لە دژی ڕکابەرە دیموکراتیەکانی بەکاری دەهێنێت، بەڵام ئەو ئیعتیبارە، تەنیا یەکێك لە فاکتەرەکانە.

کارکردن لە دژی ئەسەد دوو پاڵنەری گەورە لە خۆدەگرێت کە سعودیە و هاوپەیمانەکانی و ئەمریکا و شەریکەکانی لە ناتۆ پێکەوە گرێدەدات. لەبەر ئەوەی ئەسەد هاوپەیمانی سەرەکی تەهرانە، ئەوا وڵاتانی ئەوروپا و بەرەی سعودیە ڕووخاندنی ئەو دەسەڵاتەیان کردۆتە ئامانج. بەلای سعودیەوە، سوریا دەستکەوتێکی گرنگی جیوپۆلەتیکیە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. ڕووخاندنی ڕژێمەکەی ئەسەد هێزی سەرەکی شیعە لاواز دەکات، کە بریتییە لە ئێران، هەروەها بە ئەندازەیەکی گەورە دەستڕۆیشتوویی سعودیە وەك هێزێکی سوننەی سەرەکی زیاد دەکات. بەلای ئەمریکا و ناتۆوە، ڕاماڵینی ئەسەد یەکەم هەنگاوی گرنگە بۆ پوچەڵکردنەوەی خەونی ناووکی ئێران-جگە لەو ئامانجەش، دەتوانرێت گۆڕینی ڕژێمەکە لەڕێی هێزەوە دەستەبەر دەبێت.

سەرەڕای ئەوەی بە شێوەیەکی ڕۆتینی خیتابی پڕ لە هات و هاوار بۆ پشتیوانیکردنی دەستێوەردانی دەرەکی بەکار دەهێنرێت، ئەوا ناکۆکی ناوخۆیی سوریا بێئەندازە ئاڵۆزە و تەم و مژاویە. گومان لە گەندەڵی و سەرکوتکاری

> **تەنگ و چەڵەمە و خوێنڕێژی بەردەوامی سوریا شاردنەوەی ناکۆکیە قووڵەکانی نێوان ئەمریکا و حکومەتی عێراقی کردۆتە کارێکی مەحاڵ**

ڕژێمەکەی ئەسەددا نییە، بەڵام ئەوەی پێی دەووترێت سوپای سوری ئازاد بریتییە لە کۆبوونەوەی چەند لایەنێك، کە پێدەچێت هەندێکیان لایەنی مەترسیدار و نادیموکراتی بن. لەبەر ئەوە ئەگەر لەبەر پێوەندی ئەسەد لەگەڵ تەهران نەبوایە، ئەوا واشنتۆن و ئەوروپا ئەوەندە بایەخیان نەدەدا بەوەی لە سوریا ڕوودەدات. ڕەنگە ئەمە بە باشترین شێوە لە دووەپەرێزیان لە ئاست ناکۆکیەکی خوێناوتردا دەرکەوتبێت لە وڵاتگەلێکی دیکەدا، وەك کۆماری دیموکراتی کۆنگۆ.

بەڵام لەبەر ئەوەی ئێران فاکتەرێکە لە کێشەکەدا، واشنتۆن و هاوپەیمانەکانی پێداگیری دەکەن لەسەر ڕووخاندنی ڕژێمەکەی ئەسەد، کە فشارێکی بێئەندازە توند دەکەنەسەر بەغدا بۆ ئەوەی پاڵپشتی ئەم هەوڵانە بکات. حکومەتەکەی مالیکی پشتیوانیکردنی سیاسەتی دژ بە ئەسەدی ڕەتکردۆتەوە،

> **ئەگەر لەبەر پێوەندی ئەسەد لەگەڵ تەهران نەبوایە، ئەوا واشنتۆن و ئەوروپا ئەوەندە بایەخیان نەدەدا بەوەی لە سوریا ڕوودەدات**

ئەویش لە بەشێکیدا وەك پارسەنگێك بۆ فشارەکانی ئێران. وەزیری دەرەوەی عێراق بە توندی ئەو پێشنیارانەی ڕەتکردەوە کە پشتیوانیکردنی وڵاتەکەی بۆ سەپاندنی سزای نوێ بەسەر دیمەشقدا لە خۆگرتبوو.

گرنگ نییە حکومەتی مالیکی چی دەکات، ئەوا عێراق لە پێگەیەکی بێئەندازە نالەباردایە. ئەگەر مل بۆ فشارەکانی ڕۆژئاوا و سعودیە بدات، ئەوا ئێران دەکاتە دوژمنی خۆی. ئەمەش مەترسی لە خۆدەگرێت لە پێوەندیدا بە سیاسەتی نێودەوڵەتی و ناوخۆییەوە. ئێران توانای خوڵقاندنی کۆمەڵێك سەرئێشەی بۆ عێراق هەیە، هەم لەسەر ئاستی

> **حکومەتی مالیکی هەر سیاسەتێك بگرێتەبەر لە ئاست قەیرانی سوریا دژ بە هەوڵەکانی ئەمریکا، ئەوا عێراق خۆی لە پێگەیەکی نالەبار و لەرزۆکدا دەبینێتەوە**

ئابووری و هەم لەسەر ئاستی سەربازی. هەروەها لەبەرچاوگرتنی قەبارە و هێزی دانیشتوانی شیعەی عێراق، ئەوا مالیکی سەرکێشی بە ئایندەی سیاسی خۆیەوە دەکات ئەگەر ئەو ڕەوت و ڕێڕەوە بگرێتەبەر.

هەروەها ئەگەر ڕووبەڕووی سعودیە بوەستێتەوە کە وڵاتێکی دراوسێی دەوڵەمەندە، ئەوا ئەمە مەترسی بۆ سەر عێراق دەبێت، بە تایبەتی بە ڕەچاوکردنی ناکۆکی ڕیاز لەگەڵ تەهراندا. سعودیەکان چەك و پارە دەدەن بە لایەنە سوننیە عەرەبەکانی عێراق-ئەو گروپانەی بەرهەڵستی دەسەڵاتی حکومەتەکەی مالیکیان کردووە، کە بە زۆری بەرهەڵستیەکی چەکداریش بووە.

هەروەها ڕەنگە بەرهەڵستیکردنی واشنتۆن مایەی مەترسی زیاتر بێت بۆ عێراق، سەرکردەکانی ئەمریکا تۆمارێکی دوورودرێژیان هەیە لەو ڕووەوە کە وەك دوژمنی ئەمریکا لەو حکومەتانەیان ڕوانیوە کە « هاوکار نەبوونە» و کاریان بۆ ڕووخاندنی دەسەڵاتەکانیان کردووە. لە ئێستادا ڕژێمی مالیکی نزیکەی لەوەی ئەو وەسفەی بەسەردا جێبەجێ ببێت. پوچەڵکردنەوەی ئامانجی ئەمریکا بۆ ڕووخاندنی ئەسەد دەبێتەهۆی ئەوەی پێوەندی نێوان واشنتۆن و بەغدا بگاتە نزمترین ئاستی خۆی لە دوای ڕووخانی سەددام حوسێنەوە.

حکومەتی مالیکی هەر سیاسەتێك بگرێتەبەر لە ئاست قەیرانی سوریا دژ بە هەوڵەکانی ئەمریکا، ئەوا عێراق خۆی لە پێگەیەکی نالەبار و لەرزۆکدا دەبینێتەوە.

# بێدەنگبوونی زیاتری کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەرامبەر ڕژێمی ئەسەد مەترسی کارەساتی مرۆیی لێدەکرێت



ئێستا هاوکێشەی کێشەی سوریا زۆر ڕاشکاو و ڕوونە لەبەردەم کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، بەئاشکرا ڕژێمی ئەسەد بەجیهانی ڕاگەیاندووە ئەو نایەوێت دەسەڵات بەجێبهێڵێت هەتا ئەگەر هەموو سوریا ببێتە گۆمی خوێن، هەروەها خەڵکی ڕاپەڕیووی سوریاش سەلماندویانە کە بێجگە لەڕووخانی ڕژێمی ئەسەد بەهیچ بەدیلێکی دیکە ڕازینین، بۆیە ئومێدی ئەوە نەماوە ئەم کێشەیە بەڕێگەی دیالۆگ و ئاشتی چارەسەر بکرێت، یان بەشێوازی ئاشتیانە ئەسەد واز لەدەسەڵات بهێنێت، هەربۆیەشە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ بارودۆخەکە خوێناوی تر دەبێت، هەستکردن بەم مەترسیە وایکردووە کە ناوەندەکانی توێژینەوە گوشار بخەنە سەر ئیدارەی ئەمریکا بۆئەوەی هەنگاوێك هەڵبگریت و هەوڵبدات بڕیارێکی یەکلا کەرەوە سەبارەت بەسوریا بدرێت، سەبارەت بەم لایەنە مایکل سینگ بەڕێوەبەری کارگێڕی ئامۆژگای واشنتۆن بۆ سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی نزیك لەبابەتێکدا کە ڕۆژی ٧ی حوزەیران بڵاوی کردۆتەوە، داوای ئەوە لەئیدارەی سەرۆك ئوباما دەکات کارێك بکات و واز لەو دەستەوەستانییە بێنێت کە ئێستا بەرامبەر ڕژێمی ئەسەد وەریگرتووە، ئەو لەوتارەکەیدا ئاماژە بەوە دەکات مانەوەی ڕژێمی ئەسەد لەهەموو ئەو مەترسیانە گەورەترە کە واشنتۆن مەزندەی دەکات دوای ڕووخانی ڕژێمی ئەسەد ڕووبەڕووی بێتەوە، بۆیە ئەو پێی وایە: (دەبێت ئیدارەی ئۆباما هەندێك ڕێوشوێن بگرێتە بەر بۆ ئەوەی بتوانێت زاڵ بێت بەسەر ئەو ئاستەنگانەی کە بوونەتە ڕێگر لەبەردەم وەرگرتنی بڕیارێکی نێودەوڵەتی لەبارەی سوریاوە، هەروەها دەبێت سنوورێك بۆ ئەو مەترسیانەش دابنێت کە ئێستا لەسەر ئەم مەسەلەیە پێشبینی دەکرێن) هەروەها ئەندرۆ تایلۆر خاوەنی کتێبی شەڕی واشنتۆن لەگەڵ سوریا لەلێدوانێکی بۆ گۆڤاری فۆرن پۆلیس داوای ئەوەکردووە کە هەموو ڕێگەکان لەئەسەد بگیرێت و



بواری ئەوەی پێنەدریت کە بتوانێت زیاتر بارودۆخەکە خوێناوی بکات، بۆ ئەمەش چەند خاڵێکی ئاماژە پێکردووە کە بریتین لە:

١- پشتگیری زیاتری ئۆپۆزسیۆنی سوریا.

٢- هاندانی کورد و خێڵە عەرەبەکانی رۆژهەڵاتی سوریا بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی تەواو پشتگیری لەراپەرینەکانی سوریا بکەن.

٣- هاوکاری دراوسێکانی سوریا بکرێت بۆ ئەوەی ناوچەی ئارام بۆ پەناهەندەکانی سوریا لەناو خاکەکەیان دابمەزرێت.

٤- هاوکاری بکرێت بۆ ئەوەی نەوایەکی ئارام لەناو سوریا دابمەزرێت.

٥- گەمارۆ بخرێتە سەر هاتنی چەك بۆ رژێمی ئەسەد لەکەنارە دەریاییەکانی سوریاوە.

ئەوەی ئەم دوو پسپۆرە ئاماژەی پێدەکەن، هەستکردنە بەمەترسی بارودۆخی ئێستای سوریا، بەڵام ئەم ئەرکە بەتەنیا بەویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ناکرێت و پێویستی بەهاوکاری وڵاتانی دیکەی هاوشێوەی فەرەنسایە، بەتایبەتی کە نیکۆلای سارکۆزی سەرۆکی پێشووی فەرەنسا بۆ وەرگرتنی بریارێك دەستێوەردان لەبارودۆخی لیبیا رۆڵێکی گرنگی گێرا، بەڵام بەپێی لێدوانەکانی یەکدوو رۆژی رابردووی لۆران فابیۆس وەزیری دەرەوەی فەرەنسا، پێدەچی ئەمجارەش فەرەنسا بیەوێت رۆڵیکی پێشەنگ بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەی سوریا بگێرێت، سەبارەت بەبارودۆخی ئێستای سوریا پرسیارمان لەپرۆ فیسۆر کڤانچ ئۆلۆسۆی ئوستادی زانستی سیاسەت لەزانکۆی ئەستەنبوڵ کرد و سەبارەت بەم بارودۆخەی ئێستای سوریا بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن: (پێموایە حاڵی حازر بارودۆخی سوریا لەکۆنترۆڵ دەرچووە، لەبەر ئەوەی ئەو زانیاریانەی لەسوریاوە دێن باس لەوە دەکەن بۆ کۆنترۆڵکردنی بارودۆخەکە ئەسەد شارەکان بەهێزی گەورە گەمارۆ دەدات و هەل و مەرجەکە بەرەو شەرێکی ناوخۆیی راستەقینە دەروات و باوەرم وانییە حکومەتەکەی ئەسەد بتوانێت جیاوازی بکات لەنێوان هێزەکانی موعارەزە و خەڵکە مەدەنییەکەدا، ئەو خەڵکەی هیچ پێوەندیەکی بەم ناکۆکی و کێشەیەوە نییە. قەیرانی سوریا لەکاتێکی ئاڵۆزدا هات کە ئەورووپا لەقەیراندایە و ناتوانێت بۆچونێکی یەکگرتووی هەبێت لەئاست روسیا و سوریادا، ئەمریکا بەهەڵبژاردنەکاندا تێدەپەرێت و فشار دەخاتەسەر وڵاتان، نەك ئەوەی هەماهەنگی بکات بۆ ئەوەی سەرکردایەتی دەستێوەردان بکات، من لەهەڵوێستی روسیا تێدەگەم، لەبەر ئەوەی لەدوای دەستێوەردان لەبارودۆخی لیبیادا، روسیا پێیوایە هەل و مەرجەکە لەدژی بەرژەوەندیەکانی ئەوە، بەلای روسیاوە سوریا تاکە شوێنێکە بتوانێت جێ پێی هەبێت لەناوچەی دەریای سپی ناوەراستدا، لەبەر ئەوەیە کە ئەوەندە بەرهەڵستی دەستێوەردان دەکات لەدۆخی سوریادا، ئەگەر سوریا لەدەست بدات، ئەوا هەموو هێزێك لەدەست دەدات بۆ دەستێوەردان کردن لەناوچەی دەریای سپی ناوەراستدا، کەواتە سوریا گرنگیەکی سەرەکی هەیە بۆ روسیا و پێموایە بەردەوام دەبێت لەسەر بەرهەڵستیکردنی دەستێوەردان لەسوریادا. بەڵام دەبێت کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی قەرەبووی ئەو پێگەیە بۆ روسیا بکاتەوە لەناوچەی دەریای سپی ناوەراستدا، واتە دەبێت لەهەڵوێستی روسیا تێبگەن و بۆ ئەوەی وا لەروسیا بکەن پاڵپشتی کارێك بکات لەلایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیەوە ئەوا دەبێت ئەو قەرەبووەی بۆ بکەنەوە. هەموو ئەمانە وایکردوو بارودۆخەکە بەرەو ئیفلیجبوون بچێت و حاڵی حازر سوریا لەژێر رەحمەتی رژێمەکەی ئەسەددایە، سەبارەت بەتورکیاش هەڵوێستی تورکیا کەم تا زۆر روونە، تورکیا نایەوێت تاکلایەنە دەستێوەردان بکات، تورکیا خوازیارە بەشداری لەکارێکی هەمەلایەندا بکات بۆ دەستێوەردان لەبارودۆخەکە، نەك تاکلایەنە، رەنگە ئێوە لەهۆکارەکەی تێبگەن لەبەر ئەوەی زەحمەتە دراوسێی دەوڵەتێك، یان ناوچەیەك بیت کە ناکۆکی لەسەرە، لەبەر ئەوەی پێشبنییەکی زۆر دەکرێت کە دەستێوەردان بکەیت، بەڵام دەبێت بەرپرسیار بیت لەئاست تێکڕای مەسەلەکە، کەواتە هەڵوێستی تورکیا ئەوەیە دەستێوەردانی یەکلایەنە ناکات لەبارودۆخی سوریادا)).

ئەوەی پرۆفیسۆر ئۆلۆسۆی وەك چاودێرێکی بارودۆخەکە لەتورکیاوە ئاماژەی پێکرد، بارودۆخێکی مەترسیدارە، بەڵام لەم بارودۆخەدا تورکیا جارێکی دیکە پێشوازی لەکۆبوونەوەیەکی دیکەی ئۆپۆزسیۆنی سوریای کردەوە، ئەمەش بەو هیوایە کە ئۆپۆزسیۆنی سوریا پشتگیری بکرێت بۆ ئەوەی بارودۆخەکە یەکلایی بکاتەوە، لەمبارەوە و لەدرێژەی لێدوانەکەیدا بۆ گوڵان ئۆلۆسۆی وتی: (من نازانم چ شتێك چاوەروان دەکرێت لەموعارەزە، بەدڵنیاییەوە موعارەزە یەکگرتوو نابێت و بۆچوون و لایەنی جیاواز بوونی دەبێت، ئەمە شتێکی ئاساییە، و ئەمە دۆخێکی



جۆشۆ لاندیز بۆ گوڵان:

# سوریا بۆتە گۆڕەپانی ناکۆکی لەنێوان رۆژئاوا و رۆژهەڵاتدا لەسەر رۆژهەڵاتی ناوەڕاست

دژوارە لەم هەلومەرجەدا، بیر لەعێراق بکەنەوە پێش ڕووخانی سەدام حوسێن، ئایا موعارەزە یەکگرتو بوو. لەبەر ئەوە نابێت موبالەغە بکەین لەبارەی پێشبینیەکانمانەوە بۆ ئەوەی موعارەزە یەکگرتوو بێت، ئەگەر یەکگرتووش نەبوون، ئەوا شتێکی ئاساییە. بەڵام دەبێت ئەو ڕاستیەش لەبەر چاو بگرین کە ڕژێمی ئەسەد بێ بەدیل نییە و بەدیلی خۆی هەیە، دەکرێت ڕژێمی ئەسەد بگۆڕدرێت و بڕووخێنرێت و ئەوەش ڕاستە کە بارودۆخی دوای ڕۆیشتنی ئەسەد ئاڵۆز دەبێت، کە پێشبینی دەکرێت قۆناغێك لەناسەقامگیری لەسوریا بێتەئاراوە. ئەگەر ڕژێمی سوریاش بڕووخێت، ئەوا کەسێك دەبێت جێی بگرێتەوە و هێزەکانی هەوڵدەدەن یەکبگرن بۆ ئەوەی سوریا ڕێگای ئاشتی و دیموکراسی بگرێتەبەر، من پێشبینی ئەمە دەکەم و باوەڕم وانییە ئەسەد بێ بەدیل بێت)).

## پێشبینی کاری توندوتیژتر لەڕژێمی ئەسەد دەکرێت

ڕژێمی ئەسەد ئێستا یەك ڕێگەی لەبەردەمە ئەویش هەوڵدانە بۆ مانەوەی لەدەسەڵاتدا لەم پێناوەشدا ئەوەی لەبەر دەستی بێت بەکاری دەهێنێت و بارودۆخەکەشی گەیاندۆتە ئەو ئاستەی کە هیچ شتێکی دیکە بەکەڵکی نایەت و هەرچۆنێك واز لەدەسەڵات بێنێت، ئەوا ڕووبەڕووی دادگای تاوانەکانی جەنگ و دژە مرۆڤایەتی دەبێتەوە، لەم سەرینەوە پێشبینی ئەوە دەکرێت ڕۆژ لەدوای ڕۆژ بارودۆخە ئاڵۆزتر بێت. سەبارەت بەم لایەنە پرسیارمان لەپرۆفیسۆر جۆشۆ لاندیز ئوستادی زانستی سیاسەت لەزانکۆی ئۆکلاهۆما و پسپۆر و تایبەتمەند لەسوریا کرد، ئەویش ئەو مەترسیانەی نەشاردەوە و پێشبینی ئەوە دەکات بارودۆخەکە خوێناوی تر بێت و لەمبارەوە بەمجۆرە بۆ گوڵان ڕای خۆی دەربڕی و وتی: (کاتێك هێزە دەرەکیەکان هاوکاری موعارزەیان کرد، ئەوا موعارەزە کاراتر بوون، هەروەها ڕژێمی سوریاش ئاستی چەکەکانی خۆی زیاتر دەکات و توندتر ڕووبەرویان دەبێتەوە، بۆ نموونە تانکی بەکارهێنا، هەروەها هیلیکۆپتەری بەکارهێنا، بەهەزاران کەس کوژراون، ڕاستە موعارەزە زیاتر بەهێز بووە، بەڵام هێشتا سوپاکەی ئەسەد دەتوانێت هێزی زۆر و گەورە بەکاربهێنێت، هەروەها ئاستی توندوتیژی بەرز دەبێتەوە)).

ئەگەر ئەم پێشبینییە بەو ئاستە مەترسیدار بێت، پرسیار ئەوەیە بۆچی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هەوڵێك نادات سنوورێك بۆ ئەم کارەساتە مرۆییە دابنێت، کە هیچ گومانی تێدانییە ڕژێمی ئەسەد بۆ مانەوەی لەدەسەڵات پیادەی دەکات، سەبارەت بەم لایەنەش لەدرێژەی لێدوانەکەیدا بۆ گوڵان پرۆفیسۆر لاندیز وتی: (هەڵویستی ڕوسیا کێشەیەکی ڕاستەقینەیە لەبەردەم بارودۆخی سوریا، لەبەر ئەوەی ڕوسیا و چین سنوورێکیان کێشاوە و نایانەوێت ئەمریکا و ئەوروپا حکومەتی سوریا بڕووخێنن، پێموایە هەردولایان ئەمە بەشکست دەزانن لەڕووخاندنی حکومەتی سوریادا، کە هەردوولا بەڕاستی نیگەرانن لەئاستیدا. کەواتە سوریا بۆتە گۆڕەپانی ناکۆکی لەنێوان ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتدا لەسەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست....بەڵام پرسیاری ئەوەی چۆن کارێك بکرێت ڕوسیا پشت لەسوریا بکات، پێموایە تەنیا ئەو کاتە پشتی تێدەکات کە بزانێت چیتر توانای کۆنترۆڵکردنی بارودۆخەکەی نەماوە. لەلایەکی دیکەش من لەو بڕوایەدام ئەوروپا نایەوێت دەستێوەردانی ڕاستەوخۆ بکات، هەروەها زۆر گران ڕاوەدەستێت لەسەر ئەمریکا ئەگەر بڕیاری دەستێوەردان بدات، ئێمە دەزانین ئەمریکا پارە و کاتێکی زۆری لەعێراقدا بەخەرجدا، هەروەها سوریا کێشەیە لەو ڕووەوە، لەو ئاڕاستەیەوە کە ٢٤ ملیۆن خەڵکی تێدایە، هەروەها نەوتێکی زۆری نییە، لەبەر ئەوەی ئاوەدانکردنەوە و سەقامگیرکردنی ئەو وڵاتە ئەرکێکی زۆر قورس ئەگەر پارە نەبێت، چونکە ئەگەر دەستێوەردان بکەیت، ئەوا پارەیەکی زۆر خەرج دەکەیت. هەروەها ئەمریکا و ئەوروپا باوەڕیان وایە ڕژێمەکەی ئەسەد دەڕووخێت و ئەمە کۆتایی حکومڕانی عەلەویەکانە، ئەویش لەبەر ئەوەی لەسەدا ١٢ی دانیشتوان پێکدەهێنن، لەبەر ئەوەی لەڕووی ئابوورییەوە شکستیان هێناوە، هەروەها سزا ئابوورییەکان سوریایان تێکشاندووە، هەروەها لەبەر ئەوەی وڵاتانی کەنداو پارەیەکی زیاتر بەموعارەزە دەدەن بۆ ئەوەی بەهێزتر بن، ئەمەش هاوسەنگی هێز دەگۆڕێت، واتە ئێستا ڕۆژئاوا ڕژێمەکە برسی دەکات و خۆراك دەداتە موعارەزە و پێیان وایە لەمەودای دووردا سوریا دەڕوخێت و ئەوان ناچارن نین هیچ شتێك بکەن)).

ئەگەر ئەو مەترسیانە لەدوای ڕووخانی ڕژێمی ئەسەد لەلایەن ڕۆژئاواوە بەو ئاستە سەیر بکرێت، ئەوا لایەنێکی دیکەی ئەم کێشەیە ئەوەیە ئەگەر بارودۆخەکە بگاتە شەڕێکی ناوخۆیی قورس لەناو

سووریا، ئەوە مەترسیی ئەوە دەکرێت ئەم شەڕە سنوورەکانی سووریا ببەزێنێت و دەوڵەتانی دراوسێی سووریاش بگرێتەوە، بۆیە ئەم مەترسییەش لەمانەوەی ڕژێمی ئەسەد لەمەترسییەکانی ڕووخانی ڕژێمەکە قورسترە، سەبارەت بەم لایەنەش پرۆفیسۆر لاندیز بەگوڵانی ڕاگەیاند: (بارودۆخەکە ئاڵۆزتر دەبێت، بەڵام باوەڕم وانییە ببێتەهۆی دروستبوونی شەڕی ناوخۆیی لەوڵاتانی دراوسێدا، لەعێراقدا شیعەکان بەباشی دەسەڵاتی خۆیان چەسپاندووە و سوننەکانی عێراق دۆڕاون، ئەوانیش بەم دۆخە خۆشحاڵ نین هەوڵی زیانگەیاندن بەشیعە دەدەن، هەروەها ئەگەر سووریا ببێتە وڵاتێکی عەرەبی سوننە- ڕەنگە مەبەسەتی ئەوەبێت دەسەڵات بگرنەدەست- ئەویش لەڕێی پێدانی چەك بەخێڵەکانەوە، کە ئەمە لەعێراقیشدا کرا، هەروەها ئەگەر ئەلقاعیدە زیاتر بەهێز بێت، ئەویش بەهۆی پشێوییەکانی سووریاوە باوەڕم وانییە ئەمە هاوسەنگی هێز بگۆڕێت، شیعەکان باڵادەستن لەعێراقدا. لەلوبناندا هەندێ هەڵکشان دەبینین کە حزبوڵڵا لاوازتربێت و ڕەنگە سوننەکانیش هەوڵی پێشاندنی هێز و ماسولکە بدەن، پێموانییە تورکیا دووچاری دژواری بێتەوە. پێم وایە باسکردن لەپەڕینەوەی شەڕی ناوخۆ بۆ لوبنان و عێراق و تورکیا زیادەڕەوەی تیاکراوە. ڕاستە زەحمەتی دروست دەبێت، بەڵام پێم وانییە شەڕی ناوخۆیی سوریا بپەڕێتەوە، لەبەر ئەوەی ئەو وڵاتانە خۆیان شەڕی ناوخۆییان هەیە. ئەوەی لەسوریادا دەیبینین ئەوەیە کەمینە حکومڕانی زۆرینە دەکات، ئەمە حاڵەتەکە بوو لە لوبنان و ئەمە حاڵەتەکە بوو لەعێراق، کە سوننەکان حوکمی عێراقیان دەکرد، بەڵام لەلایەن زۆرینەوە دەسەڵاتەکەیان ڕووخێنرا لەهەردوو وڵاتەکەدا. بەڵام کێشە بنەڕەتییەکە کە حکومڕانی کەمینەیە لەسووریا، لەعێراق و لوبنان و تورکیادا بوونی نییە. لەلایەکی دیکە و سەبارەت بەئەگەری دەستێوەردانی نێودەوڵەتی بۆ سوریا، من پێموایە هیچ کەسێك خوازیاری داگیرکردنی سووریا بێت، تەنانەت ئەگەر ڕوسیا ئیدانەی ڕژێمی ئەسەدیش بکات، کە ئەمە دەبێتەهۆی وەستاندنی پێدانی چەك بەحکومەتەکە و ئەمەش کارێکی گرنگە، هەروەها دەبێتەهۆی سەپاندنی سزای ئابووری سەختتر بەسەر سوریادا. بەڵام تەنانەت ئەگەر ڕوسیاش ڕازی بێت، ئەوا ئەمریکا سووریا داگیرناکات، هەروەها ئەورووپاش سووریا داگیرناکات، لەبەر ئەوەی سووریا وڵاتێکی زۆر هەژارە و هیچی نییە، ڕاستە بارودۆخێکی مرۆیی هەیە لەو وڵاتەدا، بەڵام تەنانەت ئەگەر بیەوێت بایەخ بەحاڵەتە مرۆییەکە بدات، ئەوا دەتوانێت لەڕووی داراییەوە یارمەتیان بدات، بەڵام ئەمریکا تەنانەت ئەم کارەش ناکات، لەبەر ئەوە پاڵنەری ئەوان مرۆیی نییە، بەڵکو ستراتیجییە، کە ڕۆژئاوا سوریا داگیربکات.

بەڵام ئەوەی مایەی نیگەرانییە ئەوەیە هەندێ لەچاودێران نیگەران لەبێتوانایی موعارەزە بۆ ڕووخاندنی ڕژێمی ئەسەد، هەروەها باس لەوە دەکەن ناتوانن یەکبگرن و بەرنامەیان بۆ دوای ئەسەد نییە، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئەمە تا چ ڕادەیەك کاریگەری هەبووە بەسەر ئەوەی هەڵوێستێکی ئاشکرا لەئاست سوریادا وەرنەگیرێت؟

لەڕاستیدا مەرج نییە بەرنامەت بۆ دوای ئەسەد هەبێت بۆ ئەوەی ڕژێمی ئەسەد بڕووخێنیت، لەمانگەکانی ڕابردوودا شانسی یەکگرتنی موعارەزە کەمتر و کەمتر بوون، بەڵام ئەمە مانای ئەوەنییە کە شکست



**کڤانچ ئۆلۆسۆی بۆ گوڵان:**

## سوریا گرنگیەکی سەرەکی هەیە بۆ ڕوسیا و پێموایە بەردەوام دەبێت لەسەر بەرهەڵستیکردنی دەستێوەردان لەسوریادا


بریتییە لەگۆڕینی ڕژێمەکە، بەدڵنیاییەوە ئەمریکا خوازیارە ئەمە ڕووبدات، و ئەمریکا باوەڕی وایە ئەمە ڕوودەدات و ئەوان بەئاراستەی ڕاستدا هەنگاو دەنێن و شۆڕشگێڕان سەرکەوتوو دەبن و ئەسەد دەکوژن، لەبەر ئەوە پێیانوایە مەسەلەکان لەو ڕووەوە بەباشی دەڕوات و ئەوان هاوکارەبن لەسەرخستنی شۆڕشەکە، ڕەنگە ئەمە ساڵێکی پێبچێت و ڕەنگە زیاتر، کێ دەزانێت، بەڵام ئەوان هەموو کارێك دەکەن بۆ ئەوەی ئەمە سەرکەوتوو بێت، بەچەك و زانیاری هەواڵگری، و وێنەی زۆر دەگرن لەسەر سوپای ڕژێمی سوریا بۆ هاوکاری کردنی سوپای شۆڕشگێڕان، بەڵام پێموانییە دەهێنن لەتێکشکاندنی ڕژێمی بەعسی سووریا، ڕەنگە بتوانن بەباشی ئەو ڕژێمە تێکبشکێنن، بەڵام دابەشبوونیش هەبێت لەنێوانیاندا، ئەمە لەلوبنان ڕوویدا..... لەکاتێکدا شەڕی ناوخۆیی هەبوو، لەبەر ئەوەی ڕێککەوتن لەنێوان لایەنەکاندا نەبوو، هەروەها ئەمە لەعێراقیشدا ڕوویدا، ئەگەرچی ئەمریکا ڕژێمەکەی ڕووخاند، بەڵام موعارەزە یەکگرتوو نەبوو و ئێستاشی لەگەڵدا بێت بێمتمانەیی قووڵ لەنێوان شیعە و سوننە و کوردەکاندا هەیە، ڕەنگە ئەمە لەسوریادا ڕووبدات. ئێمە خوازیارین سووریەکان یەکگرتوو بن، بەڵام شانسی یەکگرتنیان لەئێستادا کەمە)).

# دەوڵەتی کوردستان

## ”یۆتۆپیای دەوڵەت“ نەک ”دەوڵەتێکی یۆتۆپی“

## هەنگاوێک بەرەو تیۆریزەکردن

## ١



نەوزاد جەمال*

بۆ گوڵان نووسیویەتی

لێرەو لەچەند تەوەری داهاتوودا، زەرورەتی «دەوڵەت» لە چەند ڕوویەکەوە دەبێتە پرسی توێژینەوەم. ئەمەش نەک لەبەرئەوەی ئەمڕۆ بۆتە مۆدەبابەتێک لە نووسین و هەڵوێست نواندندا، بەڵکو لەڕوانگەی فەلسەفەی سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە تیۆریزەکردنی «نەتەوە»و «دەوڵەت» وەک قەوارەیەکی نیشتمانی بەندە بە مەسەلەی شوناس و ناسنامەوە. ئامانجیش لەمە داکۆکیکردنە لەپرسی «دەوڵەتی کوردستانی» وەک یۆتۆپیایەکی واقیعی کە لەسەر بنەمایەکی فەلسەفی جێگیربکرێ. لەئەڵقەی دووەمیدا دێمە سەر باسکردنی پاساو و ڕێخۆشکەریەکانی دەوڵەت کە چ زەرورەتێکی هەیە لەدروستبوونێکی ڕاستەقینەو هاوکات لەئاستی بیرکردنەوەشدا. دواتر باس لەدروستبوونی دەوڵەت وەک «ڕوودانێکی سیاسی» لەبەر ڕۆشنایی فەیلەسوفی فەرەنسی «ئالان بادیۆ» دەکەم. پێموایە دروستکردنی ئەو دەوڵەتە بۆخۆی ڕووداوێکە کە هزر لەپێش پرۆسەیەکی سیاسی نیشتمانی و نەتەوەیەوە کاراو دەستبەکارە، ئەمەش دەبێتە ئەڵقەی سێهەم.

لەئەڵقەی چوارەمیشدا باس لەهەنگاوێکی ڕاستەقینەی «بەرەو دەوڵەت: پرۆژەی سەرەکی هەرێمی کوردستان» دەکەم لەڕێی ڕێخۆشکەرە واقعیەکانیەوە. پاشان دێمە سەر باسکردنی دەوڵەت لەچەند ڕوانگەیەکی تەواو جیاوازەوە کەئەویش ئابووریە. لەکۆتاییدا باس لەدوای قۆناغی دەوڵەت دەکەم کەپێویستی بە پاڵپشتی هزری و ڕۆحییە تا ببێتە دنەو هاندان لەڕێی ئەوەی کە بە «ئایینی مەدەنی» یا «ئایینی دەوڵەت» ناودەبەم. هاوکات باس لەقەیرانی یۆتۆپیای کوردی دەکەم و دەگەڕێمەوە بۆ ئەو هۆکارانەی کە هزریی «یۆتۆپیی کوردی»یان لاوازکردووەو پاشان سەرەتاکانی هزری یۆتۆپیی کوردی تاوتوێدەکەم.

هەڵبەت لەفەلسەفەی سیاسی- کۆمەڵایەتی دا «هزری یۆتۆپیایی» بەکۆڵەکەیەکی گۆڕانی سەرتاسەریی دادەنرێ. لەبەرئەوە باسکردنی پاشخانی هزری یۆتۆپیی چ وەک چەمک و چ وەک پرۆژەیەکی کولتوری و سیاسی پێویستە. بۆیە دەمەوێ سەرەتا چەمکی «یۆتۆپیای دەوڵەت» لە «دەوڵەتی یۆتۆپی» لێکاڵابکەمەوە، بەڵام دەشبێ تێگەیشتنێکی دروستمان بۆ «یۆتۆپیا» هەبێ.

### تێگەیشتنی دروست لە یۆتۆپیا

پێشەکی دەبێ ئەو بۆچوونە هەڵەیە لای خوێنەر بڕەوێنینەوە کە لێرەدا چەمکی «یۆتۆپیا» بەمانا باوەکەی نییە کە هاوواتای «خەیاڵ» و «ئەفسان»ـەیە. لەبەرئەوە دەبێ «یۆتیۆپیای واقیع»ی لە ناواقیعی جیابکەینەوە. لێرەدا مەبەست لە»یۆتۆپیا» پرۆژەیەکی نوێ و ئەلتەرناتیڤە، نەک خەیاڵخۆشی. بۆیە دەکرێ بڵێین یۆتۆپیای دەوڵەت واتە ئەو هزر و ئەندێشەیەی لەڕەنگڕشتنی دەوڵەتدا پێشمەرج و ڕۆڵی کۆڵەکەیەکی فەلسەیی دەبینێ. ئەمەش تەواو جیاوازە کە ئێمە بێین لەڕێی دەوڵەتێکەوە ئایدولۆجیایەک یا بیروباوەڕێک بکەینە یۆتۆپیای دەوڵەتەکە خۆی! ئیدی جێی خۆیەتی بپرسین بۆ یۆتۆپیا و لەکوێوە سەرچاوەی گرتووە؟

### بنەمای بیر و هزری یۆتۆپی

بۆچی مرۆڤ پەنا دەباتەبەر «یۆتپیا» بەگشتی؟ پاشان بۆچی دەوڵەتی کوردستانی وەک یۆتۆپیایەک؟ هەڵبەت سنووردارییی واقیع یا «بوون» وەک چوارچێوەیەک تەنگ یەکەم هۆکارە. بەواتایەکیتر، «بوون»(بەگشتی یا سنوورێکی جوگرافی وڵاتێک) ئەو جوخزە سنووردارکەرەی هزر و تواناو هیواکانی مرۆڤە کە دەبێتە ڕێگر لەبەردەم وەدیهێنانی خەون و ئایدیاکانی مرۆڤدا. بۆیە مرۆڤ لەبووندا دەیەوێ بەرەو جێگەیەک بڕوات تا هیواو ئاوات و خەونەکانی بهێنێتەدی. بۆیە مرۆڤی یۆتۆپیە و لەو پێناوەشدا بەردەوام لەو واقیعە سنوورداەرەی تێدادەژی ڕۆیشتووە. بەمانایەکیتر، کاتێ ئێمە دەڵێین ناتوانین لەچێوەی

> دەوڵەتی نەتەوەیی (بەمانا گشتگیر و فراوانەکەی) بۆخۆی تەقەللا و گەڕانێکە بۆ وەدیهێنانی ئەگەرێکی تر، جۆرێکی باشتر بۆ ژیان و مانی ئێمە لەئێستاو داهاتوودا!

«ئێراق» یا هەر دەوڵەتێکی تردا بژیین، بەمانای ئەوەی ئێمە لەڕووی هزریشەوە ناتوانین لەو قەوارە زۆرەملێیانەدا وەک خۆشمان بیربکەینەوەو وەک ئەوەی کە بمانەوێ ئازادبین. هاوکات سنوورداری ئەو شوێنە جوگرافیەی کە هەمیشە ناوچەکانی ئێمە دەخاتە پەراوێزەوە، بۆخۆی کێشەیەکی تریشە.

## مێژووی چەمک و ئایدیای یۆتۆپی

بیری یۆتۆپیانیسم(utopianism) واتە یۆتۆپیاگەریی، مەبەست لەکۆمەڵگەیەکی ئەلتەرناتیڤە بۆ مرۆڤ. لەمێژووی هزردا «تۆماس مۆر» یەکێکە لەو هزرمەندە یۆتۆپیستانەی کە بەسەلیقەوە توانی لە کتێبی یۆتۆپیا (١٥١٦) دا بەخەیاڵێکی بەپیتەوە دوور دەست لەواقیعی ستەمکارەوە وێنای کۆمەڵگەیەکی بەختەوەر و یەکسان بکات. دیارە خوازیاری کۆمەڵگەیەکی نموونەیی بوو لە»شوێنکی تر» بەمەرجێ کە بارودۆخی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری لەسەر بنەمای سیستمێکی یەکسان و بەشدارەکی بێ. واتە هاوبەشی تێدا فەراهەمبێ و جۆرە «بەهەشتێک» بێ بۆ مرۆڤی دیلی واقیع. بێگومان دیدگەی مۆر لەژێر کارتێکردنی بیری ئایینی کاتۆلیکیشدا بووە. ئیدی کۆمەڵگەی ئەندێشەیی ئەو کۆمەڵگەیە بەدیدی مۆر کە بە»شوێنی چاک» ناودەبات کە ئەویش هاوواتای وشەی (eutopia) یە.

شایانی باسە لە»ئەفلاتوون»ەوە تا «مۆر» زاراوەی یۆتۆپیا گوزارشبووە لەدیدو جیهانبینییەکی مۆراڵیانە کە هەم ڕەخنەو هەم ڕەتکردنەوەی ئەو بەها و نۆرمانەیە کە کۆمەڵگە لەسەری بنیات نراون. بۆیە «جیهانی ئایدیا»ی، نموونەیی خەونی مرۆڤە. ڕەخنەو گازاندەی مرۆڤ لەهەژموونی ئەوەی کە «هەیە»، هۆکارێکە بۆ ڕەتکردنەوەی خراپی گوزەران و ژیانێک کە لەئاستی خواست و هیواو بەها بەرزەکانی مرۆڤدانییە. کەواتە نەسازان و هەڵنەکردن لەتەک واقیعێکدا کەهیچ نیهادی ئەوتۆی پێنییە بۆ مرۆڤ، بۆخۆی هزرێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و کولتورییە. هەربۆیە ئێمە دەتوانین لەو گۆشەنیگاوە بڕوانینە دروستبوونی دەوڵەت وەک یۆتۆپیایەکی پێویست، بەتایبەت دەوڵەتی نەتەوەیی و «سۆشیالیستی» ئەو شوێنگەلەن کە بەهۆیەوە مرۆڤ دەخوازێ بگاتە ئەو دۆخەی کە لەخولیاو هزریدا هەوڵی بۆداوە و لەسەر زەمینی واقیع بەدیدەهێنێ.

## دەوڵەتی یۆتۆپی

دەوڵەت یا «شارەدەوڵەت-polis» لەڕوانگەی ئەفلاتونەوە بەپێی یۆتۆپیایەک دەڕوات بەڕێوە کە ڕابەرایەتیکردنی فەیلەسوفە. ئەو ڕەنگرێژی کۆمەڵگەیەکە کە هەڵگری بنەماو ڕەهەندە یۆتۆپیاییەکەی بێ کە لەراستییدا ئەلتەرناتیڤی کۆمەڵگە- دەوڵەتی هەڵوەشاوەو داهێزراوی دیموکراسی ئەسینایە. کەواتە گەر فەلسەفە لەبەرەبەیاندا دیدگایەکی بۆ دەوڵەتێکی هەبووبێ، لەبەرئەوەی دەخوازێ جیهانێکی لەبارتر و شیاوتر بهێنێتە بوون. وەلێ مەرجیش نییە ئەو جیهانە خوازراوە کتومت دروست بکرێت، بەڵکو مەبەست لەئەگەری ئەو جیهانە نموونەییە وەک میۆدێلێ لەبیرکردنەوەدا کە مرۆڤ ئەتوانێ تا ئەوپەڕی توانای هزری خۆی بیر لەدەوڵەتێکی نموونەیی بکاتەوە.

کەواتە دەکرێ یۆتۆپیا فەلسەفەیەک بێ کە بیر لەئەگەر و ڕەهەندەکان بکاتەوە، چونکی فەلسەفە بەمانایەکیش ئامادەبوونە لەناشوێندا. واتە لەمەوداو ڕووبەرێک کە بیرکردنەوەیە. کەواتە فەلسەفەی بیرکردنەوە ئەوەیە کە بیر لەجیهانێکیتر بکاتەوە. ئەگەر لەڕووی میتافیزیکیەوە سەیری مەسەلەکە بکەین، دەبینین بوونناسی- ئۆنۆتۆلجیا- ڕەتدانەوەو نەفیکردنەوەی ئەوەی کە هەیە. ئەگەر لەڕووی بیردۆزی سیاسیشەوە سەیری بکەین، دەبینین کە دیدی »ریاڵیزمی سیاسی» ڕەتدانەوەی واقیع و سیستمەکانی ئێستەیە بەپێشکەشکردنی ئەلتەرناتیڤ.

## کوردستان لەخەیاڵەوە بۆ یۆتۆپیایەکی واقیعی

بەزۆری قسەکردن لەسەر «دەوڵەت»ی کوردی لەدوو هەڵوێست تێنەپەڕیوە: یەکەم تەنها چارەسەر و فریادرەس لەبەرگی هەست و سۆزێکی جۆشخواردودا. دووەم: ڕەتکردنەوە منجەمجێکی سیاسی تاڕادەی شەرم لە درکاندنی ڕەوایی خواستی دەوڵەت لای دۆست و دوژمن! لەهەردوو حاڵەتەکەدا کاردانەوەی دەروونی پێش دیدێکی سیستماتیک قوڵ دەکەوێ. کەواتە دامەزراندنی دەوڵەت دەبێ لە قاڵبی دروشمی تاکتیکی بێتە دەرەوەو ببێتە بەرنامەیەکی سیاسی هەمەگیر. بۆ ئەمەش خەیاڵ بەهەمموو دەوڵەمەندیەکەیەوە بەس نییە.


بۆیە ئەگەرچی بەهیچ شێوەیەک «دەوڵەتی کوردستانی» خەیاڵ و خەونێکی شاعیرانە نییە، بەڵام بەئەندێشەی شاعیرانەو و هەست و سۆزی کاتیش ناچەسپێ. دەوڵەت بەخەیاڵی شاعیرانەوە پێکنایەت، بەڵکو دەبێ فەلسەفەیەک هەبێ لەپشت بیرکردنەوە لە زەرورەتی دەوڵەتەکە. ئیدی دەوڵەت یۆتۆپیایەکە بەلانی کەمەوە وەک هێزێکی ئەقڵانی و دەروونی ئاڕاستەی پلان و نەخشەسازی دەکات. واتە هێزێکە لەبیرکردنەوەیەکی یۆتۆپی دا کە ئامانجێکی ڕەوای لەخۆگرتووەو هەوڵدەدات ببێتە واقیع، نەک واقیع بکاتە خەیاڵ! کەواتە دەوڵەتی نەتەوەیی (بەمانا گشتگیر و فراوانەکەی) بۆخۆی تەقەللا و گەڕانێکە بۆ وەدیهێنانی ئەگەرێکی تر، جۆرێکی باشتر بۆ ژیان و مانی ئێمە لەئێستاو داهاتوودا!

**باسکردنی پاشخانی هزری یۆتۆپیی چ وەك چەمك و چ وەك پرۆژەیەکی کولتوری و سیاسی پێویستە**

**دامەزراندنی دەوڵەت دەبێ لە قاڵبی دروشمی تاکتیکی بێتە دەرەوەو ببێتە بەرنامەیەکی سیاسی هەمەگیر. بۆ ئەمەش خەیاڵ بەهەمموو دەوڵەمەندیەکەیەوە بەس نییە**

## ئەحمەد عەبدولموعتی حیجازی بۆ گوڵان:

# پێویستە مافی چارەی خۆنووسین بە کورد خۆی بسپێرین دەرفەتیشیان پێ بدەین داخوازییە ڕەواکانیان لە چوارچێوەی عیراقێکی یەکگرتوو وەدیبهێنن..



**چۆن دیموکراتیەت بونیاد بنێین لە کاتێکدا وا بزانین هەڵبژاردن بریتییە لە کڕین و فرۆشتنی دەنگی دەنگدەر، چۆن زانستخواز بین لە کاتێکدا زانکۆکانمان دەرگای کرابێتەوە بۆ ئەو فالگرەوانەی کە وادەزانن بە میزی حوشتر نەخۆشی چارەسەر دەکرێت، چۆن دەوڵەتی مەدەنی دادەمەزرێت لە کاتێکدا تەنیا مەرجەعیەت ئایین بێت، چۆن هونەرو ئەدەب دەگەشێنەوە لە کاتێکدا یاسا ڕێگە بدات عادل ئیمام فڕێ بدرێتە زیندانەوە، بە گشتی لە مەیدانەکانی میسردا ڕۆشنگەری بزربووە، ڕۆشنگەری تەنیا ڕۆمانێکی دڵگیرو نمایشێکی چێژدار نییە، سیاسەتی سەرکەوتوو بە بێ ڕۆشنگەری بوونی نییە، هیچ کارێکی باش بێ زانست سەرناگرێت، هیچ بەرهەمێکی مرۆیی بە بێ ئەزموون دروست ناکرێت، بە بێ بیرکردنەوەو هزراندنیش، پێشکەوتنیش وەدینایەت.**

**ئەسما حوسەینی ئەم دیمانەی لە قاهیرە بۆ گوڵان ئەنجام داوە**

*** ئاڵۆزبوونێکی زۆر ناوچەکانی عەرەبی تەنیوەتەوە، هەن بە ڕوانینی ئەرێیانیەوە بۆی دەڕوانن هەندێکیش بە سایکس بیکۆی تازە بۆ دابەشکردنی ناوچەکەی دەبینن، تۆ خۆت چۆنی دەبینیت؟**

ـ ئەمەی ڕوودەدات دەرئەنجامی ڕژێمە سەرکوتکارەکانە کە لە ساڵانی پەنجایەکانەوە باڵیان بەسەر جیهانی عارەبی گرتووە،ئەوەی لە میسر ڕوویداو لە سووریاو عیراق دووپات بوویەوە،ئەوەی لە خۆرهەڵات ڕوویدا لە مەغریب و سۆدانیش ڕوویدایەوە، ئەمە هەموو بە هۆی ئەو زنجیرە کودەتایانەوە بوو کە لە پەنجایەکانەوە لە لایەن ئەفسەرە سەربازییەکانەوە ئەنجام دران و کەسیان نەدیتەوە بۆ هاوپەیمانی کردن ئیخوانەکان نەبێت، لە میسر ئەوە ڕوویدا لە ساڵی ١٩٥٢ دواتر لە سۆدان کاتێك نومەیری بوو بە هاوپەیمانی حەسەن تورابی، لە سووریا بۆ ئەوەی ڕژێم خۆی دابکوتێك پێویستی بەوە بوو وڵاتەکە بکاتە تایەفەگەری، بەرگری کردن لە نیشتمان بە دیموکراتیانە نەبێت وەدینایەت، بە یەکسانکردنی هاووڵاتیان نەبێت ناکرێت، ئەمەناکرێت تۆ عارەبێك لە نەتەوەیەکی تر بەرزتر ڕابگریت سوونەیەك بەسەر شیعەیەکدا فەرزبکەیت، ئیسلامێك بەسەر دیانێکی تردا، لە سووریا پێشان سیستمێکی دیموکراتی هەبوو کە لە لایەن کۆمەڵە ئەفسەرانێکی عەلەوی بە ژێر ئاڵای بەعسەوە سیستمەکەیان ڕووخان، بە بێ ناوەڕۆك دروشمەکانی یەکبوونی عارەبیان لێ هەڵبڕی، نەك وەك بزاوتێکی دیموکراتی بە شێوەی یەکبوونی ئەوروپیەکان بەڵکو یەکبوون لای ئێمە واتاکەی ئەوە بوو عەبدولناسر سوریا بگرێت پارتەکان هەڵوەشێنێتەوە، لە عیراقیش ئەم میتۆدی بیرکردنەوەیە گەیی بە جەنگی ناوخۆیی لە نێوان عارەبی سوونی و شیعی، بەعسیەکان دژ بە شیوعیەکان، حکومەتی ناوەندی دژ بەکوردەکان، لە دەرئەنجامدا گەیشتە ئەوەی گوندەکانی کورد بە چەکی کیمیاوی بسووتێنرێن، پرسیار ئەوەیە چۆن لە سەرەتاوە ڕژێمێکی وەك سەدام حوسێن قبووڵ کرا کە دەستی لە نزیکترین کەسانی خۆیش نەدەپاراست لە پێناوی مانەوەی لە دەسەڵاتدا

**بۆیە شۆڕش لە میسر کرا تا مێژووی زوڵم نەهێڵێت. نەك بە تەنیا زاڵمێك لابەرێت**

*** بە بۆنەی قسەکردنتەوە لەسەر کورد، ئەم پەرەسەندنانەی دوایی وڵاتانی عارەبی بایی هێندە عەقڵی کردنەوە کە ڕێز بگرن لە ڕوانینی کورد بۆ مافی چارەی خۆنووسی یان بە پێچەوانەوە هەر پێیان باشە بیانکەنەوە بەشێك لە ناو وڵاتانی کە پێکەوەیان لکاندون کە ئومێد وایە لە دەرئەنجامی ئەم گۆڕانکارییانەی دواییدا دیموکراتیی تر بن؟**

ـ سەرەتا پێویستە ددان بە مافی چارەنووسیان بهێنرێت، بەر لەوەش پێویستە دەرفەتێك بۆ لێك تێگەیشتن دروست بێت، ئەو هۆکارانە تاووتوێ بکرێت کە وا لەو نەتەوەیە دەکات بیر لە جوداخوازی بکەنەوە، خۆ دەکرێت ئەو داخوازییانەیان لە چوارچێوەی عیراقێکی یەکگرتوودا وەدیبهێنرێت، عیراقێك کە جیاوازی نەکەن لە نێوان کەس لەسەر ڕەگەز یان ئایین یان ئیتنی، کوردیش وەك هەر کەسێکی مافداری ئەو وڵاتە مافەکانی خۆی دەسەبەر بکاتەوە، بەڵام ئەگەر مامەڵەیەکی جیاواز لەمەی باسی دەکەم بەرانبەر کورد بکرێن، دەبێتە هۆی بیرکردنەوەیان بۆ جوداخوازی..

*** لە خوولی دووەمینی هەڵبژاردنەکانی میسریدا سەرپشککردن هەیە لە نێوان هەڵبژاردنی یەکێك لەو دوو پاڵێوراوەی کە یەکێکیان نوێنەرایەتی**



**ئیخوانەکان دەکات و ئــەوی دیکەیان درێژبووەی ڕژێمی پێشــووە، ئایا لە نەبوونی کەســی سێیەم میسر لە تەنگژەدایە؟**

ـــ ڕوون و ئاشــکرایە کە بە هــۆی دەرکەوتنی ئەنجامەکانــی هەڵبژاردنەکانی ســەرۆکایەتییەوە میســر گەڕایەوە بۆ پێش شۆڕشی ٢٥ ی یەنایەر ئەم دوو هێزەی بۆ فڕاندنی پۆستی سەرۆك کۆمار ســاڵ و نیوێکە لە کێشمە کێشدان هەمان ئەو دوو هێزەن کە لە ململانێی ڕاکێشــانی دەسەڵاتدا بوون لە پێش شۆڕشەکەشەوە، جەماعەتی ئیخوان شەست ساڵە شەریکە بەشی ئەو ئەفسەرانەن کە کودەتایان کردو هاتنە سەر حوکم، جارێك هاوپەیمانی بوون و جارێك جیاواز بوون لێی، خاڵی هاوبەشی وەك یەکیان هەیە بــۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هێزە دیموکراتیەکانی میســر، هێندە کاریگەرن بە وەرگرتنی دەسەڵاتەوە کەســی تریان لە پێش چاو نییە لە خۆیان زیاتر، لە ناو خۆیشــیاندا چەندین پەل و لق و باڵیان لێ جیابۆتەوە یەك ئەوی تر ڕەت دەکاتەوە، عەبدولناسر بەســەر محەمــەد نەجیب کودەتای کــردو دواتر سادات هاوپەیمانی لەگەڵ بەستەوە، دواتر بەهۆی موبارەکەوە ماوەی ســی ساڵی پێشوو ئیخوانەکان توانی بوویان دەوڵەتۆکەیەك لە ناو دەوڵەتی میسردا دابمەزرێنــن، بەوەی بانك و قوتابخانەو کۆمپانیاو خەســتەخانەو دامــودەزگای ناوخۆیی و دەرەکی خۆیان هەبێت، تەنانەت دەســەڵات بــەردەوام لە دانوستاندا بوو لەگەڵیان تا ژمارەی کورسییان لە مەجلیسی گەل بۆ دیاری بکەن..

*** کامیان کەمتر زیانی هەیە بۆ سەردەمی دوای موبارەك تا حوکمڕانی بکات؟**

- هەردوو پاڵێوراو ئینتیمایان بۆ ڕژێمی پێشــوو هەیــە، تەنیا لە ئاخاوتــن و خوتبەداندا جیاوازن، هەردووکیان وێنەیەکن بۆ ستەمکاری، پاڵێوراوی ئیخــوان وشــەی نەهــزەی کردۆتە دروشــمی هەڵمەتەکــەی، ئایا بە واتای پڕ بە پێســتی ئەو ڕێنیسانســەیە کە مێژوو تۆماری کردووە ڕێزبۆ عەقڵ دەگێڕێتەوە، فیکری ئاینی نۆژن دەکاتەوە، دەوڵەتی نیشتمانی دادەمەزرێنێت، ئیمپراتۆریەتی موقــەدەس دادەڕوخێنێت، یان ئــەو نەهزەیەیە کە لــە پاش ئەوەی ئەوروپامان دۆزییەوەو زانســت و هونەرو سیســتمی هاوچەرخ و شــێوازی حوکمی پەرلەمانــی و داڕشــتنەوەی دەســتوورمان چاو لێکردن و خۆمان لە پاشبەندێتی عوسمانیەکان پێ ڕزگارکــردن و دژ بە داگیرکاری بەریتانی فێری شۆڕش بووین و سەلیب و نیوە مانگمان لێك نزیك خستەوەو زانکۆمان دامەزراندو باسمان هێنایە سەر ڕزگاربوونــی ئافرەتان لە کۆیلەیی، ئەمەیە نەهزە یــان وەك ڕایدەگەیەنن زیندووکردنەوەی خەلافەتە، جێبەجێکردنــی شــەریعەتە، گۆڕینــی دەوڵەتی نیشتمانییە بۆ دەوڵەتی ئایینی...

**ناوچەکە بەرهەمی زنجیرەیەك کودەتای سەربازی چەند ئەفسەرانێکی سەرکێش دەچنێتەوە**

ئەمانە مەبەســتی شــاراوەیان هەیــەو نایڵێن، بە ڕەفتارەکانیان دەیســەلمێنن کە شاگردو قوتابیانی نەهــزە نیــن، بەڵکــو دوژمنــی سەرســەختی ڕۆشــنگەرین، تەنیا پرۆژەیان ڕووخاندنی هەموو ئەو شــتانەی کە لە مێژووی هاوچەرخدا وەدەست هاتوون تا بمانگێڕنەوە بۆ ســەدەکانی ستەمکاری و تاریکایی..

ئەمەی لەســەر پاڵێوراوی ئیســلامی دەیڵێم بە هەمــان پێوەریش ئەو پاڵێوراوە هەڵدەســەنگێنم کە شــانازی بە ئینتیماکردنیەوە دەکات بۆ سەرۆکی لادراوی پێشــوو، بەڵێن دەبەشێتەوە کە دڵسۆز بێت بۆ شۆڕشەکە.

*** تۆ خۆت ئەگەر ناچار بیت کامیان هەڵدەبژێریت؟**

ـ ئەمە ئەو هەڵوێستە پووچگەراییەیە کە ئەنجامی هەڵبژاردنەکەی سەرۆکایەتی بۆی دەرختسین پرسیارەکەت دادەرێژمەوە بۆچی بەو ئەنجامە گەیشتین، ئەمە قەزاوقەدەر بوو یان پیلانێکی بەرنامەبۆ داڕێژراو، لە ڕاستیدا تا مەرجەکانی کاری سیاسەتکردن گۆڕانیان بەسەر نەهاتایە و بوار بۆ هێزە شۆڕشگێڕو دیموکراتخوازەکان نەڕەخسێنرایە، نەدەبوایە هەڵبژاردن ئەنجام بدرێت، تا دەوڵەتی مەدەنی هاوچەرخ و سیستمی دیموکراتی سیستماتیز نەکرایە، نەدەبوایە ڕێ بەکەس بدرێت شۆڕشەکە بڕفێنێ بۆ خۆی و هەمان ڕابردووی لەسەر داڕێژێتەوە، خەڵکییان بە هەڵەدا بردو لە نەستیان داون و هەڵیانخەڵەتاندن بەوەی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی سەقامگیری وەدیدێنێت، ئەو شۆڕشەی پشتی موبارەکی دا بە زەویدا بە هاتنی ڕژێمی سەربازی تارماییەکانی موبارەکی لانەبردووە، قسەکردنیش لەسەر بونیادنانی دەوڵەتێکی مەدەنی بە مەرجەعیەتی ئیسلامەوییەوە دەڕژێتە ئەستێلکی دەوڵەتێکی ئایینی نەك مەدەنی هاوچەرخانە، مەرجەعیەتی ئایینی دەروازەکان دەخاتە سەر گازەرای پشت بۆ سەلەفی و ئیخوانەکان، هەردوو پاڵێوراوەکە دوو دیوی پارەیەکن شێرو خەت کردن بەو پارەیە جۆرێکە لە عەبەسیەت..

هەردوو هێزەکەی لە پشتەوەی ئەو دوو پاڵێوراوانەوەن ئامرازو پارەو ڕێکخستنی پێشوەختیان هەیە بۆ کۆکردنەوەی دەنگ و کرینی ویژدان، ئەحمەد شەفیق بڕیاری دا موبارەك بکاتە قوربانی و بە نوێنەرایەتی ڕژێمە سەربازییەکە شۆڕشگێڕان هەڵفریوێنێت، محەمەد مورسی گەمە بە کارتی براوەی ئایینی دەکات، بەڵام ئەو هێزە گەنجانەی کە نوێنەرایەتی ملیۆنان میسرییان دەکرد بە شێوەی هاوییەکان مامەڵە لەگەڵ سیاسەت دەکەن و تائێستا نەیانتوانی خۆیان ڕێکبخەن و بەرنامەکەیان ئاشکرابکەن و جەماوەر بەڕێوەبەرن و دەوڵەتی تازەو سیستمی دیموکراتی بینا بکەن..

*** ئەو ڕژێمەی تۆڵەی لێ کرایەوە لە لایەن گەلی میسرەوە چۆنە تا ئێستا بە تەواوی نەڕووخاوە؟**

ـ هێشتا نەڕووخاوەو ڕژێمی نوێ نەهاتۆتە جێگەکەی فەریق شەفیق نوێنەرایەتی ڕژێمی دەکرد لە پاش ئەوەی ئۆپۆزسیۆن لەسەر عومەر سلێمان ڕازی نەبوون، دکتۆر محەمەد مورسیش ئەندامێکی پەرلەمانی پێشووی ئیخوانەکانە کە ڕژێمی موبارەك ڕێی پێ دابوو نوێنەرایەتی ئیخوان بکات لە ئەنجوومەنی گەل لەو دەورەیەی پێش ڕووخانی ڕژێمەوە کە نزیکەی نەوەد کورسییان وەدەست خستبوو بۆ خۆیان، واتە هەردوو پاڵێوراوەکەی کە ئێستا لە بەرانبەر یەکتر

**هێزە شۆڕشگێڕەکان بە ڕێگەی کەسانێکی هاوی پیادەی سیاسەت دەکەن و ئیسلامیەکانیش زیانەکانیان لە دەسکەوتەکانیان زیاترە..**

ماونەتەوە نوێنەرایەتی ڕژێمی پێشوویان دەکرد نەك نوێنەرایەتی ئەم شۆڕشەی میسری کە هێشتا ساوایە و فیکرێکی دیاریکراوی سیسی بەرجەستەی نییە چونکە بە تەنیا ڕێکخستن و پارتێك بەرپای نەکردبوو، لە سەرەتادا تەنیا هەڵچوونێك بوو دواتر وزەکەی پەرەی سەندو ڕژێمی ناچار کرد بە کشانەوە لە پێشی ملیۆنەها مانگرتوودا، شێوەی فیلمەکەی عادل ئیمامی وەرگرت بە ناوی تیرۆرو کەباب کە داخوازی تیرۆریستەکان خواردنی کەباب بوو، دامودەزگاکان بە پەلە کەبابیان بۆ ڕەوانە کردنە ژوورەوە، ئەمانیش بە چەند داخوازییەکی ئاسان دەستیان پێکرد..

*** بۆچی سەرەتای کارەکان بە داڕشتنەوەی دەستوور دەستی پێکرد؟**

ـــ پێویستی دەکرد دەستوورێکی نوێ بۆ بەرجەستەکردنەوەی ئامانجەکانی شۆڕش دەست پێبکرێت لەسەر ئەو بنەڕەتەوە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی و سەرۆکایەتی ئەنجام بدرێت بەڵام ئەنجومەنی سەربازی و ئیخوانەکان بڕیاریان دابوو عەرەبانەکە بخەنە بەردەمی ئەسپەکەوە و ئەسپیش ناچار بوو بە سنگی بیباتە پێشەوە نەك بە پشتی، دەیانزانی کە لایەنگرانیان سیاسەتێکی دیاریکراو شارەزا نیین و دەنگیش بە پلانی ئابووری نادەن بەڵکو دەنگ بۆ ئەو بەهەشتە دەدرێت کە چاوەڕێی ئەوکەسانە دەکات کە دەنگ دەداتە ئەمان و ئەوانەشی کە دەنگ بە ئیسلامەوی نەدەن شوێنیان دۆزەخە، لە کاتێکدا خەڵکی دەیانووت ئێمە شۆڕشمان نەکرد تا ڕژێمی جاهلیەت لەناو بەرین بەڵکو دەمانەویست سیستمی دیکتاتۆریەت لابەرین کە گەلی میسری بە ناشرین ترین شێوە هەڵدەخەڵەتان..

هەر ئیخوانەکان بوون کە بوونە پاڵپشتی ئیسماعیل سدقی کاتێك دەستووری وڵاتی لە ١٩٢٣ هەڵوەشاندەوە، توخمێکی کارا بوون لە کودەتاکەی ساڵی ١٩٥٢، بوونە هاوپەیمانی سادات دژ بە نەیارەکانی، دواتر لەگەڵ موبارەکدا خۆیان گونجان و چارەگی کورسیەکانی ئەنجومەنی گەلیان پێدرا ئەم مێژووە پڕی لە گەندەڵکارییە، ئاینیان بەکار هێنا بۆ بازرگانی کردن، ئێستاش میراتیەکانی ئیخوان و گرووپە ئاینیەکان لە بینەقاقادا گیربووەو هەروەها دیکتاتۆریەتی سەربازی هەر ماوەو باڵادەستی دەوڵەمەندە

نەدیتکە تازەکان و قۆرخکارانی بازاڕیش گەمە بە نانی خەڵکەوە دەکەن و بە هەموویانەوە هەژاری و نەخۆشی و نەزانی و فەوزاو گەندەڵکارییان بە بەرنامەوە هێناوەوئاسۆیەك بۆ بونیادنانی دەوڵەتی مەدەنی و سیستمی دیموکراتی بەدی ناکرێت..

*** بەردەوام داوای پاراستنی مەدەنی بوونی دەوڵەتی میسری دەکەیت پێت وایە مەدەنی بوون لە بەردەم مەترسیدایە؟**

ـ لە مەترسیدایە چونکە کەسانێك پێیان وایە ئینتیما بۆ نیشتیمان کوفری ڕەهایە، مافەکانی مرۆڤ زەندەقەیە، یەکسانی نێوان پیاوو ئافرەت بەرەڵڵاییە، وەکیەك تەماشاکردنی موسڵمانێك و مەسیحیەك بێ دینیە،هەزاران ساڵ لە ژێر سایەی کەهنوتەو سەربازو ئاینەکاندا کوێرکراوین، مافی خۆمانە لە ئێستادا بژییین نەك لە ڕابردوو، لە ئازادیدا بین نەك لە کۆیلەیی، بەدادپەروەری بژین نەك لە ژێر زوڵمدا بناڵێنین، زانست ڕێبەرمان بێت نەك خورافات، ئەو مێژووە پڕ لە ستەمەی پێشوومان وای لە هەندێکمان کرد خۆمان لە ڕابردوو و ئێستا بێ بێری بکەین، کەسایەتی نەتەوییمان شێوێنراوە،گوندو شارەکانمان بە هەڕەمەکی داروپەردوویان نامۆن بە زات و ناخمان، لە لایەکەوە کاوبۆیی و لەولاشەوە شەڕواڵی ئەفغانی و عەبای ئێرانی و نیقابی بیاباناوی جەستەشمانی شێواندووە، بەهاو ئوسەڵ وسیمایەکی شێواو و هەستێکی دۆڕاو زەینمانی داپۆشیوە.

*** کۆڕەوی میسرییەکان بەرەو هەندەران چ هەڵوێستێکی بەتۆ دەربڕیوەو چارەنووسی وەچەکانمان لەهەندەران جێگای نیگەرانیی نییە؟**

- لەهەندێك وڵاتی عەرەبیدا وەك خزمەتکارو پاکەرەوە تەماشای میسرییەکان دەکەن، لە وڵاتە ئەوروپیەکانیشدا میسرییەکان ناتوانن خۆیان لەگەڵ کەلتووری خۆرئاوایی بگونجێنن چونکە پێشتر کەلتووری هاوچەرخی مرۆیی لە وڵاتی خۆیاندا تێکشکاوەو کەلتوورێك کە بەجیاوازی ڕەنگ و ئاین و نەتەوەوە وەك یەك مرۆڤ کۆبکاتەوە لە ناوبرابوو، بەپێچەوانەی ئەمەوە کەلتووری میسری لەم سەدەیەی دواییدا بەناوخۆیدا دووڕەپەرێزو داخرابوو، هەرتاکێکی ناو کۆمەڵی وا فێرکردووە کە هەمیشە لەسەر پێ بێت بۆ بەرگریکردن لەبڕواو داب و نەریتەکانی

**ئیسلامی سیاسی ئینتیمای نیشتمانی بە کوفر دەزانێت. دیموکراتیەت بە وەسەنیەت و مافەکانی مرۆڤ بە زەندەقە دەبینێت**

کە تێیدا چێنراوە، وادەزانن فیرعەون تەنیا ستەمکاری سەر زەوی بووە، من ناڵێم فیرعەونەکان سیستمێکی دیموکراتی پێشکەوتوویان هەبووە، بەڵام بەپێی بۆچوونی هەموو زانایانی دنیا فیرعەونەکان شارستانیەتێکی گەورە بوون کە خێریان لەپێش شەڕەوە داناوە، شاریان لەپێش بیابانەوە داناوە، قوڕیان خستۆتە پێش خۆڵەوە، بێگومان مەسیحیەت و ئیسلامیش وەك خۆیان خزمەتێکی ئەم نیشتمانەیان کردووە بەڵام ئێمە شتی زیادمان لکاندووە بەمەسیحیەت و ئیسلامیشەوە. لەسەردەمی ڕێنیسانسدا کە میسرییەکان خاڵی هاوبەشیان لەنێوان بڕواو نیشتمان دۆزیوەتەوە، هەروەها لە نێوان ئایین و نیشتمان، لە نێوان میسری کۆن و نوێدا، یان لە نێوان کەلتووری خۆرئاوایی و کەلتووری ئیسلامەتی، بۆ لابردنی سیماکانی شێواندن ملیۆنەها میسری لە مەیدانی تەحریر گردبوونەوەو حکومەتی گەندەڵکارو دیکتاتۆرییان داڕوخاند، چۆن دیموکراتیەت بونیاد بنێین لە کاتێکدا وا بزانین هەڵبژاردن بریتییە لە کڕین و فرۆشتنی دەنگی دەنگدەر، چۆن زانستخواز بین لە کاتێکدا زانکۆکانمان دەرگای کراوەتەوە بۆ ئەو فاڵگرەوانەی کە وادەزانن بە میزی حوشتر نەخۆشی چارەسەر دەکرێت، چۆن دەوڵەتی مەدەنی دادەمەزرێت لە کاتێکدا تەنیا مەرجەعیەت ئایین بێت، چۆن هونەرو ئەدەب دەگەشێنەوە لە کاتێکدا یاسا ڕێگە بدات عادل ئیمام فڕێ بدرێتە زیندانەوە، بە گشتی لە مەیدانەکانی میسردا ڕۆشنگەری بزربووە، ڕۆشنگەری تەنیا ڕۆمانێکی دڵگیرو نمایشێکی چێژدار نییە، سیاسەتی سەرکەوتوو بە بێ ڕۆشنگەری بوونی نییە، کارێکی باش بێ زانست سەرناگرێت، بەرهەمێکی مرۆیی بە بێ ئەزموون دروست ناکرێت، بە بێ بیرکردنەوەو هزراندنیش، پێشکەوتنیش وەدینایەت.

*** دیارە ئەو حوکمەی لەسەر عادل ئیمام دراوە بێزاری کردویت؟**


ـــ ئەو حوکمە هەموو دنیای هەژاندووە، بە تایبەتیش ڕۆژنامەو ناوەندە نێودەوڵەتیەکان، ئەوانەیان کە بایەخ بە مافەکانی مرۆڤ و داهاتووی دیموکراتیەت دەدەن، ئەم هونەرمەندە گرنگترین ناوە لە مێژووی سینەماو شانۆی میسریدا، نەك لەبەر ئەوەی بەهرەدارە، خۆ بەهرەدارانمان لەو بوارەدا زۆرن، لەبەر ئەوەی کەسایەتییەکی ڕۆشنبیرو خاوەن کاریزمای هونەری بەهێزە، بە درێژایی شەست ساڵ ئەم کەسایەتییە توانی کەسایەتی هەموو میسرییەکان لە ڕۆڵەکانیدا بەرجەستە بکاتەوە، مەترسیدارترین گرفتی دەوروژاند، وەك ستەمکاری سیاسی و پەڕگیری ئایینی، کە دوو دیوی پارچە پارەیەکن، سیاسەتمەدارانی ستەمکار بۆ مانەوەی خۆی ئایین قۆرخ دەکات، گرووپە پەڕگیرە ئاینیەکانیش سیاسەت تێکەڵی ئایین دەکەن، ستەمکاران و پیاوانی پەڕگیری ئایینی پێکەوە فەرەج فودەو نەجیب مەحفوزو حامد ئەبو زێدو دەیان ناوی تریان پەلکێشی بەردەم ڕق و کینەی خەڵکانێك کردووە کە بە ناوی یاساوە ئازاریان پێ گەیاندون، هاووڵاتیانی میسر بە گشتی کەوتونەتە دڵەڕاوکێ و نیگەرانی بۆ عادل ئیمام و هاوکارانی، ئەوەی لە بەرانبەر ئیمام ڕوودەدات پێ و قومێکی خراپە بۆ داهاتووی ئازادی و دیموکراتیەت لەم وڵاتەدا..

بۆیە شۆڕش لە میسر کرا تا مێژووی زوڵم نەهێڵێت نەك بە تەنیا زاڵمێك لابەرێت، شۆڕش وەك گەڕانەوەی ڕۆحێکە وەك چۆن تۆفیق حەکیم وەسفی ڕۆح دەکات یان هەستانی قیامەتە وەك لە شیعرێکما ئاماژەم پێداوە.

کەسێکی وەك حوسنی موبارەك کە ئەفسەرێکی ناو سوپا بوو بەیانیەك بەخەبەر هات و کردیانە جێگری سەرۆك بۆ بەیانیەکی تر کرایە سەرۆکێك، ڕژێمەکە بوو هەموو شتێکی پێ بەخشی و هیچ شتی لێ داوا نەکرد، بۆیە پێویستە ئەو سیستمە تێکبدرێت کە نموونەی وەك موبارەك دروست دەکاتەوە و ئامادەشە بۆ دروستکردنەوەی وەك ئەو.

*** چۆن ئەم بارودۆخە تێدەپەڕێنرێت؟**

ـ بە بەردەوامبوونی شۆڕشەکە، گەشبینم بەوەی وزەو هێزی شۆڕش لە فکری گەنجەکانیدا زیندووە، ئەمە ئەو زەمین و زەمەنەی شۆڕشگێڕانە کە کەسانی تر هاتوون گێرەی تێدا بکەن، گۆڕانکاری چیدی نابێتە پەرجوو، وەدیهاتنی زەحمەت بێت، ئەوانەی چێژی ئازادییان کردووە ئامادە نین لە بستێکی ئازادی کەمبکرێتەوە، بەرگەی زوڵم ناگرن و لەسەر پێن بۆ دوورخستنەوەی زاڵمان، ئەگەرچی سیاسەت نازانن و دەسەڵاتیان بەڕێوەنەبردبێت وەك ئەوانەی لە پێشوودا ئەزموونیان بۆ خۆڕەکێفدان و کورسی ڕاکێشان کەڵەکەکردووە، بەڵام گەنجانیش ئەزموونیان بۆ هەڵگیرساندنی شۆڕش پەیداکردووەو دەتوانن بەرگری لە ئەوانە بکەن کە زوڵمیان دەرهەق دەکرێت، ئازادیش بە کەوتنی دیکتاتۆر نایەتە دی بەڵکو بەلابردنی خەوشەکانی دڵ و دەروونمان و سڕینەوەی کەلتووری ستەمکردن دێتە دی، ئەمڕۆ هەموو هێزەکان ڕووت بوونەتەوەو عەیبو عاریان لەبەرچاوانن، کەلتووری ئازادی کە پێشتر بە چرپە چرپ لە نێوان دەستەبژێرێکدا دەهات و دەچوو ئێستا بۆتە تەوژمێك و دەنگێکی بەرزی هەمووانە، زانایانی ئەزهەر ناچارن بەرگری لە دیموکراتیەت بکەن و داوای پاراستنی مافەکانی مرۆڤ بکەن ئەمەش بۆ خۆی پەرەسەندنێکی ئیجابییە لە فیکری ئایینیدا، ئێستا ئەزهەریش هاتۆتە پاڵ ئەوانەی بەرگری لە ئازادی داهێنان دەکەن..



**بوێژو ڕەخنەگرو شاعیری ناوداری میسری ئەحمەد عەبدولموعتی حجازی یەکێکە لە پێشەنگانی بزاوتی تازەگەری لە شیعری عەرەبی هاوچەرخدا، بۆ زمانە زیندووەکانی دنیا هۆنراوەکانی وەرگێڕدراون و، کۆمەڵێك خەڵاتی نێودەوڵەتی بە دەست هێناوە لەوانە خەڵاتی کەفافیسی یۆنانی و خەڵاتی شیعری ئەفەریقایی و خەڵاتی ڕێزلێنانی دەوڵەتی میسری، لە کاتی خۆشیدا حیجازی داوەتنامەی سەرۆکی عیراقی سەدام حوسێن و سەرۆکی لیبیا موعەمەر قەزافی و زۆر حاکمداری تری عارەبی ڕەتکردەوە کە ویستویانە خەڵاتی بکەن..**

**بەرهەمە کتێبەکانی حیجازی بریتین لەشاری بێ دڵ، تەنیا دادانپیانان ماوە، شیوەنی تەمەنێکی جوان، درەختەکانی چیمەنتۆ، توێژینەوەکانیشی بریتین لە محەمەدو ئەوانی تر، شاری ئەوانیدی، شیعر و هاوڕێبوون،وەچەکانی شەوقی، خەلیل مەتران...**

**حیجازی چووە پاڵ شۆڕشی ینایر لە میسرو لە بەرەی دژ بە ئیسلامیەکان خۆی بینیەوەو پێی وایە میسر دەبەنەوە بۆ ناو چاخەکانی تاریکایی، هەروەها دژایەتی بەرەی سەربازیی دەکات و پێی وایە هۆکارن بۆ سەقامگیرنەبوونی شەقام، پێی وایە ئەو شەست ساڵەی پێشوو هەردوو ئەو بەرەیە هاوپەیمانی یەکتر بوون دژ بە بەرژوەندی میسر، جەخت لەوەش دەکاتەوە شۆڕشی ئەمدواییەی میسر حورمەت و ڕۆحی گەڕاندەوە گیانی میسرییەکان.**

# لە مۆدێرنەوە

**نوێگەری بزاوتی ڕەوش و مێژووی ناڕازیی بوونە لە خودی خۆی، ناڕازییە لە دامودەزگا سیاسییەکانی، ئارام نییە لە بەرانبەر ئەو چەمکانەی بۆ تاکگەرایی بەرجەستەی کردبوونەوە، لەو مانایانەی بۆ ئازادی دایڕشتونەتەوە، هەروەها ناڕەزایی بەو چۆنایەتیەی دیموکراتیەتی لەسەر بینا کراوە، بەو شێوازانەش ڕازی نییە کە بۆ بەرجەستەکردنەوەی مافەکان دایناون، کەواتە بزاوتێکە لە سکوندا لەنگەر ناگرێت، بەردەوام لە دواترو پاشەوەتر دەڕوانێت و هەمیشە نوێگەری نوێبوونەوەیە.**

عەبدولسەلام بنعەبدعالی*

تایبەت بۆ گوڵانی نووسیووە



لێتوێژەرێکی فەرەنساوی لە دیاریکردنی چەمکی نوێگەریدا (مۆدێرنە)، پەرۆشانە ئاگادارییی ئەوەی داوە کە ئەم چەمکە لە ناو ڕۆشنگەری فەرەنسیدا ناخزێتە ناو چوارچێوەی توخمە دوالیزمەکانەوە، هەروەها لەبەرانبەر چەمکگەلی تردا بەراورد ناکرێت، ڕەنگە ئەم ڕوانینە کەمتر زەحمەت بێت وەك لە چەمکی پاشنوێگەری (پۆست مۆدێرنە)، وێڕای ئەوەی لە دەرەوەڕا، وا لە ڕۆشنگەریی دەڕوانرێت وەك ئەوەی لە ڕووی فیکرییەوە نوێگەری لە پشتەوەی تەوژمی پاشنوێگەری بوو بێت، هەندێکجاریش بەو شێوەیە لە پاشنوێگەری دەڕوانرێت کە درێژبووەوەی مۆدێرنە بێت، واتا قۆناغێکی مێژوویی پاش مۆدێرنە بێت، ئێمە لەم وڵاتەدا، نە ئەدەبیاتێك، نە تەلارسازییەك، نە فەلسەفەیەك نابینینەوە پێی بووترێت پاشنوێگەری، واتە پاشنوێگەری بوونێکی نائامادەی هەیە، تەنانەت دەستەواژەی پاشنوێگەری لە زمانی فەرەنسیدا بە هەڕمێن وەرنەگیراوە، بە پێچەوانەی زمانی ئینگلیزی و ئەو زمانانەی ترەوە کە بەو دەستەواژانە کاریگەر بوون، سەرەڕای دەرچوواندنی ئەو کتێبەی فرانسوا لیوتاریش بە ناوونیشانی (دۆخی پۆست مۆدێرن) کە لە ساڵی ١٩٧٩ بڵاوی کردەوەو یەکێك بووە لەو کتێبە دانسقەو دەگمەنانەی لە بڵاوکردنەوەی ئەم چەمکەدا ڕۆڵێکی باڵای گێڕاوە، بە تەواوی پێچەوانەکەی ئەم بۆچوونەوە، ئەوەی دەشێت لەسەر زمانی دژکارلێك بووترێت، زێدەڕۆیی نییە ئەگەر بێت و بڵێین زۆرترین بانگەشەکارانی چەمکگەلی نوێبوونەوەو پاشنوێگەری لە ناو نووسەرانگەلی زمانی عەرەبی پێکدێن، یان کاتێ دەوترێت چەمکی نوێگەری چەمکێکی تەمومژی فرە دەلالەتەو ڕەوت وسنووری بوارەکانی بوونی مرۆڤایەتی بەگشتی دەتەنێتەوە، هەروەها کاتێ دەوترێت شتەکان بە دژکارلێکەکانیانەوە باشترو ڕوونتر بەدەردەکەون، بەڵام ئەم لێکچواندنە لەو کاتانەدا ڕاست دەرناچێت ئەگەرهاتوو هەندێکجار لە بەراوردکردنەکەدا دژلێکەکە ئاڵۆزتر بێت لەو توخم و ڕەگەزو چاوگەی کە لە بەرانبەری دادەنرێت..

ئەمەمان زیاتر بۆ ڕووندەبێتەوە کاتێ ڕوانینەکانمان چڕتر دەکەینەوە بۆ هەوڵەکانی دیاریکردنی بەراوردکردنەوەی چاوگەکان بە دژەکانی خۆیان، ئەوەتا بەلای بیرمەندانێکەوە ئەم بەرابەر وەستاندنەوەیە بۆ خۆی بەرابەربوونەوەی سکوونە بە بزاوت، سانکرۆنییە بە دیاکرۆنی ـ بە لای هەندێکیشەوە بەرابەربوونەوەی نوێگەری و تازەگەری لەبەریەکوەستانەوەی نموونەی باڵایە بە وەدیهاتووی فیعلیی، بە تایبەتی ئەو شتانەی لە وەدیهاتووەکەدا کەموکورتین، لە هەندێك جاریشدا ئەم بەراوردکارییە دەبێتە بەراوردکردن لە نێوان مەبەست لە لایەك و لەو لاکەی تریشەوە ئامانج لە سەیرورەتی وەرچەرخاندا، یان تەنیا بەرابەربوونەوەی بەرچاو (عەینی) و پەتییە (موجەڕەد)..

کارەکەش بە تەنیا لەم ئاستەدا ناوەستێت، هەن لەبری ئەوەی نوێگەری بخەنەوە ئەستێڵکی بونیادو قۆناغی مێژوویی خۆیەوە، ئەوا لەبەرانبەر تازەکردنەوەدا ڕایدەگرن، بەو شێوەیە لەمەدا نە مەبەست و نە ئامانج و نە نموونەی وەدیهاتووی فیعلی و نە پەتی (موجەڕەد)ی گشتییە، نە بەرچاوە (عەینی) تایبەتمەندەکەیە، هیچیان نابنە سەیرورەیەك بۆ وەرچەرخان، بەڵکو هەر لە دەسپێکەوە بەرانبەرکەوتنەوەکە لە چوارچێوەی سۆسۆلۆژیای پەرەپێدان ڕوویدا کە لە پەنجاکانی سەدەی ڕابردوودا لە جیهانی ئەنگلۆسەکسۆنیدا چەمکی تازەگەری تاوی سەندووە، لەم ڕووەوە هەندێك کەس ئاماژە بەو بۆچوونانەی هابرماس دەدەنەوە کە لەم بارەییەوە پێداگرتوو بووە لەسەر داماڵینی وتەزای نوێگەری لە هەموو باکگراوەندێکی فیکری و تخووب و مەسلەمەیەکی فەلسەفی، و لە چوارچێوەی سۆسیۆلۆژیای خۆکردیدا،

سروشتێکی ئۆرگانی وەزیفەوی پێبەخشیوە، ئەمەش بە پێی تێڕوانینی پەرەسەندن و گەشەدان و دوور لە هەموو ئاسۆیەکی ڕوونی فەلسەفیانە، ئەم واتایە ئاڵۆزتر دەبێتەوە بە لای ئەوانەی هەوڵ دەدەن نوێگەری دیارییبکەن بە خستنە بەرابەری لەگەڵ پاشنوێگەریدا، واتا بە وشەی پاشەتر ی مەبەستدارەوە ئاڵۆزتر خۆی دەنوێنێ، هەندێك لە مشتومڕیاندا لە نێوان پاشنوێگەری و نوێگەری پاشەترەکەدا جیاوازی دەکەن، لەسەر ئەو بنەڕەتەی پاشنوێگەری هەر درێژبوونەوەی قۆناغی نوێگەرییە بە فراوانبوونی بازنەی دەسکەوت و بەرجەستەبوونەکانیەوە، واتە چەمکی عەقلانیەتەکەی هێندە فراوان دەبێتەوە تا ناعەقلانی بوونیش بگرێتەوە، چەمکەکانی توانای مرۆیی هێندە بەرین دەبێتەوە تا وەهم و ئەندێشەسازیش بگرێتەوە..تاد

وەك ئەوەی پاشنوێگەری بەلایانەوە بریتی بێت لە نوێگەرییەکی قووڵترو بەرجەستەبووتر، چونکە بە مروونەت ترو بەتواناتر بووە لەوەی دژلێکەکانی خۆی بخاتە ژێر باڵی خۆیەوە، لەمەشدا بە ڕوانینی ئەو کەسانە هەمیشە خەسڵەتی نوێگەری بە بەردەوامی دادەبڕێنرێت لە زاتی خۆی، لەمەوە پاشنوێگەری دروستکارو دیاریکاری نوێگەری دەبێت، نوێگەریش کۆچکردنێکی بەردەوامە، وەك ئەوەی لە تواناماندا نەبێت لە نوێگەری زیاتر بڕۆین، مادام پاشنوێگەری بووەتە ناوەڕۆکی بزاوت و جووڵانەوەکەی.

ئەم کارە تەواو پێچەوانە دەبێتەوە بە لای ئەوانەوەی نوێگەری بە پاشنوێگەری بەراورد دەکەنەوە، لەمەوە بە پێی پاشترەکە وا تەماشای نوێگەری دەکرێت وەك ئەوەی تەقلیدیێ بێت، بەڵام هەر زوو بە لای ئەوانەوە هەردوو پاشترەکەی نوێگەری تێکەڵاو دەبن، پاشتری فەلسەفی و پاشتری زەمانی، ئەو کاتە بە ڕوونی نازانین داخۆ پاشنوێگەری تێپەڕێنراوێکی فیعلی نوێگەرییە یان نا، بەو پێوەرە بێت ئایا ئەمە تەقلیدێکە لە چاو پێشووتریدا یان قووڵبوونەوەی ڕێچکەی نوێگەریی خۆیەتی، یان گێچێکی پێوانەی خێراییە بۆ نوێگەری، بە واتای بەردەوامیدانە بە لۆژیکی نوێگەری و قووڵایی ڕەهەندەکانی، بەوەی وەك ڕەخنەگرتنێکی بەردەوام و تێپەڕێنراوێکی بەردەوامی زاتی خۆی بێت، لە بنەڕەتەوە ئەوەی ڕوون بێت لێرەدا جیاوازییەکە لەنێوان هەردوو شێوازەکەی پاش و واوەتر نییە، بەڵکو لە نێوان دوو تێگەیشتنە لە نوێگەرییە، یەکەمیان پێی وایە دابڕانەکە مەرج نییە دیاریکاری نوێگەری بێت، چونکە ئەوەیش خێرا، لەو کاتەدا کە پاشنوێگەری دێتە ئاراوە دەبێتەوە بە تەقلیدێك، دووەمین تێگەیشتن پێی وایە مادامەکی نوێگەری بە دابڕانێکی بەردەوام ئەژمار دەکرێت، هەرچی پاشنوێگەرییە دەبێتە نوێگەری نوێبوونەوە.

لەوە ناچێت دیاریکردنی نوێگەری بە بەراوردکردنەوەی لە بەرامبەر چەمکەکانی هاوبەرانبەری خۆیدا بتوانێت کاری دیاریکردنەکە ئاسان بکات بۆمان، چونکە بە خێرایی لە ژێر قورسایی چەمکگەلێکدا ژێر لم و نغرۆ دەبین کە بەمەش زەحمەتە لێك جیاکردنەوەیان لە یەکتری، کەواتە بۆ ئاوڕ لەو میتۆدە فەرەنساوییە نەدەینەوەو زۆر بە دوای چەمکگەلی تردا خۆ ماندوو نەکەین، ئەگەر بێت و نوێگەری بە مانا بۆدلێری - نیتچەوییەکە وەربگرین ئەو کاتە لە جەوهەردا پاشنوێگەرییەکەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە، خۆیشمان لە بەرانبەر دوو هەڵوێستدا دەبینینەوە:

> **هەندێکجاریش بەو شێوەیە لە پاشنوێگەری دەڕوانرێت کە درێژبووەوەی مۆدێرنە بێت، واتا قۆناغێکی مێژوویی پاش مۆدێرنە بێت، ئێمە لەم وڵاتەدا، نە ئەدەبیاتێک، نە تەلارسازییەک، نە فەلسەفەیەک نابینینەوە پێی بووترێت پاشنوێگەری**

هەڵوێستێکی میزاژی مێژووییانەی وەسفکارو شرۆڤەکاریی ساردی ڕاپۆرتئاسایە کە خۆی بە کنەو پشکنین و سیما ناسییەوە مژووڵ دەکات، لە بەرانبەر هەڵوێستێکی دژلێکیدا کە بەو چەشنە لە نوێگەری دەڕوانێت وەك ئەوەی ستراتیژ بێت و سەردەمی نوێگەریش بەو واتایە تەماشا دەکاتەوە کە هاوشێوە وەك ئەوەی هایدگەر ناساندویەتی، بەوەی سەردەم ماوەیەکی زەمەنییە لە نێوان دوو مێژوودا، کە بە هۆیەوە واتاکانی پێوەندییەك لە نێوان ڕابردوو و داهاتوو دەتەقێنێتەوە، ئەو کاتە لە بەراوردکاریدا پێویستیمان بە هودنە دەبێت، هەر سەردەمێکیش بە نیسبەت مرۆڤەوە پێویستی بە جیهانێکی تازەیەو مرۆڤ ڕایەڵەکانی ئەو پێوەندییە تازەیەی جیهانی ڕابردوو و ئەوەی داهاتووش دەدۆزێتەوە..

لێرەوە نوێگەری هەڵوێستێکی خەباتگێڕانەیە و لە ئاگابوونی بە بزاوتێکی دابڕاوەوە بونیاد دەنرێت، نەك تەنیا بە هۆی زەمەنەوە، بە لکو زیندەبۆیە ( کائن)کە بونیادی دەنێت، بە شێوەیەك زیندەبۆ وەك ئەو ڕەگەزە پێکەوە بەستراوە نامێنێتەوە لەسەر ئاستەکانی مەعریفی و کۆمەڵگەیی دروست بوو بێت، بەڵکو لە ناو پێگەکانی گونجاوی ناواخنی خۆیدا پەرت پەرت دەبێت و هەموو ڕەقییەکی دەبێتە هەڵم، کەواتە نوێگەری شێوازێکی پێوەندییانەی لەرزۆکە لەگەڵ ئێستادا، هەڵبژاردنێکی بە ئاگاییانەیە، چەشنە بیرکردنەوەو هەستەوەرییەکە، ڕێگەیەکە بۆ هزراندن و ڕەفتارێکە کە پێویستە هانای بۆ ببرێت، ستراتیژیەتێکی تێکۆشانە لە بەرانبەر ستراتیژیەتە هاودژەکانیدا کە بە هێزی تەقلیدەوە خۆیان دەنوێنن، تەقلیدیەت بەردەوام بەرگری لە خۆی دەکات، فێڵزانانە خۆی دەگونجێنێت و بە هەزار شێوە دەمامك لەسەرڕوخساری خۆی دادەنێت تا هەموو دواندن و ئاخاوتنێك لە ناوەڕۆکی خۆی بەتاڵ بکاتەوە.

ئەوەی نوێگەری لە هەموو ڕەهەندەکانییەوە جیا دەکاتەوە ئەم تەنەکور کردنەیەتی لە زات، ئەم ئاستەنگدانان (عقوقیەت)ەیە، ئەم هەوڵەیەتی بەرەو دژلێك بوون، ئەم مەیلەیەتی بە ناڕازی بوون، لێرەدا مەبەستمان نییە بەو شێوەیەی کە نوێگەری هزرو ڕەخنەی لێك گرێ داوە یان بۆ زانینی بونیادی مەعریفەو بوون تەوەجوس و دڵەڕاوکێی (ئیرتیاب) هەیە، بەڵکو بە دیاریکراوی لێرەدا نوێگەری بزاوتێکی ڕەوش و مێژووی ناڕازیی بوونە لە خودی خۆی، ناڕازییە لە دامودەزگا سیاسییەکانی، ناڕازییە لە دەسکەوتە تەکنیکی و زاڵبوونە فەلەکییەکانی ناڕازییە لە زاڵبوونە مەعرفییەکانی خۆی، ئارام نییە لە بەرانبەر ئەو چەمکانەی بۆ تاکگەری بەرجەستەی کردبوونەوە، مورتاح نییە لەو مانایانەی بۆ ئازادی دایڕشتونەتەوە مورتاحیش نییە بەو بەرجەستە بوونە عەقڵییانەی دایناون هەروەها بەو چۆنایەتیەی دیموکراتیەتی لەسەر بینا کراوە، بەو شێوازانەش ڕازی نییە کە بۆ بەرجەستەکردنەوەی مافەکان دایناون، کەواتە بزاوتێکە لە سکوندا لەنگەر ناگرێت، ناحەوێتەوەو قەناعەت بە خۆی ناکات و نایەتە قەناعەتهێنانیش، ئەو بەردەوام لە دواترو پاشەوەتر دەڕوانێت و هەمیشە نوێگەری نوێبوونەوەیە.